# ترەمپ گەڕایەوە کۆشکی سپی: لێکەوتەکانی بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**گەڕانەوەی ترەمپ چی دەگەیەنێ؟**

دۆنالد ترەمپ بۆ جاری دووەم دوای دابڕانی بۆ ماوەی چوار ساڵ، جارێکی تر لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گەڕایەوە کۆشکی سپی، بەڵام ئەم جارەیان هەر لەسەرەتاوە بەبەهێزی گەڕایەوە. لەسەروو هەموویانەوە ئەجێندایەکی 922 لاپەڕەیی وەک دیدگای چۆنیەتیی حوکمکردن بۆ چوار ساڵی داهاتووی لەبەردەستە لە کتێبێکدا بە ناوی پرۆژەی ڕێگەپێدانی سەرکردایەتی 2025، کە لەلایەن 34 نووسەرەوە لە بوارە پەیوەندیدارە جیاجیاکانی حوکمڕانیی ئەمریکا دانراوە، کە دەبێ ئەمریکای ئاییندە چۆن بێ؟

ئەو بەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی 2016 سەرکەوتووتر بوو. خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی (2017 – 2020) لە کۆی 538 دەنگی ویلایەتەکان توانیی 306 بەدەست بێنێ، بەرامبەر بە 232 دەنگ بۆ هیلاری کلینتۆن؛ لەسەر ئاستی دەنگی هاووڵاتیانیش توانیی نزیکەی 63 ملیۆن دەنگ بەدەست بێنێ، بەرامبەر بە 66 ملیۆن دەنگی هاووڵاتیان بۆ هیلاری کلینتۆن. ترەمپ لەو هەڵبژاردنەدا بە دەنگی ویلایەتەکان بردییەوە، هیلارییش بە دەنگی هاووڵاتیان لە نزیکەی 3 ملیۆن دەنگ لەپێش ترەمپەوە بوو؛ بەڵام لە هەڵبژاردنی 2024 توانیی لە کۆی 538 دەنگی ویلایەتەکان، 312 دەنگ بەدەست بێنێ، بەرامبەر بە 226 دەنگ. لەسەر ئاستی هاووڵاتیانیش ئەم جارە ترەمپ توانیی زیاتر لە 73 ملیۆن دەنگ بەدەست بێنێ، بەرامبەر بە زیاتر لە 70 ملیۆن دەنگی هاووڵاتی بۆ هاریس.

لەو بارەیەوە پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئایا لەسەر ئاستی پرۆسەی بەرەنجامی هەڵبژاردن لە نێوەندی هەردوو ڕەهەندی دەنگی ویلایەتەکان (538) و دەنگی هاووڵاتیان، ئاماژەکە چیمان پێ دەڵێ؟ ترەمپ لەو بارەیەوە لەسەر هەردوو ئاستی دەنگی ویلایەتەکان و دانیشتووان پێگەی لە جاری پێشووی سەرۆکایەتی بەهێزترە: لەسەر ئاستی ویلایەتەکان توانیی 6 دەنگ زیاتر لە هەڵبژاردنی پێشوو بەدەست بێنێ، دەنگەکانیشی لەسەر ئاستی دانیشتووان، زیاترە لە 10 ملیۆن لەوەی پێشووتر؛ کەواتە جاری پێشوو وتیان: ترەمپ بە دەنگی ویلایەتەکان بردییەوە، بەڵام هاووڵاتیان زیاتر هیلارییان لا پەسەندتر بوو، بەڵام ئەم جارە لەسەر هەردوو ئاستەکە ترەمپ بردییەوە.

**هەر لەو ڕوانگەیەوە، دەکرێ پرسیارێکی تر بکەین: ئایا بە گەڕانەوەی ترەمپ هیچ لە سیاسەتەکانی، گۆڕانکارییان بەسەردا دێت؟ ئەگەر گۆڕانکاری هەیە، ئاماژەکانی چین؟**

لەو بارەیەوە دەتوانین جەخت لەسەر چەند ڕەهەندێک بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیە بکەین، لەوانەیش:

- لە سەردەمی ئەودا هیچ هاوکێشەیەکی جەنگ لەسەر ئاستی ئۆکراینا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

نەبوو.

- قەیرانە ئابوورییەکان، بەدەر لە کاتی کۆرۆنا، ئەوەندەی ئێستا کاریگەر نەبوون.
- هێرشەکانی سەر ئیسرائیل بەو شێوەیەی ئێستا ئەوەندە کاریگەر و زۆر نەبوون.
- هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو هەڵکشان نەدەچوون، هەروەک ئەوەی کە ئێستا هەیە.
- چین و ڕووسیا و ئێران ئەوەندە کاریگەرییان نەبوو لەسەر ناوچەکە و، پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان زۆر دیاریکراو بوون.
- کاریگەریی پێگەی ئەمریکا بەرەو لاوازی دەچوو؛ تەنانەت هەندێ جار باس لە کشانەوەی هێزەکانیش دەکرا.
- سیاسەتی ئەمریکا لە سەردەمی بایدن تەواوکەری بەرنامە و ئەجێندای ترەمپ نەبوو، بەڵکوو لە زۆر بواردا جودا و پێچەوانە بوون؛ هەر بۆیە ئەوەندەی کە بایدن لە هەوڵی ڕاستکردنەوەی ڕەوتی سیاسەتەکانی ترەمپدا بوو، ئەوەندە ئەڵقەیەکی تەواوکار نەبوو. لەبەر ئەوە جۆرێک لە خولانەوە لەناو یەک بازنەدا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبوو و هیچ بەرەنجامێکی ئەوتۆیشی لێ نەکەوتەوە؛ تا ئەو ئاستەی کە خودی هاوپەیمانانی ئەمریکایشی دووچاری نائومێدی کرد.
- هێرشەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سەردەمی بایدن ڕوویان لە زیادبوون کرد؛ تا ئەو ئاستەی کاریگەرییان لەسەر هەیبەتی هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە کرد. هەر بەوەیشەوە نەوەستان بەڵکوو پەلاماری هاوپەیمانە ستراتیژییەکەیشیان دا کە "ئیسرائیل"ە. ئێستا ڕۆژانە بە سەدان مووشەک و درۆن ئاڕاستەی ئیسرائیل دەکرێن؛ کە ئەمەیش بۆ ئەمریکا هەر لە سەردەمی "نیکسۆن"ەوە بە هێڵی سوور دانراوە.

**ئایا ترەمپ چۆن دەتوانێ ئەو بارودۆخە لاسەنگە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاست بکاتەوە؟**

لەو بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند ڕەهەندێک بدەین، لەوانەیش:

- لە ستراتیژییەتی جێبەجێکردنی پرۆژەی 2025 لەلایەن کۆنسێرڤاتیڤەکانەوە، چوار بەڵێن بە هاووڵاتیانی ئەمریکا دراوە: **یەکەم**، گەڕانەوە و پاراستنی خێزانی ئەمریکییە و، دەبێ ئەو پێگەیەی بۆ بگەڕێتەوە، کە سروشت پێی داوە و، تەواوی بیر و ئەجێندای فیمینیستەکان ڕەت دەکەنەوە، چونکە بە لای ئەوانەوە دیموکراتەکان خێزانی ئەمریکییان بەرەو هەڵدێر بردووە. **دووەم**، سەرلەنوێ بنیاتناوەی حکوومەتی ئەمریکا و پشتئەستورکردنەوەی بە گەلی ئەمریکا؛ لەو بارەیەوە چەندان دامەزراوە لا دەبەن و چەندی دیکەیش بنیات دەنێن و بیرۆکراتییەت (ڕۆتینیات)یش ناهێڵن. **سێیەم**، بەرگریکردن لەسەروەریی گەل و سنوورەکانی؛ دروشمی ئەو گۆڕەپانەیش یەکەم جار بەرژەوەندیی ئەمریکایە. ئەمەیش پێویستیی بەوە هەیە کە دەبێ سەرلەنوێ ئەمریکا کۆنترۆڵی دونیا بکاتەوە و بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا زاڵ ببێ و هاوپەیمانێتیی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقا و لاتین دروست بکاتەوە؛ هەروەها لە ستراتیژییەتەکەدا هاتووە کە دەبێ ئەمریکا سەرلەنوێ هاوسەنگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە. هەر بۆیە دەبێ جارێکی تر سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ دونیا بگەڕێنرێتەوە. **چوارەم**، گەرەنتیی مافی هاووڵاتیان و چێژوەرگرتنیان لە ئازادی؛ ئەمەیش تەواوی بوارەکان دەگرێتەوە: ئابووری، زانست، فێربوون و پەروەردە، کار و هتد.

کەواتە خاڵی سێیەم ئەو بەڵێنە ستراتیژییەیە کە کۆنسێرڤاتیستە نوێیەکان بە هاووڵاتیانی ئەمریکایان داوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش تەوەرەی سەرەکییەتی.

- گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پاراستنی لە مەترسی و هێرشەکان.
- کۆتاییهێنان بە هاوکێشەکانی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و دیدگەی ستراتیژی ئیسرائیل.
- ئەوپەڕی گوشارخستنە سەر ئێران و کەمکردنەوەی هەژموونی لە ناوچەکە. بۆ ئەو مەبەستەیش لەم قۆناغەدا تیۆریی جەنگکردن لەگەڵ هەشتپێ پەیڕەو دەکەن؛ بەوەی کە لە دوو هەڵمەت تێپەڕ ناکات: یان دەبێ بە یەک لێدان سەری هەشتپێیەکە پان بکرێتەوە و لەناو ببردرێ، یان دەبێ پێیەکانی ببڕدرێن و هەشتپێیەکە لەهێز بخرێ. ئەودەمیش سەری هەشتپێیەکە بێبەها دەمێنێتەوە و کاتێکی زۆری دەوێ تا پێیەکانی وەک جارانی لێ دێنەوە. کەواتە سیناریۆی یەکەم لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە دژ بە ئێران پەیڕەو ناکرێ و، ڕووخاندنی سیستەمەکە لە لای ئەوان بژاردەی یەکەم نییە. ئەوەی ماوەتەوە ڕای دووەمە؛ دەبێ ئێران لە گرووپە وەلائییەکانی بخرێت، ئەویش تەواو لاوازکردنیان، کە نەبنە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەو پرۆسەیەیش بە "حەماس" دەستی پێ کرد و "لوبنان"یش خەریکە تەواو دەبێت و ئێستایش سەرەی سووریا و عێراق و یەمەنە. لە بەرامبەریشدا مانەوەی ڕژێمی حوکمڕان لە ئێران وەک گەرەنتییەک بۆ کۆماری ئیسلامی دەخرێتە ڕوو؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بەردەوام دەبن لە نەهێشتن بۆ دەستگەیشتنە چەکی ناوکی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.
- لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بەرەوپێشچوون هەبوو لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ ئیسرائیل، لەسەر ئاستی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا، بەتایبەت ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی کە دراوسێی ئیسرائیلن. ئەوە بوو، چوار دەوڵەت پەیوەندییەکانیان ئاسایی کردەوە. هەر بۆیە ئەو پرۆسەیە بۆ باڵادەستیی ئیسرائیل لە ناوچەکە بەردەوام دەبێت. بۆ پەیڕەوکردن و بەجێگەیاندنی ئەو ستراتیژییەتەیش "ستیڤن ویتکۆف"ی کردۆتە نێردەی تایبەتی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دڵسۆزێکی ترەمپ و سەرمایەدارێکی ناودار و دۆستێکی دڵسۆزی ئیسرائیلیشە، چونکە هەر خۆی لە بنەڕەتدا جوولەکەیە.
- جەخت لەسەر ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتیی نوێ بۆ مسۆگەرکردنی هەژموون و سەرکردایەتی و بەرژەوەندییەکانی دەکاتەوە.
- دابەزاندنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا.
- بوونی ستافێکی یاریدەدەر لەسەر ئاستی حکوومەتەکەی ترەمپ، کە لەگەڵ ئەجێندای ئەو دەگونجێن و لەلایەن زۆرێک لەوانەوە تەنانەت پرۆژەی 2025 نووسراوەتەوە. کەواتە لەسەر ئاستی ئەجێندا و ستافی یاریدەدەر هەماهەنگی هەیە.
- سیستەمی سیاسیی ئەمریکا لەم قۆناغەدا و تەنانەت تا دوو ساڵی تر، یەکانگیریی تەواوی هەیە؛ بەوەی کۆمارییەکان بەسەر تەواوی سیستەمەکەدا زاڵن: حکوومەتی فیدراڵ، ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنی نوێنەران.
- هەماهەنگیکردنی تەواو لەگەڵ بکەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە، وەک: میسر، عەرەبستانی

سعوودی و تورکیا.
- سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە "گرێبەستی سەدە" لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان.

لەو نێوەندەدا دوو دەوڵەت ئاستەنگن لە بەردەم ستراتیژییەتی ئەمریکا و هەژموونی ئیسرائیل: ئێران و عێراق. ئاخۆ دەبێت ترەمپ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا بکات، کە هەردووکیان جۆرێک لە هەماهەنگییان لەگەڵ چین و ڕووسیادا هەیە؟ بەتایبەت ئێران کە دەوڵەتێکی کاریگەرە و هەژموونی بەسەر نیمچەدوورگەی عەرەبیدا هەیە و مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هێناوەتە ئاراوە.

**مامەڵە لەگەڵ ئێران هەستیارە**

هەستیارییەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە لایەک هەژموونی هەیە و لە لایەکی تریشەوە ڕووخانی ڕژێمەکە ئاسان نییە و کاردانەوەی خراپی لەسەر ناوچەکە دەبێت؛ هەر بۆیە کار لەسەر ئەوە دەکەن بەرامبەر ئێران کە هەژموونی کەم بکەنەوە و هاوسەنگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕنەوە و چیدی توانای مەترسیی بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەبێت. ئێستا ئەمریکا و ئەوروپا زیاتر لە 1500 جۆری سزایان بەسەر ئێراندا سەپاندووە؛ واش چاوەڕوان دەکرێت کە ترەمپ زۆر لە بایدن توندتر بێ لە دژی ئێران؛ کاریش لەسەر ئەوە دەکات کە چالاکییەکانی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران تەواو کەم بکرێنەوە و جێی بایەخ نەبن، ئەویش لە ڕێگەی گەمارۆدانیان و وەشاندنی لێدانی جەرگبڕ لێیان، تا توانای هەستانەوەیان نەبێت. ئێرانیش ئەو توندییەی جارانی بەرەو خاوبوونەوە بردووە، هەر بۆیە لەو بارەیەوە سەرۆک پزیشکیان ڕای گەیاند: "پێویستە لەگەڵ دۆستەکانمان بەبەخشندەییەوە مامەڵە بکەین و لەگەڵ دوژمنەکانیشمان ئارام بین." بڕگەی دووەمی لێدوانەکەی، مەبەستی ئەمریکا بوو. لە لایەکی تریشەوە ترەمپ پێ دەچێ کەمێک زیاتر لە بایدن دەستی ئیسرائیل بۆ لێدانی ئێران واڵاتر بکات.

**بەڵام پێ دەچێت ترەمپ بەرامبەر ئێران ئەم سیاسەتانە بگرێتە بەر:**

- زیاتر جەخت لەسەر گوشار و تەنگپێهەڵچنین دەکاتەوە؛ بەوەی لەو بارەیەوە کەمترین پانتایی بۆ دیپلۆماسییەت هەیە.
- ئەوپەڕی گوشارخستنە سەر ئێران، تا سازش بکا و دەست هەڵبگرێ لە چەندان پێگە و ناوچەی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک لە فەلەستین، لوبنان، سووریا، عێراق، یەمەن و کەنداوی عەرەبی. ئەو مامەڵەیەش بەرانبەر بە مانەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێستایە لەسەر تەختی دەسەڵات، کە هیچ مەترسییەکی ئەوتۆی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل نابێ، بەڵکوو لە پەیوەندیشدا دەبێت لەگەڵیاندا.
- بەمەرجکردنی هاوکارینەکردنی ئێران بۆ گرووپە وەلائییەکان.
- کەمکردنەوەی دەرچەکانی عێراق بۆ بارسووککردنی گەمارۆکان؛ عێراق لە سەردەمی دیموکراتەکان زیاتر هاوکار بوو بۆ ئێران وەک لە سەردەمی ترەمپ خۆی.
- هەوڵدان بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران لەسەر چەکی ناوەکی؛ ئەوەیش بۆ ئێران بژاردەیەکی گونجاو و باشە بۆ ئەم قۆناغە، پێ دەچێ مەرجەکانی، لەوەی جاران قورستر و مەحاڵتر بن بۆ سەر ئێران؛ بەڵام ئێران لە پێناو مانەوەی ڕژێمی حوکمەکەی، دوور نییە ئاسانکاری بکات و لە

ئاکامدا ڕازی بێت، چونکە سیاسەتی ئێران ئەوەندەی پراگماتیستە، ئەوەندە باوەڕ و عەقیدەیی نییە.

- لە پەرچەکرداری ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ئەمریکا و ئیسرائیل زۆر بەتوندی و بێبەزەییانە وەڵام بدرێتەوە، تا ئێران چیدی بوێریی هەنگاوی زیاتر نەکات.
- کپکردن و لەباربردنی هەر هەوڵێک لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن بەتوندی، کە ببنە پاڵپشت و هەڵمەتی پرۆکسی بۆ ئێران دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا؛ نەک هەر لەسەر ئاستی گرووپەکان، بەڵکوو تەنانەت لەسەر حکوومەتەکانیش.
- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران بەسەر عێراقەوە؛ بەو مانایەی کە عێراق لە خولگە (مەدار)ی سیاسەتی شوێنکەوتەیی بۆ ئێران، وەرچەرخێ و بەرەو کەنداو و خولگەی ستراتیژییەتی ئەمریکا بەتەواوی هەنگاو بنێ. ئەو هەنگاوەیش کە وەدەرنانی ئێرانی لە عێراق لێ بکەوێتەوە، واتە تەواو لاوازبوونی هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ چونکە عێراق واتە بڕبڕەی پشتی ستراتیژییەتی ئێران لە ناوچەکە لە هەموو ڕوویەکەوە.

**کەواتە عێراق لە دووڕیانێکی وەرچەرخانی خۆیەکلاکەرەوەدایە: یان ئێران یان ئەمریکا**

ئەمە کرۆکی قۆناغی نوێی سیاسەتی حوکمڕانییە لە عێراق. ئەو قۆناغەیش دەبێ لە ساڵی 2025 حکوومەتی عێراقی خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئەوەیش دەبێ لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ساڵی 2025 تەواو یەکلایی ببێتەوە؛ بەوەی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران، دەبێ کەمترین بەشداری و کاریگەرییان لەسەر حکوومەتی نوێی عێراق هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەیش هەنگاوەکان لەلایەن سوودانییەوە هەر لە ئێستاوە دەستی پێ کردووە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق، ئەویش بە چەند قۆناغێک دەبێت:

- هەوڵدان بۆ تێوەنەگلانی عێراق لەو هاوکێشانەی جەنگ کە ئێستا لە نێوان ئیسرائیل و لوبنان و سووریا و یەمەن هەیە و بەناڕاستەوخۆیش لەگەڵ ئێران، لە هەوڵدایە عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی هاوکێشە و ململانێکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەت ئێران و ئیسرائیل و تورکیا. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراقیش لە سەروبەندی سەردانەکەی بۆ تورکیا و ئێران جەختی لەسەر هەمان بابەت کردەوە.
- لەقاڵبدانی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران. لەو ڕووەوە سوودانی تەواو لە گوشارەکانی ئەمریکا لە دژی ئەو گرووپانە سوودمەند بووە؛ گرووپی موقاوەمەی عێراقی نەبێت، ئەوانی تر هێرشەکانیان لە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕاگرتووە، ئەویش لە پێناو مانەوەی خۆیان لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی و حکوومەت.
- داماڵین لە چەک و سنووردارکردنی چالاکی و پێگە و هێنانەوەیان بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکوومەت. لەو بارەیەشەوە بانگەشەکەی مەرجی شیعەکانی عێراق، عەلی سیستانی، لە قازانجی ئەو بوو، کە بەڕاشکاوی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، دەبێت حکوومەتی عێراقی خۆی لە تێوەگلان لە جەنگ بپارێزێت و چەکیش دەبێت تەنیا بەدەستی حکوومەتەوە بێت.
- هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بوودجە و مووچە لەگەڵ هەرێمی کوردستان؛ چونکە عێراق بەبێ هەرێمی کوردستان هیچ سەقامگیرییەک بەخۆیەوە نابینێت. ئەمەیش لە بەرژەوەندیی سوودانی نییە، بەتایبەت کە وەک هاوپەیمان مامەڵە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات؛ بەتایبەتتر بۆ قۆناغی داهاتوو کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی 2025 ئەوەندەی نەماوە.

- قۆناغێکی زێڕینە بۆ سوودانی؛ بەوەی پێش وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، بەرەیەکی سیاسی بۆ خۆی ئامادە بکات و بەو تەماحەی کە زۆرینەی پەرلەمان بەدوور لە هەژموونی ئێران پێک بهێنێ، یان کەمترین کاریگەریی ئێرانی لەسەر بێت، چونکە ئەو هەوڵەی سوودانی لە کاتێکدایە کە گرووپە وەلائییەکان کەمترین جووڵەی سیاسییان لەسەر ناوچەکە و عێراق هەیە و، لەژێر گوشارێکی زۆری ئەمریکادان، کە توانای هەڕەشەیان ئەوەندە نییە لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان.
- هەر لە ئێستاوە حکوومەتی عێراقی و سەرۆکایەتیی دەوڵەت، لە هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ ئەمریکا بەرەو باشتر و گەشەسەندووتر. ئەو گوتارە سیاسییەیش لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی عەبدوللەتیف ڕەشید و سوودانی بەڕاشکاوی دەرکەوت.

**بەڵام کارەکە لێردا تەواو نابێت**

چەند گرفتێک هەیە؛ بەوەی عێراق بیسەلمێنێ کە بەنیازە خۆی لە هەژموونی ئێران قوتار بکات، یان کەمترین هەژموونی بمێنێ، یان کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسیی عێراقەوە نەبێ، بەتایبەت لەسەر ئاستی دادگەی باڵا و حکوومەت و پەرلەمان، کە ئێستا هەرسێکیان بە ئاماژەی ئێران جووڵە دەکەن، گرفتی وەک:

- **بڕەودان بە پەیوەندی لەگەڵ تاوانبار**

دوای ئەوەی بە فەرمانی ترەمپ لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 2020، سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی بە ناوی ئەبو موهەندیس و سەرکردەی هێزەکانی سوپای قودسی ئێران قاسم سولەیمانی، کوژران؛ پاش ئەو ڕووداوە، دەسەڵاتی دادوەریی عێراقی بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی، ترەمپی بە "تاوانبار" ئەژمار کرد و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکرد. ئەو بڕیاری دادگەیەیش لەلایەن خودی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە خوێنرایەوە و گرنگییەکی بێشوماری پێ درا. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئایا حکوومەتی عێراقی چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات؟ ئەو بڕیاری دەستگیرکردنە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە دەرکراوە و قابیلی ڕەتکردنەوە نییە و حکوومەتی عێراقیش توانای جێبەجێکردنی نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە لەبەر بەرژوەندیی باڵای عێراق، دەبێت لە دوو هەڵوێست، دەسەڵاتی دادوەری یەکێکیان هەڵبژێرێ: سزاکە سڕ بکات تا کاتی تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیی ترەمپ. ئەمەیش ئاسان نییە، چونکە لە یاسای سزادانی عێراقی هیچ دەسەڵاتێک مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی نییە، بێجگە لە دەسەڵاتی دادوەری یان دامەزراوەیەکی سەروو خۆی نەبێت، ئەویش بەپێی ماددەی 94 لە یاسای بنەماکانی دادگەییکردنی سزای عێراق ژمارە 23 ساڵی 1971.

لەوەیش زیاتر ئەوەیە کە عێراق ببێتە ئەندام لە ڕێککەوتننامەی ڕۆمای تایبەت بە دادگەی سزادانی نێودەوڵەتیی ساڵی 1998. ئەوجا بەپێی ماددەی 6 لەو ڕێککەوتننامەیە عێراق دەتوانێ داوای ڕێوشوێنی یاسایی لە دادگە بکا دەرهەق بە ترەمپ، چونکە ئەو کاتە سەرۆکەکان هیچ پارێزبەندییەکیان لە بەردەم دادگە نێودەوڵەتییەکە نامێنێ؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی ئەوانەی کوژراون، لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان.

کەواتە ئەوەندە نەبێ کە حکوومەتی عێراقی و دەسەڵاتی دادوەرییەکەی دووچاری هەڵوێستی ناتەبایی دەبێت.

لەوە زیاتر هیچیان پێ ناکرێ و ناتوانن؛ ئەگەر ترەمپیش بە سەردانی فەرمی بێتە عێراق، نەک هەر ناتوانن بیگرن بەڵکوو دەبێت فەرشی سووریشی بۆ ڕابخەن و زۆریش مەمنوون بن کە کاردانەوەی نەبێت. هەر بۆیە بڕیاری دەستگیرکردنەکە لەلایەن زۆرێک لە گەلی عێراقییەوە بەگاڵتەجاڕی ناوزەد کراوە و کەسیان باوەڕیان بەوە نییە کە جێبەجێ بکرێت.

- **توانای هەژموونی حکوومەت بەسەر میلیشیاکانەوە، ئاکامی بەدەردەخا**

یەکێک لەو بابەتە هەستیارانەی کە حکوومەتی عێراقی پێوەی دەناڵێنێ، میلیشیا وەلائییەکانی سەر بە ئێرانە؛ ئەوان پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە عێراق ئاراستە دەکەن. سەرۆکوەزیران کاریگەرییەکەی لەوپەڕی لاوازیدایە؛ ئەمان ڕەهەندی سەرەکیی کۆتاییهێنانی جەنگن لەلایەن ترەمپەوە، کە دەبێت پەروباڵیان بکرێ و لە چالاکی و مەترسی بۆ سەر بەرژوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دوور بخرێنەوە. هەر بۆیە ئەوانە لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە خراونەتە ئەجێندا سەربازییەکەیان؛ بەوەی کە دەبێ لێیان بدرێ. لەو بارەیشەوە چەندان جار حکوومەتی عێراقییان لێ ئاگادار کراوەتەوە، چونکە ئەو گرووپانە بەشێکن لە هۆکاری گرژی و هەڵکشانی هاوکێشەکان بەرەو جەنگ و تێوەگلاندنی عێراق لە جەنگ.

ئێستا میلیشیا وەلائییەکان تەواو بێدەنگن و، لە هەوڵی سازشدان لەگەڵ ئەمریکا؛ تەنیا میلیشیای موقاوەمەی ئیسلامی نەبێت کە یەکەم هێرشی لە 17/10/2023 کردە سەر سەربازگەی هەریر لە هەرێمی کوردستان کە هێزی ئەمریکای لێیە. ئەوان سیاسەتی تێوەگلاندنی عێراقیان لە جەنگ هەیە بە پاڵنەری ئێران، هەر بۆیە بەپێی سەرچاوەکانی زانیاری، لە ماوەی 230 ڕۆژی ڕابردوودا زیاتر لە 265 هێرشیان کردۆتە سەر ئیسرائیل. کەواتە قوتاربوونی حکوومەتی عێراقی لە هەژموونی ئێران وا ئاسان نییە. بۆ لاوازکردنی ئەو هەژموونەیش، دەبێ ئەو گرووپانە لەلایەن ئەمریکا و ئسرائیلەوە لێیان بدرێ.

- **پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا**

ئەمریکا مەبەستیەتی لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا سەقامگیر بێت. ئەو ئاسانکار و هاوکار دەبێ بۆ هەبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییە و چارەسەرکردنی گرفتەکان لە ڕوانگەیەکی دەستوورییەوە. ئەگەر هەژموونی میلیشیاکان بەسەر حکوومەتی عێراقییەوە لاواز بکرێ، ئەو پەیوەندییە ئەرێنییە و چارەسەری گرفتەکان دەرفەتیان زیاتر دەبێ؛ سوودانییش ئەو مەبەستەی هەیە. پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمیش لە کەمترین کاتدا، ئەو هەنگاوە بەرەوپێشەوە دەبات، بەڵام پێ دەچێ لەلایەن ئێرانەوە ئەو هەنگاوە گرفتی بۆ دروست بکرێت و پرۆسەکەیش خاو بکرێتەوە؛ بەوەی ڕێوشوێنەکانی پەسەندکردنی کۆتاییی بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەسستی بگیرێنە بەر و پەلەیان لێ نەکرێت. ئەوەتا بەبێ بوونی گرفتی گەورە کە نزیکەی مانگێک بەسەر هەڵبژاردن تێ پەڕیوە، بەڵام تا ئێستا پەسەندی کۆتاییی بەرنجامەکان نەکراوە. لە لایەکی تریشەوە بۆ گرفتخستنە بەردەم پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سوودنەبینینی سوودانی لە پرۆسەکە و هێشتنەوەی هاوکێشەکان بەهەڵپەسێردراوی، ئەوا هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانی توندتر و مەحاڵ دەکەن، تا دانوستانەکان هەستیار و گران بن و نزیک هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی ببنەوە، تا ئەو نزیکبوونەوە و سەقامگیرییە لە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا ڕوو نەدات؛ لەو نێوەیشدا نانەوەی گرفتی زۆر لە نێوان هەردوو لایان، وەک دواخستنی مووچە؛ گەرچی هەر لە سەردەمی ترەمپدا بوو چەندان شاری کوردیی وەک عەفرین و کەرکووک و شەنگال و...

لەلایەن دوژمنانی کوردەوە سەرلەنوێ داگیر کرانەوە و ترەمپیش هیچ هەڵوێستێکی نەنواند.

- **کشاندنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق**

بۆ ئەم بابەتە لە نێوان بەغدا و واشنتۆن چەندان کۆبوونەوە کراوە و، لێکتێگەیشتن لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام گەرەنتییەکانی بەغدا بۆ واشنتۆن جێی متمانە نین؛ هەر بۆیە هەوڵەکان سستن؛ هەرچەندە پەرلەمانی عێراقیش لەو بارەیەوە یاسای دەرکردووە. ئەمەیش گرفتێکی ترە کە دامەزراوەی پەرلەمان بۆ حکوومەتی هێناوەتە ئاراوە. بەڵام دوای جەنگی لوبنان و غەززە، حکوومەتی عێراقی و میلیشیاکان بابەتەکەیان بەساردی وەرگرتووە و، نایورووژێنن، چونکە گوشاری زۆریان لەسەرە لەلایەن ئەمریکاوە.

حکوومەتی عێراقیش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ پشتیوانیی ئەمریکا لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان بەلاوازی دەمێنێتەوە یان لێی دەدرێ. هەمان بۆچون لەلایەن دەستەبژێری عێراقییەوە، بە سوننە و شیعە و کوردەوە هەیە، بەتایبەت شیعەکان؛ چونکە بەدەر لەو پشتیوانییە، عێراق دەبێتە پارێزگایەک لە ئێران و هەرچی نەهامەتی و گرفتەکانی ئەو وڵاتەیشە عێراق تووشیان دەبێ.

ئێستا ئەمریکا سێ بنکەی سەربازیی سەرەکیی لە عێراق هەیە: عەین ئەسەد لە ئەنبار، هەریر لە هەرێمی کوردستان، ڤیکتۆریا لە تەنیشت فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا؛ ژمارەیان نزیکەی 2500 سەربازە. لەوانەیە جۆرێک لە تێگەیشتن بۆ بابەتی کشانەوە هەبێت، بەڵام نابێتە ئەوەی کە عێراق خاڵی بێت لە هێز و کاریگەریی ئەمریکا، چونکە هەموو کشانەوەیەک، لە بەرامبەریدا سیستەمێک لە ڕێوشوێنی یاسایی و ڕێکخستنی کارەکانی نێوانیان و چۆنێتیی مانەوەی ئەمریکا بە کاریگەری لە عێراق مسۆگەر دەکات. بەو پێیەیش دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش لەو وڵاتە، عێراق ناتوانێ لە خولگەی ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوتاری ببێ؛ بەوەی عێراق بە شێوەیەک بە ئەمریکاوە گرێ دراوە، کە ناتوانێ ئەو کارە بکات. لە لایەکی تریشەوە کشانەوە، تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ چەند بابەتێکی ستراتیژیی ئەمریکا: زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی وزە، ئاڕاستەکردنی هاوکێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ بەوەی تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە بڕیاری ئاشتی و جەنگیان لەدەست ئەمریکادایە، بۆ پاراستنی ئیسرائیل. هەر بۆیە سوودانییش لەو بارەیەوە لەبەر خاتری میلیشیاکان، نەک یەکلاییکردنەوەی دۆسییەکە، کات دەقۆزێتەوە.

- **پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئێران**

ئەمە ئەو دووڕیانەیە کە دەبێ حکوومەتی عێراقی خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەویش لەسەر بنەمای **سێ ڕەهەند:** چوونەناو خولگەی ستراتیژییەتی ئەمریکا و دوورکەوتنەوە لە چین و ڕووسیا و ئێران و، لە جیاتی ئێران پەیوەندییەکانی عێراق بە دەوڵەتانی کەنداوەوە ببەسترێتەوە، دواتریش نابێ هیچ مەترسییەکی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل هەبێت و ڕێگری بکات لە تەواوی هەوڵی میلیشیاکان لەو بارەیەوە. دابڕینی عێراق لە هەژموونی ئێران، خەسارەتە لە تەواوی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران، چونکە هەموویان لەلایەن عێراقەوە لە ڕووی ئابوورییەوە سوودمەندن. دەرچونی عێراق لەژێر هەژموونی ئێران، واتە گەڕانەوەی ئێران بۆ ناو قاوغە ڕاستەقینەکەی خۆی و گۆشەگیرکردنی.

- **پەیوەندییە ئابوورییەکانی عێراق**

ئەمە بابەتێکی تری ئاڵۆزە بۆ عێراق، چونکە زۆربەی کایەکانی ئەم وڵاتە لە خزمەت بەرەی موقاوەمە و

ئێرانە. گرووپەکانی ئەو بەرەیە لەسەر عێراق بوونەتە مشەخۆر و زۆرێک لە دارایی وڵات بۆ ئەوان دەچێت. تەنانەت لەوەیش زیاتر، بۆتە کەناڵێکی هاوکاری بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی ئێران کە بەهۆی گەمارۆوە دووچاری بووە. بۆ ئەو مەبەستە، دەبێ حکوومەتی عێراق چەند هەنگاوێک هەڵێنێ تا لەگەڵ ئەجێنداکەی ترەمپ دەرهەق بە عێراق هاوتەریب بێ، لەوانەیش:

کەمکردنەوەی پشتبەستنەکانی عێراق بە گازی ئێرانی و سوودبینین لە گازی هەرێم، کەمکردنەوەی دیاردەی سپیکردنەوەی دۆلار و ڕێگرتن لە ئاودیوکردنی بۆ ئێران، بەستنەوەی سیستەمی ئابووریی عێراق بە دەوڵەتانی کەنداوەوە، زەمینەسازیی باش بۆ وەبەرهێنەرانی ئەمریکا، جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی کە ئەمریکا لە بواری سیستەمی بانکییەوە بۆ عێراقی داناوە (چونکە تا ئێستا نزیکەی 32 بانک لە لیستی سزادانی ئەمریکادان کە نابێ دۆلاریان پێ بدرێ)، کەمکردنەوەی پەیوەندییە ئابوورییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین، هەناردنەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان- کە لە لایەک هەندێ گرفتی دارایی بۆ عێراق باش دەکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێک دەخاتەوە و پێگەی هەرێمیش لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی بەهێزتر دەبێتەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش هەناردەکردنەوەکە کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت و دابەزاندنی دەبێت.

- **گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ عێراق**

لە سەردەمی بایدن ئەو هاوسەنگییە تەواو تێک چوو و، لاسەنگ بوو بە لای بەغدا؛ زیاتر بەرەو مەرکەزییەت ڕۆیشت و تەواو پرەنسیپەکانی فیدراڵییەتیان پشتگوێ خست- تەنانەت فیدراڵییەت وەک هۆکاری پەرتبوون و دابەشکاریی عێراق ئەژمار کرا-. هەوڵی گۆڕینی دەستوور درا، هەوڵ درا شایستە دەستوورییەکان لە هەرێمی کوردستان زەوت بکرێت، بەغدا بووە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی هەرێمی کوردستان، بوودجە و مووچە بەپێی ڕێککەوتنەکان نەنێردرا، سوننەکان زیاتر پەراوێز خران، داواکانیان جێبەجێ نەکرا، هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی هەرێمێکی سوننە لەلایەن ئێران و میلیشیاکانەوە لەبار بردران. هەر بۆیە ئەمە بە گرفتێک لە بەردەم ترەمپ دادەنرێ، کە پێویستە ئەو هاوسەنگییەی کە لە نێوان سوننە و شیعە و کوردا هەبوو، کە هۆکاری سەقامگیری بوو، بیگەڕێنێتەوە و عێراق بەرەو مەرکەزییەت نەبردرێتەوە. ئایا ترەمپ ئەوە دەکات؟

---

# ئیدارەی ترەمپ و عێراق: چی بەڕێوەیە؟

**نووسەر:** مایکڵ نایتس

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئاوات ئەحمەد سوڵتان

لەم وتارەدا، مایکڵ نایتس لێکۆڵینەوە لە سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی ترەمپ دەکات، کە زۆر ڕێی تێ دەچێت

مزگێنیی ستراتیژێکی ئەمریکیمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی (نفووز)ی ئێران لە عێراق، پێ بدات؛ لەگەڵ سەرنجخستن (تەرکیزکردن)ە سەر سزا دارایی و هەواڵگرییەکان، نەک دەستێوەردانی سەربازی. تیمەکەی ترەمپ ئامرازە ئابوورییەکان بەکار دەهێنێت بۆ بەئامانجگرتنی ئەو میلیشیایانەی ئێران پشتیوانییان لێ دەکات و کەرتی نەوتی عێراقیان پەک خستووە. وا دیارە پەیوەندیی نێوان سەرکردە عێراقییەکان و واشینتۆنیش جۆرە مامەڵەکردنێک دەبێت، کە پێوەستەکانیان بە تارانەوە دیاری دەکات؛ ئەمریکا هەوڵ دەدات دەسڕۆیشتوویی ئێران کەم بکاتەوە و خۆیشی لە دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ لا بدات.

ڕەنگە دیسان هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ، ئاماژە بێت بۆ سەرەتای هەوڵێکی شێلگیرانەی ئەمریکا دژی دەسڕۆیشتوویی ئێران لەناو عێراقدا. ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ترەمپ خۆی بەرژەوەندییەکی لەناو عێراقدا هەبێت: ئەو وەها سەیری عێراق دەکات کە شوێنی فرێدانی پاشەڕۆکانە، نەوتی تێدایە و هیچی تر. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمارییەکان دەیانەوێت لە هەموو بوارەکاندا دەستی ئێران کورت بکەنەوە؛ عێراق ئێستا شانۆی گەورەترین سەرکەوتنی ئێرانە: کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتێکی گەورەی عەرەب بە بەکارهێنانی خوێن و سامانی جەنگەکانی ئەمریکا لە عێراق، وەک خاڵی دەسپێکی تاران بەرەو سەرکەوتن. هەوڵە نوێیەکانی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی دەسڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق، پەیوەندییەکی کەمی بە ژمارەی هێزەکانی ئەمریکاوە لە عێراق، هەیە. لە جیاتی ئەوە، هەڵمەتی کاریگەریی پێچەوانە لەسەر ئەو گرووپانەی ئێران پشتیوانییان لێ دەکات لەسەر هەواڵگریی داراییی ئەمریکا، سزاکان و جەنگی سیاسی دژی میلیشیاکان و توانایان بۆ بەکارهێنانی ئابووریی نەوتی عێراق وەک سەرچاوەیەک بۆ دابینکردنی پارە، تا ببنە مایەی هەڕەشەی تێکدانی ئاسایش. ئیدارەی ترەمپ وەها دەڕوانێتە پرسەکە کە ئەو هیچی نییە لە عێراق بیدۆڕێنێت، بەڵام ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر ئەوەی کەم کەمە گوشار بخاتە سەر حکوومەتی عێراق تا بەغدا لە کاریگەریی ئێران دوور بخاتەوە، ئەوە هەموو شتێک دەباتەوە.

دۆناڵد ترەمپ هەرگیز گرنگییەکی زۆری بە عێراق وەک دەوڵەت نەداوە. تاکە سەردانیشی بۆ ئەو وڵاتە، بەغدای پایتەخت یان کۆبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی تێدا نەبوو، بەڵکوو تەنیا سەردانی هێزەکانی ئەمریکای کرد لە بنکەی ئەسەد لە بیابانی خۆراوای دوورەدەست.[1] ئەمەیش زۆر شتمان پێ دەڵێت دەربارەی سەرنجی زۆری لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە شوێنێکی وەک عێراقدا، کە وەها بۆی دەڕوانێت ئاژاوەیەکی ناسەقامگیرە لە وڵاتێکدا کە ئەمریکا شتێکی ئەوتۆی لێ دەست ناکەوێت.

کاتێک لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ دا، بۆ جاری دووەم ترەمپ دەبێتە سەرۆک، پێ ناچێت زۆر بیر لە عێراق بکاتەوە، یاخود سەفەری ئەو وڵاتە بکات، بەڵکوو تیمی سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا زۆر شتی دەبێت تا لەوێ بیڵێت و بیکات. ژمارەیەک لە دەستەبژێری کۆماری لە سیاسەتی دەرەکیدا، کە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، گرنگییەکی زۆر بە عێراق دەدەن. جەنگاوەرە دێرینەکانی وەک مایک واڵتز، کە ترەمپ بۆ پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی هەڵی بژاردووە[2]، ساڵانێک لە عێراق لە خزمەتی سەربازیدا بوون. ئەوانە هەرگیز کۆڵ نادەن لە هەوڵی پێچەوانەکردنەوەی ئەنجامەکە لە عێراق؛ واتە ئەوەی ئێران لەسەر حیسابی ٤٥٠٠ کوژراوی ئەمریکا هەموو دەستکەوتەکانی بۆ خۆی برد و لە ئێستایشدا خۆی سەرۆکوەزیرەکانی عێراق دەستنیشان دەکات.[3]

کۆمارییەکان بینییان لە ساڵانی دوای نەمانی ترەمپ لە پۆستەکەیدا، ڕەوشی عێراق زۆر تێک چوو و، ئەو

میلیشیایانەی ئێران پشتیوانیی لێ دەکردن، هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١یان دۆڕاند، کەچی هێشتا لە پێکهێنانی حکوومەتەکەی ساڵی ٢٠٢٢دا هەر بەسەرکەوتوویی مانەوە[4] و "محەمەد شیاع سوودانی"یان کرد بە سەرۆکوەزیران، کە بەسووکایەتیپێکردنەوە بە "بەڕێوەبەرە گشتییەکەیان" ناوی دەبەن.[5] ئەمەیش ئارەزوویەکی پەنهانی خوڵقاند بۆ ئەوەی هاوسەنگیی ناو عێراق لە ئێران دوور بخرێتەوە. تەنانەت جێگری داهاتووی سەرۆک، جەی. دی. ڤانس، کە لە جەنگاوەرە دێرینەکانی عێراقە و باوەڕی وایە کە داگیرکردنەکە گەورەترین هەڵەی ستراتیژیی ئەمریکا بوو، ئێستا پێی وایە هەژموونی ئێران بەسەر عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ نشوستیهێنانی سیاسەتی ئەمریکا و، دەبێت پێچەوانە بکرێتەوە.[6]

لەگەڵ ئەوەیشدا، نە ترەمپ و نە ڤانس پشتیوانیی لەوە ناکەن سەرلەنوێ هەڵمەتی سەربازیی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجام بدرێت. دوایین جار کە ئەمریکا لەناو یەکسانەکانی عێراقدا، پێگەی یەکەمی هەبوو، هۆیەکەی ئامادەییەکی سەربازیی بەهێز بوو: لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ بە بوونی نزیکەی ١٨٥ هەزار سەربازی ئەمریکی لە وڵاتەکەدا. ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٥ و ساڵانی دواتردا حکوومەتی ئەمریکا هەوڵ بدات کاریگەریی ئێرانییەکان لەناو عێراقدا کەم بکاتەوە، ئەوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هێزەوە نابێت، بەڵکوو لە ڕێگەی "زیادکردنی کاری هەوڵگری"یەوە دەبێت.

ئەو بڕیاردروستکەرانەی ئەمریکا لە تیمی نوێی ترەمپدا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خزمەت دەکەن، باش ئاگاداری کاروباری هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان و جەنگی ناهاوتا و سزاکانن. لەناو ئەوانەدا کۆنە ئەفسەری هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا هەن، وەک مایک والتز و ڕۆبێرت گرینوەی، کە یەکە سەربازییەکانیان بۆ ئەنجامدانی جەنگی نائاسایی پێک هێناون، لەگەڵ ژمارەیەک لە جەنگاوەرە دێرینەکانی سوپای ئەمریکا لەو جەنگە شاراوەیەدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا و لەسەر خاکی عێراق هەیە؛ بۆ نموونە ژوێل ڕایبورن، کە ئەگەری هەیە پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە، ڕادەستی ئەو بکرێت. ئەوانە پێکەوە گرووپێکی بەهێزی ڕاپەڕێنەری ئەرکەکان لە نێوان ئاژانسەکاندا پێک دەهێنن بۆ زیانگەیاندن بەوانەی شەریکی میلیشیا ئێرانییەکانن لە عێراق و کەمکردنەوەی تواناکانیان بۆ سوودوەرگرتن لە بوودجەی ساڵانەی عێراق کە دەگاتە ١٥٠ ملیار دۆلار.[7]

ئەمریکا، بۆ ئەم جۆرە کارانە پێویستیی بەوە نییە لەسەر زەویی ناوچەکە هێزی هەبێت، چونکە عێراق ئەوەندە لاوازە کە بەئاسانی سیاسەتی سزادانی بەسەردا پیادە دەکرێت[8] و بەپێی ئەو بەڵگانەی لە ڕۆژنامەوانیی بنکۆڵکاری (لێکۆڵینەوەیی)یەوە سەبارەت بەوەی ئێران بانکە عێراقییەکانی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی دەستی بگاتە دۆلاری ئەمریکی[9]، هەروەها خراپبەکارهێنانی کەرتی نەوتی عێراق بۆ پەیداکردنی پارە بۆ ئەو میلیشیایانەی ئێران پشتیوانییان دەکات و یاریدەدانی ئێران بۆ خۆدزینەوە لە سزاکانی نەوتی خاو، دەتوانرێت سزاکانی سەری زیاتر بکرێن.[10] عێراقی دەوڵەمەند لە نەوتدا، بووە بە "مانگا شیردەرەکە"ی تەواوی بەرەی خۆڕاگری (بەرەی موقاوەمە) لە دەرەوەی ئێران – لەگەڵ حزبوڵڵای لوبنانی[11] و حووسییەکانی یەمەن[12] کە شان بە شانی میلیشیا عێراقییەکان کۆ دەبنەوە بۆ بەدەستهێنانی پشک.

لە ساڵی ٢٠٢٥، ئیدارەی ترەمپ چەند سزایەکی هەڵبژاردە بەسەر بانک و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و وەگەڕخەری بەندەرەکان و کۆمپانیاکانی بارکردنی کەلوپەلدا دەسەپێنێت بە مەبەستی ناردنی ئاماژەیەک بۆ بکەرە بازرگانییەکانی دیکە تا خۆیان لە پیتاککردنی تیرۆر لە عێراق بەدوور بگرن. بەدەرکردنی عێراق لە سزا بۆ کڕینی گاز و کارەبای ئێران، زۆر بەتوندی مەرجدار دەکرێت بەوەی، دەبێت بەخێرایی هێنانی وزە

هەمەجۆر بکرێت و لە ئێران دوور بخرێتەوە.[13] وردبینیی زیاتر دەکرێت لە مەسەلەکانی خۆدزینەوەی ناڕاستەوخۆ لە سزاکان – بۆ نموونە ئالوگۆڕە سیینەکانی گاز کە عێراق و ئێران و تورکەمەنستان دەگرێتەوە.[14] لە سایەی ترەمپدا، ڕێی تێ دەچێت ماوەی چەند مانگێک واشینتۆن ڕازی نەبێت دەرکردنەکان درێژ بکرێنەوە، بەڵکوو مانگ بە مانگ درێژ بکرێنەوە و لە ڕێگەی کەرتی بانکی عێراقی و پەککستنی دەستگەیشتنی بە دراوی قورس، جارجار ڕای بچڵەکێنێت. ئەمریکا دژی خواستەکانی حەشدی شەعبی دەوەستێتەوە کە دەیەوێت بارستەی ئابووریی کۆمپانیای گشتیی "موهەندیس" گەشە پێ بدات و چالاکانە بیکات بە کۆپییەکی عێراقی لە "خاتەمولئەنبیا"ی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران[15]، وەک ئەوەی لە سایەی ئیدارەی یەکەمی ترەمپدا هەبوو.[16]

تیمی ترەمپ لە عێراق دەستبەرداری هیچ شتێک نابێت کە بتوانن لە بەرامبەردا مامەڵە لەسەر گۆڕانکاری لە ڕەفتاری عێراقییەکاندا بکەن. تیمێکی شەڕەنگێزتری سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا، بڵاو دەکرێتەوە؛ بە باڵیۆزێکەوە کە زۆر بەوردی دەستنیشان کراوە و لە ڕووی تاکتیکییەوە لێهاتووە و دەتوانێت بەسەنگینی و پێداگرییەوە مامەڵە لەگەڵ دانوستانکارە عێراقییەکان بکات. یەکێک لەو ئامرازانەی لەبەردەستی ئەمریکییەکاندا هەیە و تا ئێستا بە هەموو توانایەوە بەکاریان نەهێناوە، هەواڵگریی داراییی ئەمریکایە، کە زۆر بێهاوتایە لە مەسەلەی شوێنکەوتنی ئەو سەرچاوە داراییانەدا کە سیاسی و پیاوانی کارگوزاری عێراق لەناو عێراق و دەرەوەی عێراقدا حەشاری دەدەن.[17] ئامرازێکی دیکەیش هەیە: هەواڵگریی پەیوەندییەکان، کە وێنەیەکی جیا دەربارەی ئەوەی سیاسییەکان خۆیان لە چ ڕەوشێکدا دادەنێن سەبارەت بە دەوڵەتە بیانییەکان (وەک ئێران) و گرووپ و جەماعەتەکانی دیکە.[18]

لە ماوەی یەکەمی ترەمپدا، ئەم هەژموونە هەواڵگرییە، بە شێوەیەکی تایبەت بەکار هاتووە بۆ ئەوەی ناوبەناو سەرکردە عیرقییەکان ئاگادار بکرێنەوە کە ئاگایان لە هێڵە سوورەکانی ئەمریکا بێت، بۆ نموونە دانەمەزراندنی کۆمپانیای موهەندیسی گشتی؛ لەو کاتەدا کە میلیشیاکان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠١٨دا هەوڵیان بۆ دا.[19] پێشبینیی ئەوەیش دەکرێت کە لە ئاییندەدا ئەمریکا ناوبەناو ئەوەی دەیزانێت بیخاتە ڕوو؛ ئەمەیش تاکتیکێکە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریی خێرا و پەسەند لە ڕەفتاری سەرکردە عێراقییەکاندا "لە پشتی دەرگە داخراوەکانەوە."[20]

لەم جۆرە چالاکییەی ئەمریکاوە لە عێراق، چ کاردانەوەیەک دەکەوێتەوە؟ ئێران ئەمەی پێ خۆش نابێت، بەڵام نایشخوازێت بەئاشکرا کێبڕکێی ئەمریکای سەردەمی ترەمپ بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەوە سەلمێنرا کە ئێران دەستی وەرداوەتە ناو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی[21] و، بگرە پلانی تیرۆرکردنیشی داڕشتووە.[22] لەوانەیە کاردانەوەیەکی عێراقییانەی ناڕاستەوخۆ هەبێت، بەڵام میلیشیاکان فێر بوون کە دەبێت لە مەسەلەی هەڕەشەکردنی کەسە ئەمریکییەکان لە عێراق، وریا بن. لە ساڵی ٢٠٢٤دا و لە سەردەمی سەرۆک "جۆ بایدن"دا، ئەمریکا زەبری بەئازاری لە سەرکردەکانی ئاستی ناوەڕاستی میلیشیاکان لە بەغدا، وەشاندووە، لە ٢٤ی کانوونی دووەم، پاشان لە شوبات[23] و دواتریش لە حوزەیران – تەمموزدا[24]، کە بووە هۆی دروستکردنی ترس لە پەلاماری زیاتر. زۆر جار ئەمریکا ئەوەندەی نەدەما زەبرێک لەناو ئێراندا بوەشێنێت، وەک وەڵامدانەوەی کردەوەی ئەو میلیشیایانەی ئێران لەناو عێراقدا پشتیوانییان لێ دەکات، وەک کوشتنی سێ ئەمریکی لە بنکەی تاوەر٢٢ی ئوردن لە ٢٨ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤دا.[25] ڕەنگە ناوبەناو میلیشیاکان دەست لە بنکە ئەمریکییەکانی ناو عێراق بوەشێنن، بەڵام

بەڕێکوپێکی یان بە هێزێکی وەهاوە نا کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە حیساباتەکانی ئەمریکادا.

ئەگەر ئێران و میلیشیاکانی کارەکانیان چڕتر کردەوە و ئەمریکییەکانیان کوشت، ئەوە بژاردەی ئەمریکا بۆ داخستنی باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا، لەسەر مێزەکە هەر دەمێنێت، وەك ئەوەی لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٠دا ڕووی دا؛ ئەمە ئەگەر دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ڕوو لە هەڵکشان بوو.[26] هێشتا ئەوە ڕوون نییە کە بۆچوونەکانی ترەمپ سەبارەت بەوەی بڵاوکردنەوەی هێزەکان لە خاکی بیانیدا، بەفیڕۆدانی کات و داراییە و مەترسیی تێدایە و هیچ سوودێکی نییە؛[27] چۆن کار دەکەنە سەر ئایندەی پێگە ئەمریکییەکان لە عێراق و سووریا. ڕەنگە لە ٢٠٢٥ – ٢٠٢٦دا دابخرێن، کە وا دیارە لیژنەی سەربازیی باڵای ئەمریکا لە عێراق پێشبینیی ئەمە دەکات،[28] یان لەوانەیە بمێننەوە، وەک ئەوانەی سووریا کە ساڵانێک دوای ئەوەی لە سەرەتادا فەرمانی داخستنیان درا، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون.[29] ئەوەی زیاتر ڕوونە ئەوەیە ترەمپ بژاردەی داخستنی باڵیۆزخانەی بەغدا، ئەگەر خۆی بیەوێت، لە دەستی خۆیدا دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەگەر ویستی، دەتوانێت لە چەند بنکەیەکی وەک بنکەی ئەسەدی ئاسمانیی عێراقی بمێنێتەوە. ترەمپ نە بوونی باڵیۆزخانە لە عێراق و نە پابەندبوون بەو وتووێژانەی پێشوو کە لیژنەی باڵای سەربازی لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا ئەنجامی داون؛ بە پیرۆز نازانێت. ئەمانە چەند وەرەقەیەکی دانوستانکردنن لە گەمەکەدا. ڕەنگە ترەمپ کشانەوەیەکی بێسەرەوبەری وەک ئەوەی ئەفغانستانی لە سەردەمی خۆیدا نەوێت. ئەوەیش ڕوون نییە کە ئێران یان میلیشیاکان بەڕاستی دەیانەوێت ئەمریکا بەتەواوەتی لە ناوچەکە بڕوات، ئەمە ئەگەر واشینتۆن ئازادیی ئەوەی بۆ بمێنێتەوە کە بێ هیچ کۆت و پێوەندێک ڕەفتار بکات.

بژاردە ناجووڵەییەکان کە لە عێراق هەن، کامانەن؟ ئایا عێراق دەتوانێت هەنگاو بنێت بۆ کەمکردنەوەی ڕاددەی پشتبەستن بە ئاڵوێرکردنی نەوت بە دۆلاری ئەمریکی؟ نموونەکانی ئێران و ڕووسیا لێرەدا بەسوودن: تا ئێستایش دروستکردنی پەیوەندیی غەیرەدۆلاری، زەحمەتە، بە جۆرێک بتوانێت لە بواری ئابووریی جیهانیدا ئاستێکی واقعییانەی هەڵسووڕانی هەبێت؛[30] عێراقیش نایەوێت بە داشکاندنێکی گەورەوە بازرگانی بە نەوتەکەیەوە بکات، وەک ئەوەی ئێران دەیکات.[31]لە ئێستادا مامەڵەی گەورەتری ئابووریی عێراق لەگەڵ چیندا لەگەڕدایە و ئەگەری بەردەوامبوونیشی هەیە، جا بە بوون یان نەبوونی ترەمپ بێت، بەڵام تا ڕاددەیەکی زۆر لە پرۆژە ژێرخانییەکاندایە، کە زۆربەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان نایانەوێت لەوێدا کێبڕکێ بکەن، لەبەر ڕێژەی قازانج و گەندەڵی و نیگەرانییە ئەمنییەکان.[32] ڕەنگە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و عێراقدا، هاوکاریکردن لە پرۆژە زەبەلاحەکانی عێراقدا ڕوو بدات، کە چەندان ساڵە ئەمە کۆتاییی پێ هێنراوە: لە بری ئەوە، ترەمپ ئەم دەرفەتە شاراوانە لە تەوەری ئەمریکا و ئیسرائیل و کەنداو و هیندستاندا دەبینێت.[33]

بێ شک ئیدارەکەی ترەمپ بۆ یاریکەرە ئەوروپییەکان، شەریکێکی سەرسەخت دەبێت. واشینتۆن هەوڵ دەدات بە ڕێگەیەکی نوێ ئەرکەکان دابەش بکات: بۆ نموونە، لە سزا ئەوروپییەکاندا دژی ئەو گرووپانەی ئەمریکا بە تیرۆریست پۆلێنی کردوون، وەک کەتیبەکانی حزبوڵڵا، هەروەها لە حوکمەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی و مافەکانی مرۆڤ دژی سەرپێچیکارەکان لە عێراق، لەناو تۆڕی هەڕەشەی ئێرانیدا، کە زۆریان سەردانی ئەورووپا دەکەن و لە بریتانیا موڵک و ماڵیان هەیە.[34] لە کاتێکدا کە کۆشکی سپی لە سەردەمی ئۆباما و بایدندا، زیاتر وەها دەیڕوانییە ئەوروپییەکان کە ئامڕازێکی باشن بۆ گوێزانەوەی نامەکانی ئەمریکا بۆ ئەو میلیشیا عێراقییانەی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن،[35] بەڵام لەوانەیە تیمەکەی ترەمپ پێی

وا نەبێت ئەم میکانیزمە شایەنی گرنگییێدان بێت. واشینتۆن دەتوانێت بەئاسانی و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی حکوومەتی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە، محەمەد شیاع سوودانی، کە چەندان لایەنی کارا پشتیوانیی لێ دەکەن، وەک عەسائیبی ئەهلی هەق و بەدر و کەتیبەکانی حزبوڵڵا، داواکارییەکانی بگەیەنێتە عێراق. باڵیۆزی نوێش لە عێراق دەستکراوە دەکرێت بۆ ئەوەی بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەربارەی چاوەڕوانییەکانی ئەمریکا لە عێراق قسە بکات.

ئەگەر کەسێک هەبێت لە عێراق بە گەڕانەوەی ترەمپ خۆشحاڵ بێت، ئەوە کوردە عێراقییەکانن، بە شێوەیەکی تایبەتی ماڵباتی بارزانی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە دەبەن؛ ئەوەی لەم دواییانەدا زۆرینەی کورسییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی بردەوە، کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ دا ساز کرا.[36] پەیوەندیی بەتینی نێوان بارزانی و پارتی کۆماری لە کۆنگرێس، تەنانەت بۆ چاودێرەکانی سوودانییش جێگەی سەرسوڕمان بوو.[37] بەڵام ترەمپ، لە ئاییندەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی وەک تورکیادا، ناخاتە مەترسییەوە لە خزمەتی ئەجێندای سەربەخۆیی کوردستاندا، بەڵام ڕەنگە ئەمریکا لە مەسەلەی هەناردەکردنی نەوتی کورد و دابەشکردنی داهاتەکەی لە نێوان بەغدا و کوردستاندا، لایەنی کوردستان بگرێت و بوونی سەربازیی ئەمریکا لە کوردستان بەردەوام بێت. نامەکانی ئەم دواییەی کۆنگرێسی ئەمریکا – هەندێکیان مایک واڵتز، ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانی واژۆی کردوون – ئاماژەن بۆ قووڵاییی پابەندبوونی کۆماریی بەردەوام بە هەرێمی کوردستانەوە.[38]

ڕەنگە تێگەیشتنی بایدن لە پەیوەندیی ئیدارەدان "٣٦٠ پلە لەگەڵ عێراقدا بسووڕێتەوە[39] کە گرنگیی کاریگەریی ئێرانیی بەکەم گرتبوو، کە خۆی زۆر ناجێگیرە. لە داهاتوودا، ئەمریکا لە پێش هەموو شتێکەوە، بە چاویلکەی کاریگەریی ئێران دەڕوانێتە عێراق و، بەپێی مەیلی ئاشکرای سەرکردە و دامەزراوەکان بۆ ئێران یان دوورکەوتنەوەیان لێی، حوکمیان بەسەردا دەدات. هیچ سەرۆکوەزیرانێکی عێراق، بەتایبەتی محەمەد شیاع سوودانی، کە میلیشیاکان پشتیوانیی لێ دەکەن، پشتیوانییەکی ڕەهای واشینتۆنی نابێت.

لە جیاتی ئەوە، گومان لە هەر سەرۆکوەزیرانێکی عێراقی دەکرێت و بە چاوی مامەڵەکردنەوە سەیری دەکرێت. تەنیا بە دوورکەوتنەوەی عێراق لە ئێرانەوەیە، کە بتوانرێت بەغدا بەرەو واشینتۆن کێش بکرێت و مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵدا بکرێت، جیاواز لەوەی لەگەڵ میحوەری بەرەنگاریدا دەکرێت؛ وەک لوبنان کە حزبوڵڵا باڵی بەسەردا کێشاوە، یەمەن کە حووسییەکان تێیدا خاوەنی هەژموونن، هەروەها چەند بەشێکی سووریاش. ئایا هێشتا چەند سێبەرێکی خۆڵەمێشی هەر دەمێنن؟ بێ گومان: ئەمە عێراقە و هێشتا لە نێوان ئێران و ئەمریکادا گەمارۆ دراوە. بەڵام نابێت کەس گومان لەوە بکات کە بردنەوەی ترەمپ ئەنجامێکە کە زۆرێک لەوانەی لایەنگری میلیشیا عێراقییەکانن، لە هەر شتێکی دیکە زیاتر سڵی لێ دەکەنەوە: ئەمە گەمەیەکی ئەنجام نزیکە سفرییە؛ بە جۆرێک دەبێت عێراق لە نێوان ئەو میلیشیایانەدا کە ئێران پشتیوانییان لێ دەکات و دامەزراوەی ئەمریکیی تۆڵەسێندا، کە پێی وایە عێراق تا ڕادەیەکی زۆر لە بەردەمی ئێراندا دۆڕاندوویەتی، یەکێکیان هەڵبژێرێت.

**سەرچاوە:**

https://cfri-irak.com

[1] Steve Holland, In a first, Trump makes surprise visit to U.S. troops in Iraq, Reuters, December 26, 2018.

[2] Biography: Mike Waltz, available at https://waltz.house.gov/about/

[3] Joel Wing, Coordination Framework Picks Its Candidate For Iraq PM But Doesn't Resolve Anything, Musings on Iraq, July 22, 2022.

[4] For a detailed political history of this period, see Michael Knights, Iraq's New Regime Change: How Tehran-Backed Terrorist Organizations and Militias Captured the Iraqi State, West Point CTC Sentinel, December 2023, Volume 16, Issue 11.

[5] Hamdi Malik, "'Sudani Is a General Manager': How Militias View Iraq's New Prime Minister," Militia Spotlight, Washington Institute for Near East Policy, December 1, 2022.

[6] US Senate, Senator Vance Slams US Foreign Policy Establishment for Decades of Failure, April 23, 2024, available at https://www.vance.senate.gov/press-releases/senator-vance-slams-u-s-foreign-policy-establishment-for-decades-of-failure/ Also see Robbie Gramer, Vance zeroes in on Iran — a topic he sees as Dems' Achilles heel, Politico, October 1, 2024.

[7] Ahmed Rasheed and Timour Azhari, "Iraq approves record $153 billion budget including big public hiring," Reuters, June 11, 2023.

[8] Qassim Abdul-Zahra and Abby Sewell, Targeting Iran, US tightens Iraq's dollar flow, causing pain, AFP, February 2, 2023.

[9] David S. Cloud, Iraqi Banks Used U.S.-Created System to Funnel Funds to Iran, Wall Street Journal, September 8, 2024.

[10] Iraqi Fuel Oil Export Surge Raises Smuggling Concerns, Middle East Economic Survey, November 1, 2024.

[11] For a look at Lebanese Hezbollah economic exploitation of Iraq, see Knights, Iraq's New Regime Change, West Point CTC Sentinel, December 2023, Volume 16, Issue 11.

[12] Adnan Jabarni, A New Axis: Strategic Coordination between the Houthis and

Iraqi Factions, Sanaa Center For Strategic Studies, July 15, 2024. See also "Hamas, Houthis Open Offices in Iraq," Foundation for the Defense of Democracies, September 17, 2024.

[13] Samya Kullab and Qassim Abdul-Zahra, In sign of frustration, US shortens sanctions waiver to Iraq, Associated Press, September 24, 2020.

[14] Turkmenistan and Iran sign deal to supply gas to Iraq, Associated Press, July 3, 2024.

[15] Michael Knights, Hamdi Malik, and Crispin Smith, "The Muhandis Company: Iraq's Khatam al-Anbiya," Militia Spotlight, Washington Institute for Near East Policy, March 21, 2023. See also Sinan Mahmoud, "Iraq's militias set to benefit as government creates company for state-backed groups," National, November 29, 2022.

[16] Knights, Iraq's New Regime Change, West Point CTC Sentinel, December 2023, Volume 16, Issue 11.

[17] Author (Knights) interviews, multiple Iraqi contacts, 2020-2023; exact dates, names, and places withheld at request of the interviewees.

[18] Ibid.

[19] Knights, Iraq's New Regime Change, West Point CTC Sentinel, December 2023, Volume 16, Issue 11.

[20] Author (Knights) interviews, multiple Iraqi contacts, 2020-2023; exact dates, names, and places withheld at request of the interviewees.

[21] Erick Tucker, The FBI says Iran tried to send hacked files to Democrats. It's another sign of foreign meddling, Associated Press, September 19, 2024.

[22] Rebecca Shabad and Michael Kosnar, Justice Department files charges in murder-for-hire scheme targeting Trump, NBC News, November 8, 2024.

[23] . Todd Lopez, Self-Defense Strike in Iraq Kills Terrorist Leader, DOD News, January 4, 2024.

[24] Ahmed Rasheed and Timour Azhari, Kataib Hezbollah commander killed in Baghdad in US strike, Reuters, February 9, 2024.

[25] John Gambrell, What is Tower 22, the military base that was attacked in Jordan where 3 US troops were killed?, Associated Press, January 29, 2024.

[26] Nahal Toosi, Lara Seligman and Natasha Bertrand, U.S. weighs closing embassy in Iraq as threats raise spectre of Benghazi, Politico, September 28, 2020.

[27] Steve Holland, Trump to West Point grads: 'We are ending the era of endless wars', Associated Press, June 13, 2020.

[28] Joint Statement Announcing the Timeline for the End of the Military Mission of the Global Coalition to Defeat ISIS in Iraq, US DOD Office of the Spokesperson, September 27, 2024.

[29] Karen DeYoung and Karoun Demirjian, Contradicting Trump, Bolton says no withdrawal from Syria until ISIS destroyed, Kurds' safety guaranteed, Washington Post, January 6, 2019.

[30] Jared Cohen, Don't Bet Against the Dollar, Foreign Policy, June 10, 2024.

[31] Chen Aizhu and Siyi Liu, China's cheap Iranian oil supply at risk from tighter Trump sanctions, Reuters, November 6, 2024.

[32] Yerevan Saeed and Sardar Aziz, China's Rise in Iraq's Energy Sector: From Newcomer to Dominant Player, Arab Gulf States Institute in Washington (AGSIW), October 23, 2024.

[33] Alberto Rizzi, The infinite connection: How to make the India-Middle East-Europe economic corridor happen, European Council on Foreign Relations, April 23, 2024.

[34] Author (Knights) interviews, multiple Iraqi contacts, 2020-2023; exact dates, names, and places withheld at request of the interviewees.

[35] Michael Knights, Embracing Asaib Ahl al-Haq: Pragmatism or Naiveté?, Hudson Institute, October 9, 2024.

[36] KDP wins Iraqi Kurdish parliamentary election, commission says, Reuters, October 30, 2024.

[37] Author (Knights) interviews, multiple Iraqi contacts, 2020-2023; exact dates,

names, and places withheld at request of the interviewees.

[38] Natalie Grover, U.S. lawmakers urge Biden to support ‘economically strangled’ Kurdistan, Reuters, September 19, 2023.

[39] Jim Garamone, U.S., Iraq Examine New Strategic Relationship, DOD News, August 8, 2023.

---

# بەرەو نوێکردنەوەی سیستەمی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکان

**ئالان بەهائەددین عەبدوڵڵا**، دکتۆرا لە یاسا – مامۆستا لە کۆلێژی یاسا/ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

نزیکەی پازدە ساڵە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان سیستەمێک پەیڕەو دەکرێت بە ناوی سیستەمی “دڵنیایی جۆری”، کە ئامانج لێی بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و ئەکادیمیی زانکۆکان و زیادکردنی ڕۆڵ و کاریگەرییانە لە پێشخستن و خزمەتکردنی کۆمەڵگە. ئەمەیش بەدی دێت لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و مەعریفیی مامۆستایان و توێژەرەکان و، باشترکردنی ژینگەی خوێندن و، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بیرکردنەوەی قوتابیان و، پێشخستنی ئاست و کوالێتیی دەستەی کارگێڕیی زانکۆ و کۆلێژەکان و، فراوانکردنی هاوبەشیی ئەکادیمی و زانستی لە نێوان زانکۆکان.

لە دوای پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە لە ساڵانی ڕابردوودا، پرسیار ئاراستەی خۆمان دەکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستییانە بە دوای وەڵامدا بگەڕێین و، دەپرسین:

1. ڕۆڵی زانکۆکان بۆ پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردستانی لە چ ئاستێکدایە؟
2. قەبارەی کاریگەریی زانکۆکان لە گۆڕینی ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردستانی چەندە؟
3. ئاستی مەعریفی و زانستیی مامۆستایانی زانکۆ لە کوێدایە؟
4. توێژەرەکانی زانکۆ ڕەچاوی دەستپاکیی ئەکادیمی دەکەن و، ئایا زانکۆکان پێوەری دەستپاکیی ئەکادیمیی تایبەت بە خۆیان هەیە؟
5. کۆمەڵگەی کوردستانی تا چەند متمانەی بە قوتابییە دەرچووەکانی زانکۆکان هەیە؟
6. قوتابیی زانکۆ تا چەند ڕازییە لە ئاستی زانستی و کارگێڕیی زانکۆکان؟
7. مامۆستایان تا چەند ڕازین لە ئاستی بەجێگەیاندنی دەستەی کارگێڕیی زانکۆکان؟

8. ئەو چالاکییە زانستی و ئەکادیمی و کارگێڕییانەی کە لە زانکۆکان ئەنجام دەدرێن تا چەند کاریگەرییان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و بیرکردنەوە؟

ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاری تری پەیوەندیدار، پێویستییان بەوە هەیە بە شێوەیەکی زانستی وەڵام بدرێنەوە، بەڵام وەڵامدانەوەکە پێویستە لە چوارچێوەی سیستەمی دڵنیایی جۆریی زانکۆکان بێت بۆ ئەوەی بزانین ئەم سیستەمە تا چەند کاریگەریی ماوە بۆ پێشخستنی زانکۆ و مامۆستا و قوتابی و کۆمەڵگە.

**پێناسەی سیستەمی دڵنیایی جۆری**

دڵنیایی جۆری لە بواری زانکۆکاندا، سیستەمێکە بەهۆیەوە زانکۆ دەتوانێت بەوپەڕی متمانەوە دڵنیا بێتەوە کە پێوەرەکان و کوالێتیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان و ئەکادیمییەکانی دەپارێزرێن و پێش دەخرێن، چونکە ئەم سیستەمە هەوڵ دەدات هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێگەیاندن بکات بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام لە ڕێگەی کۆکردنەوە و تەرخانکردنی تواناکانی زانکۆ و سەرچاوە مرۆییەکانی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و داخوازییەکانی بازاڕی کار بەپێی ستاندارده نیشتمانی و جیهانییەکان. لە ئێستادا، ئەم سیستەمە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت:

1. زانستخوازیی بەردەوام (Continue Academic Development) – (CAD).
2. هەگبەی مامۆستا (Teacher Portfolio) – (TP).
3. فیدباکی قوتابی (Student Feedback) – (STF)

"**زانستخوازیی بەردەوام**" فۆڕمێکە کە کۆی گشتیی چالاکییە زانستییەکانی مامۆستا لە ماوەی یەک ساڵی خوێندنی ئەکادیمیدا تێیدا دەنووسرێت و تۆمار دەکرێت. هەرچی "**هەگبەی مامۆستایە**" ئەویشیان فۆڕمێکە کە کۆی گشتیی چالاکییە کارگێڕییەکانی مامۆستا تێیدا تۆمار دەکرێت و، هەروەها لەم فۆڕمەدا پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی زانکۆ لەلایەن ئیدارەی دڵنیایی جۆری و سەرۆکی بەشی زانستییەوە دیاری کراون و ئەنجامیش دەدرێت. هەرچی " فیدباکی قوتابی"یە، بە هەمان شێوە، ئەویش فۆڕمێکە کە بە چەند پێوەرێکی دیاریکراودا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێگەیاندنی مامۆستایانی زانکۆ لەلایەن قوتابییەکانی خۆیەوە ئەنجام دەدرێت.

**جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە لە زانکۆکاندا**

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، نزیکەی پازدە ساڵە سیستەمی دڵنیایی جۆری لە گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، بە یەک شێوە و شێواز، پەیڕەو دەکرێن، لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەکی کەم، چونکە ئەم سیستەمە لە بنەڕەتەوە بە بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەپێنرا و، هەموو ڕێساکانی بە شێوەیەکی ناوەندی بۆ زانکۆکان شۆڕ کرایەوە. ئەم سیستەمە لە سەرەتاوە بەو شێوەی ئێستا نەبوو، بەڵکوو چەندان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە بە مەبەستی پێشخستن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشهات و نوێکارییەکان.

لەم سۆنگەیەوە دەپرسین: سیستەمی دڵنیایی جۆری، بەو شێوەی کە لە ڕابردوودا پەیڕەو کراوە و بەو شێوەی کە لە ئێستادا پەیڕەو دەکرێت، تا چەند ڕۆڵ و کاریگەریی پۆزەتیڤی هەبووە یان هەیەتی لە

بەرەوپێشبردن  و پێشخستنی ئاستی زانستی و مەعریفی و کارامەیی مامۆستایان و قوتابیان و بەشە زانستییەکان و کۆلێژەکان و بگرە زانکۆکانیش؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ خودی زانکۆکان جێ دەهێڵین بۆ ئەوەی خۆیان بە داتا و زانیاریی ورد و دروست هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی خۆیان بکەن و، هەروەها بزانن لە چاوی کۆمەڵگە بەها و کاریگەرییان چەندە و، دڵنیا ببنەوە لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم سیستەمە لە گەیشتن بەو ئەنجامە؛ چا باش بێت یان خراپ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، لە دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی کەسی، بۆمان دەرکەوتووە کە سیستەمی دڵنیاییی جۆری وەک باڵندەیەکی بێسەر بە ئاسمانی زانکۆکاندا دەفڕێت و دەسووڕێتەوە و، مامۆستا و قوتابییەکانیش بە دوایدا کەوتوون، بێ ئەوەی بزانرێت ئاراستەی ئەو باڵندەیە بۆ کوێیە؟!

بە بۆچوونی ئێمە، سەرکەوتنی هەر سیستەمێک بەندە بە دیاربوونی ئامانجەکانی و، ڕوونیی پێوەرەکانی و، دادپەروەری لە جێبەجێکردنی و، لکاندنی بە سزا و پاداشتەوە. لەم سۆنگەیەوە، پێمان وایە سیستەمی دڵنیاییی جۆری لە زانکۆکان سیستەمێکی زۆر باشە و پێویستە هەبێت، بەڵام لە ئێستادا ئەم سیستەمە بەساڵاچووە، کۆن بووە و، پێویستیی بە نوێکردنەوە و گەنجبوونەوە هەیە. بۆیە، هەندێ تێبینی لەسەر ئەم سیستەمە دەخەمە ڕوو بە ئامانجی نوێکردنەوە و باشترکردنی ئەم سیستەمە لە زانکۆکاندا. تێبینییەکان دابەش دەکەین بۆ چوار بەش؛ سێ بەشی تێبینییەکان پەیوەستن بە سێ بەشەکەی سیستەمی دڵنیاییی جۆری و، بەشی چوارەم و کۆتاییش تەرخان دەکەین بۆ تێبینیی گشتی لەسەر کۆی گشتیی سیستەمەکە، بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم – تێبینییەکان سەبارەت بە زانستخوازیی بەردەوام**

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێی دا، لە فۆڕمی زانستخوازیی بەردەوامدا چالاکییە زانستییەکانی مامۆستا تۆمار دەکرێن کە لە ماوەی یەک ساڵی خوێندنی ئەکادیمیدا ئەنجامی داون و، لە بەرامبەر ئەنجامدانی هەر چالاکییەک مامۆستا خاڵ وەردەگرێت و، کۆی گشتیی ئەم خاڵە کۆکراوانەیش هۆکارە بۆ دەرچوون یان دەرنەچوونی مامۆستای زانکۆ لەم فۆڕمەدا.

چاوخشاندنێکی ورد بەو چالاکییە زانستییانە و بەو خاڵانەی کە بۆیان دانراوە، دەتگەیەنێتە ئەنجامێک کەوا ئامانج و مەبەستی سیستەمی دڵنیاییی جۆریی زانکۆکان ڕوون نییە کە دەیەوێت مامۆستای زانکۆ چی بۆ زانکۆ بکات و چیی بۆ نەکات؛ چونکە شپرزەیی بە دانانی چالاکییەکان و ناڕوونی بە دانانی خاڵەکانەوە دیارن و، نازانرێت بە دیدی زانکۆ، لەپێشینە بۆ کام جۆر چالاکییە. ئەمانەی خوارەوە تێبینییەکانی ئێمەیە لەم بارەیەوە:

1. **چالاکییەکان هەروەک خۆیان ماون**

نزیکەی پازدە ساڵە چەند جۆرە چالاکییەک دیاری کراون بۆ ئەوەی مامۆستایانی زانکۆ ئەنجامی بدەن، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە چالاکیی تر زیاد بکرێت یاخود ئەم چالاکییانە لێك جیا بکرێنەوە یان دیتەیلی زیاتریان پێ بدرێت، بۆ نموونە:

- تا ئێستا، تەقریبەن، بە یەک چاو سەیری کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمپۆزیۆم دەکرێت، کە پێویستە بەتەواوەتی ئەم سێ چالاکییە لێك جیا بکرێنەوە و پێوەری لێکجیاکردنەوەیشیان ڕوون بێت بۆ مامۆستایان.
- تا ئێستا ڕوون نییە ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان چالاکیی ئۆنلاین و چالاکییەکانی تری ئاسایی.
- تا ئێستا زانکۆکان بە یەک چاو سەیری چالاکییەکانی مامۆستایانیان لە ناوەوەی زانکۆ و لە دەرەوەی زانکۆ دەکەن و، دیار نییە بۆ زانکۆ کامیان گرنگترە، بۆ نموونە: جیاوازی نییە لە نێوان تاوتوێکردنی نامەیەکی ماستەر لەنێو کۆلێژێکی زانکۆ و تاوتوێکردنی نامەیەکی ماستەر لە کۆلێژێکی دەرەوەی زانکۆ. تا ڕاددەیەك بۆ گشت چالاکییەکان هەمان هەڵوێست بەدی دەکرێت. لێرەدا، ئەگەر زانکۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزاییی مامۆستاکانی و فراوانکردنی ناوبانگی خۆی پێ گرنگ بێت، ئەوا خاڵی زیاتر بە چالاکییەکانی دەرەوەی زانکۆ دەدات.
- پێ دەچێت زانکۆ حەزی لێ بێت چالاکیی مامۆستایان لە دەرەوەی عێراق بێت، چونکە خاڵی زیاتری بۆ داناوە. ئەمە دروستە، بەڵام پێویستە زانکۆ ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە ئاراستەکردنی ئەو مامۆستایانەی کە نازانن یان ناتوانن چالاکی لە دەرەوەی عێراق ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ نیشان بدرێت کە چۆن ئەو کارە ئەنجام بدەن.
- زانکۆ تەنیا گرنگی بە وەرگێرانی کتێب دەدات، بۆیە دەپرسم: ئەی وەرگێرانی توێژینەوە؟ ئەی وەرگێڕانی وتارێک لە گۆڤارێکی نێودەوڵەتی؟
- بۆ پێشکەشکردنی سیمینار بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی هیچ خاڵێک هەژمار ناکرێت، کەچی ئەم کارە کارێکی زانستییە و، لۆژیکی تێدا نییە کە بە چالاکی هەژمار ناکرێت.
- جیاوازی نییە لە نێوان چاوپێکەوتنی میدیایی، جا تەلەڤزیۆن بێت یان ڕادیۆ یان گۆڤار یان ڕۆژنامە. بێ گومان دەبێ جیاوازییان هەبێت، لەبەر ئەوەی زانکۆ زیاتر سوود لە چاوپێکەوتنەکانی تەلەڤزیۆنی دەبینێت بۆ ناوبانگی خۆی. بۆیە پێویستە خاڵ و بەهای زیاتری پێ بدات، چونکە ناوی زانکۆ لە کاتی چاوپێکەوتندا لەژێر ناوی مامۆستاکە دێت.

### 2. ناهاوسەنگی لە نێوان جۆری چالاکییەکان و خاڵی هەژمارکراو

بەدیاریکراوی ڕوون نییە کە خاڵی چالاکییەکان بە چ پێوەرێک دانراوە؛ ئایا بە پێوەری گرنگی ئەو چالاکییە بۆ زانکۆ؟ یان بە پێوەری ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی چالاکی؟ یان بە پێوەری ئارەزووی مامۆستایان؟ یان بە پێوەری بەها و نرخی ئەم چالاکییە؟ یان هەر پێوەرێکی تر، چونکە لە دانانی خاڵەکان نالۆژیکی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە:

- بۆ پێشکەشکردنی یەک سیمینار لە زانکۆدا (3) خاڵ هەژمار دەکرێت، کەچی بە هەمان شێوە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی کە DOI هەبێت، (3) خاڵ هەژمار دەکرێت! ئەگەر بە پێوەری گرنگی و بە پێوەری بەها و بە پێوەری ماوە بێت، ئەوا بێ گومان ئەنجامدان و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی، گرنگتر و بەبەهاترە و ماوەی (30 – 90) ڕۆژی دەوێت، کەچی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی یەک سیمینار ڕنگە ڕۆژێک تا سێ ڕۆژی پێویست بێت. بۆیە ناکرێت بە یەک چاو سەیر بکرێن و هەمان خاڵیان هەبێت.
- نووسینی پەرتووکێک لەسەر داوای زانکۆ (12) خاڵی بۆ دانراوە، کەچی نووسینی پەرتووک بەبێ داوای زانکۆ (4) چوار خاڵی بۆ دانراوە، کە هەمان چالاکییە و تەنها داواکاریی زانکۆی لەگەڵ

نییە. بە بۆچوونی ئێمە پێویستە زانکۆ واز لەو عەقڵییەتە بهێنێت ئەگەر شتێک لەسەر داواکاریی زانکۆ نەبێت بەهای نییە؛ لە بەرامبەر ئەودا پێویستە زانکۆ بە عەقڵییەتی بەبازاڕکردن (Marketing) سەیری چالاکییەکانی مامۆستایانی بکات و، ڕێگە بە مامۆستایانی خۆی بدات کتێب، هەتا بەبێ داوای زانکۆش بێت، بڵاوبکەنەوە؛ بە مەرجێک ناو و لۆگۆی زانکۆ لەژێر ناوی نووسەر بێت. زۆر پێوەر هەن بۆ دیاریکردنی بەها و نرخی زانکۆ، یەکێک لەو پێوەرانە ژمارەی ئەو کتێبانەیە کە مامۆستایانی ئەو زانکۆیە ساڵانە بە ناو و لۆگۆی زانکۆوە دەری دەکەن؛ ئەمە جگە لەوەی لامان ڕوون نییە بۆچی زانکۆ خاڵی کەمتری بۆ نووسینی کتێب بەبێ داواکاریی زانکۆ داناوە، چونکە خەرجی داراییی چاپکردنی نووسینی کتێبێک بەبێ داواکاریی زانکۆ لەسەر ئەستۆی نووسەرە نەوەک زانکۆ، کەچی خەرجی داراییی نووسینی کتێبێک لەسەر داواکاریی زانکۆ لەسەر خودی زانکۆ دەبێت نەوەک نووسەر، ئەمە لە کاتێکدایە کە دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بە دەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنن. لە هەموو ئەوانەیش سەیرتر ئەوەیە، لە کاتی کردنەوەی پێشانگەی کتێب، بانگەواز بۆ مامۆستایانی زانکۆ دەکرێت بۆ ئەوەی ئەو کتێبانەی کە لەسەر خەرجی داراییی خۆیان چاپیان کردووە بیهێنن بۆ خانەی زانکۆ لە پێشەنگە بۆ ئەوەی لەوێ بفرۆشرێت تا کڕیاران نەڵێن زانکۆ هیچ بڵاوکراوەی نییە. مادام زانکۆ هێندە پێویستی بەم جۆرە کتێبانە هەیە، کەواتە پێویستە هانی نووسینیان بدرێت.

لە هەموو ئەوانەیش سەیرتر ئەوەیە، لە کاتی کردنەوەی پێشانگەی کتێب، بانگەواز بۆ مامۆستایانی زانکۆ دەکرێت ئەو کتێبانەی کە خۆیان چاپیان کردووە بیهێنن بۆ خانەی زانکۆ لە پێشەنگە، بۆ ئەوەی لەوێ بفرۆشرێت بۆ ئەوەی کڕیاران نەڵێن زانکۆ هیچ بڵاوکراوەی نییە! مادەم زانکۆ هێندە پێویستی بەم جۆرە کتێبانە هەیە، کەواتە هانی نووسینیان بدەن، تکایە!

- بە هەمان شێوەی خاڵی پێشوو، وەرگێڕان لەسەر داوای زانکۆ (8) خاڵی بۆ دانراوە، کەچی وەرگێڕان بەبێ داوای زانکۆ (4) خاڵی بۆ دانراوە. هەمان ئەو تێبینییانەی کە لە خاڵی پێشوودا خستمانە ڕوو، بۆ ئەم خاڵەیش هەر دروستە.
- پێشکەشکردنی توێژینەوە لە کۆنفرانسی زانستی لە دەرەوەی عێراق (7) خاڵی بۆ تەرخان کراوە، کەچی پێشکەشکردنی توێژینەوە لە کۆنفرانسی زانستی لە ناوەوەی عێراق (3) خاڵی بۆ دانراوە. ئەمە بەکەمزانینی کۆنفرانسە نێوخۆییەکانە، چونکە هیچ پێوەرێک بۆ کۆنفرانسی دەرەوە دانەنراوە و، ڕەنگە کۆنفرانسێکی زانستی لە ناوخۆدا ئەنجام بدرێت زۆر بەبەها و زۆر زانستیتر بێت لەچاو ئەوەی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێت.
- هەڵسەنگاندنی زانستیی توێژینەوەیەک کە ئەوپەڕی (30) لاپەرە دەبێت بۆ گۆڤارێکی ناوخۆ (3) خاڵی بۆ دانراوە، بەڵام هەڵسەنگاندنی زانستیی توێژینەوەیەک کە ئەوپەڕی (15) لاپەرە دەبێت بۆ گۆڤارێکی دەرەوە (4) خاڵی بۆ دانراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەڵسەنگاندنی زانستیی تێزی دکتۆرا کە (250–300) لاپەڕەیە تەنیا (3) خاڵی بۆ دانراوە و، هەڵسەنگاندنی زانستیی نامەی ماستەر کە (120–150) لاپەڕەیە تەنیا (2) خاڵی بۆ دانراوە. بە هەر پێوەرێک ئەم خاڵانە دیاری کرابن ئەوا هەڵەیە، چونکە ئەم چالاکییانە لە ڕووی بەهای زانستی و ماوەی ئەنجامدان و بەرپرسیارێتیی هەڵسەنگێنەر زۆر لێك جیاوازن و لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکرێن.
- کارکردن و ئەندامبوون لە لێژنەی تاقیکردنەوەی کۆلێژ یان لە لێژنەی نازناوی زانستی (10)

خاڵی بۆ دیاری کراوە، کەچی کارکردن و ئەندامبوون لە لیژنەی دڵنیاییی جۆریی بەش یان لە لیژنەی زانستیی بەش تەنیا (2) خاڵی بۆ دانراوە. ماوەی کارکردن و بەرپرسیاریتی و ماندووبوون و ژمارەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی دڵنیاییی جۆری و لیژنەی زانستیی بەش، کەمتر نییە لە کارەکانی لیژنەی تاقیکردنەوە و لیژنەی نازناوی زانستی.

- پێشکەشکردنی وتاری هەینی لە مزگەوت (4) خاڵی بۆ دیاری کراوە، کەچی نووسین و بڵاوکردنەوەی وتارێکی زانستی بە ناوی زانکۆوە تەنیا (2) خاڵی بۆ دانراوە. دەپرسین: ئایا مامۆستای ئایینی لە کاتی وتارداندا ناوی زانکۆکەی دەهێنێت؟ کەچی مامۆستای زانکۆ لە کاتی بڵاوکردنەوەی وتاردا لەژێر ناوی خۆیدا ناوی زانکۆکەی دەنووسێت! دیسان دەپرسینەوە: کامیان بۆ ناو و ناوبانگی زانکۆ گرنگترە: وتاری هەینی یان وتاری زانستی؟
- هەر مامۆستایەک دەستاوێژی داهێنان (براءة الاختراع) بەدەست بهێنێت ئەوا (15) خاڵی پێ دەدرێت. زۆر بەڕوونی دەڵێین: ئەگەر ئێمە زانکۆ بین و مامۆستاکەی ئێمە دەستاوێژی داهێنانی بەدەست هێنابێت، ئەوا بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە پێداویستییەکانی سیستەمی دڵنیاییی جۆری دەیبەخشین و بە شتی لابەلا سەرقاڵی ناکەین و کاتی پێ دەدەین با مامۆستاکەمان هەر خەریکی داهێنان بێت. خوا بکەم مامۆستایەکی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان داهێنان بکات!
- ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی میدیایی، بەتایبەتی چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی کە هەموو دونیا دەیبینێت و ناوی زانکۆ لەژێر ناوی مامۆستاکە دەنووسرێت، کەچی زانکۆ تەنیا (1) خاڵی بۆ داناوە.
- هەر مامۆستایەکی زانکۆ ببێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارێکی زانستیی ناوخۆیی، ئەوا تەنیا (1) خاڵی بۆ هەژمار دەکرێت. سەرەڕای گرنگیی زانستیی ئەم کارە، کەچی دانانی یەک خاڵ بۆ ئەم چالاکییە مانای ئەوەیە زانکۆ بەها بەم کارە نادات؛ ئەمەیش کارێکی دروست نییە، چونکە لاوازیی گۆشەنیگای بەبازاڕکردن لە عەقڵییەتی زانکۆدا نیشان دەدات.

### 3. هەبوونی میچ (سقف) بۆ ئەنجامدانی زۆربەی چالاکییەکان

زۆربەی هەرە زۆری ئەو چالاکییانەی کە دانراون بۆ ئەوەی مامۆستایانی زانکۆ پیادەی بکەن و خاڵی پێ کۆ بکەنەوە، میچیان بۆ دیاری کراوە و ئەگەر ژمارەی چالاکییەکانی مامۆستا لەو میچە تێپەڕ بوو، ئەوا چالاکییە زیادەکان بۆی هەژمار ناکرێت.

بە دیدی ئێمە، هیچ پاساوێک نییە بۆ دانانی ئەو میچە و، بگرە بە کۆتوبەندی دەزانین لە بەرامبەر تواناکانی مامۆستایان و، هەروەها ڕێزنەگرتنە لە هەمەچەشنیی تواناکانی مامۆستایان، چونکە مامۆستاکان لە ڕووی تواناوە وەک یەک نین؛ ئەو مامۆستایەی کە لە نووسینی توێژینەوەدا زیرەکە، ڕەنگە لە پێشکەشکردنی سیمینار باش نەبێت، یاخود ئەو مامۆستایەی لە نووسینی وتاردا زیرەکە، ڕەنگە لە نووسینی توێژینەوە باش نەبێت، یاخود ئەو مامۆستایەی لە نووسینی کتێبدا باش بێت، ڕەنگە لە وەرگێڕانی کتێبدا باش نەبێت. بۆیە پێویستە زانکۆ ڕێز لەو هەمەچەشنییە لە تواناکاندا بگرێت و، بگرە سوودیان لێ ببینێت و ڕێگەیان لێ نەگرێت، لەبەر ئەوە، دەبێ ئەو میچانە هەمووی هەڵبگیرێن. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

- مامۆستا لە (5) سیمینار زیاتر ئەنجام بدات، زانکۆ خاڵی بۆ هەژمار ناکات. بەئەمانەتەوە دەڵێن؛ مامۆستایەکی زانکۆ، لە یەک ساڵدا زیاتر لە (30) سیمیناری پێشکەش کرد بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بواری هەڵبژاردن و مافە سیاسییەکانەوە، کەچی زانکۆ تەنیا (5) سیمیناری

بۆ هەژمار کرد و، زانکۆ لەوە بێئاگایە کە ئەم مامۆستایە، جگە لە پێشکەشکردنی سیمینار، بەبازاڕکردن بۆ ناوی خۆی و ناوی زانکۆ و ناوی کۆلێژەکەی خۆی دەکات و ڕۆڵ و کاریگەریی زانکۆکەی لە کۆمەڵگەدا بەرز کردۆتەوە!

- مامۆستا لە (4) داهێنان زیاتر بکات، ئەوا زانکۆ بۆی هەژمار ناکات. خوا بکا ببینە خاوەن داهێنان! ئیدی نازانم بۆچی ڕێگر بین؟!
- بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنان وەک وانەبێژ لە (7) ڕۆژ زیاتر بۆ مامۆستا هەژمار ناکرێت. پێم سەیرە زانکۆ ڕێگرە! چونکە مامۆستاکە ناوی زانکۆکەی هەڵگرتووە لە کاتی وانەگوتنەوە لە خولەکانی ڕاهێناندا، بۆچی ڕێی لێ دەگیرێت؟!
- مامۆستا لە (3) کتێب زیاتر بنووسێ، بۆی هەژمار ناکرێت. سەیر ئەوەیە! مەعقووڵە زانکۆ کە سەرچاوەی نووسین و مەعریفەت و زانستە، ڕێگر بێت لە نووسینی کتێب؟! لە مامۆستا بگەڕێن، چەندی دەنووسێت با بنووسێت؛ ئەوە کرۆکی کارەکەیەتی.
- مامۆستا لە (3) کتێب زیاتر وەربگێڕێت، بۆی هەژمار ناکرێت. ئەمەیان کارەساتە، چونکە لە سەردەمێکدا دەژین زۆربەی قوتابییەکانمان تەنیا زمانی کوردی دەزانن؛ هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، مامۆستاکانی زانکۆ دوو زمان یان زیاتر دەزانن. بۆیە پێویستە زانکۆ، بەو سەرچاوە مرۆییە زانستییەی کە هەیەتی، ڕۆڵی هەبێت لە بزووتنەوەی وەرگێڕانی نوێترین کتێب بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی. ئەگەر ئەم کارە زانکۆ نەیکات، ئەی کێ بیکات؟ دانانی میچ بۆ ئەم چالاکییە کارێکی یەکجار نالۆژیکییە.
- مامۆستا نابێت هەڵسەنگاندن بۆ زیاتر لە (10) توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدات، ئەگینا بۆی هەژمار ناکرێت! مامۆستای زانکۆ هەیە جێگەی متمانەی زانستیی چەندان گۆڤاری زانستییە و کاتێک نووسراوی هەڵسەنگاندن ئاراستەی مامۆستا دەکرێت، ئەوا ناوی زانکۆکەی لە تەک ناوی هەڵسەنگێنەر دێت؛ ئیدی نازانم بۆچی زانکۆ ڕێگرە لەوەی خەڵک ڕێز لە مامۆستاکانی بگرێت و متمانەیان پێ بکات؟! بۆچی حەز ناکات ئاراستەی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان هەمووی بۆ مامۆستاکانی بێت؟ بۆچی ڕێگرە لەوەی خۆی و مامۆستاکانی ببن بە مەرجەعی زانستی بۆ چەندان گۆڤاری زانستی؟!
- مامۆستا نابێت هەڵسەنگاندنی زمانەوانی یان زانستی بۆ زیاتر لە (5) کتێب یان نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا بکات، ئەگینا زانکۆ بۆی هەژمار ناکات. هەمان تێبینیی خاڵی پێشوو بۆ ئەم خاڵەیش دروستە!
- لە (3) وتار زیاتر بنووسرێت، ئەوا هەژمار ناکرێت؛ ئەمە لە کاتێکدایە هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ لە ڕێگەی وتارەکانیانەوە ئاراستەی حکوومەت، وەزارەت، پەرلەمان و دەزگەکانی تری دەوڵەتیان گۆڕیوە.
- لە (7) چاوپێکەوتنی میدیایی زیاتر هەژمار ناکرێت! کێشە لەوەیە زانکۆ تا ئێستا درک بەوە ناکات کە لە ڕێگەی مامۆستاکانییەوە و لە ڕێگەی میدیاوە دەتوانێت کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و، بەرەوپێشی ببات و، شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بگۆڕێت.
- مامۆستا تەنیا دەتوانێت لە (30) سیمینار دابنیشێت، لەوە زیاتر بۆی هەژمار ناکرێت. سەیرە! زانکۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دوو شتمان پێ دەڵێت: یەکەمیان، فێر مەبە لە ڕێگەی دانیشتنەوە، دووەمیان زۆر دابنیشە و کەم جووڵە بکە، چونکە هەموو چالاکییەکانی تر کە

جووڵەیان تێدایە میچیان ناگاتە (30)، کەچی دانیشتن (کە جووڵەی تێدا نییە و چالاکییەکی نێگەتیڤە) دەگات بە (30)!

دیاریکردنی میچی ئەنجامدانی هەندێ لە چالاکییەکان، هاوتەریبە لەگەڵ نەبوونی میچ بۆ ئەنجامدانی هەندێ چالاکیی تر کە لە بنەڕەتەوە نازانرێت بە چ پێوەرێک و بە چ هۆکارێک میچ بۆ هەندێ چالاکی دانراوە و بۆ هەندێکی تر دانەنراوە. نموونەی هەندێ لەو چالاکییانەی کە میچیان بۆ دانەنراوە، وەک:

- بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی.
- سیمیناری هاوسەنگیکردن بۆ نامەکانی ماستەر یان دکتۆرای ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات بەدەستیان هێناوە.
- تاوتوێکردنی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا.
- لیژنەی ئامادەکاریی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمپۆزیۆم.

4. **ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەندێ کۆلێژ لە هەژمارکردنی چالاکییەکان**

بۆ دیاریکردنی چالاکییەکان و دانانی خاڵ، ڕەچاوی تایبەتمەندیی هەندێ کۆلێژ کراوە و هەندێکی تریش پشتگوێ خراون و، هەندێ لەو چالاکییانەیش زانستی نین و پەیوەندییان بە زانکۆوە نییە، بۆ نموونە:

- وتاری هەینی بۆ مامۆستایانی کۆلێژی شەریعەت بە چالاکی هەژمار کراوە، کەچی ئەوەی ڕاستی بێت ئەم چالاکییە، زانستی نییە و هیچ پەیوەندیی بە زانکۆوە نییە!
- سەردانی حقل یان شوێنی چالاکی بۆ مامۆستایانی کۆلێژی کشتوکاڵ و، هەروەها کۆلێژی زانست (بەشی جیۆلۆژی) بە چالاکی هەژمار کراوە.
- سەردانی شوێنە مێژووییەکان بۆ مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب (بەشی شوێنەوار) بە چالاکی هەژمار کراوە.
- کردنەوەی پێشانگەی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ مامۆستایانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بە چالاکی هەژمار کراوە، کەچی پەیوەندیی بە زانکۆوە نییە، بەڵکوو لەسەر ئاستی کەسی ئەنجام دەدرێت.

ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی هەندێ کۆلێژ لە کاتێکدایە کە تایبەتمەندیی هەندێ کۆلێژی تر پشتگوێ خراوە، بۆ نموونە: چالاکییەکانی مامۆستایانی کۆلێژی یاسا لە سەردان و پێشکەشکردنی راوێژی یاسایی، یان چالاکییەکانی مامۆستایانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان و کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری و کۆلێژی ئەندازیاری و هتد.

5. **وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختە**

بۆ ئەوەی چالاکییەکانی دەرەوەی زانکۆ بۆت هەژمار بکرێت، بەتایبەت پێشکەشکردنی سیمینار لە دەرەوەی حەرەمی زانکۆ، پێویستە مامۆستا ڕەزامەندیی پێشوەختەی زانکۆ وەربگرێت. ئەمەیش ڕۆتینێکە لە ئاست و ژمارەی چالاکییەکانی مامۆستایان کەم دەکاتەوە.

**دووەم – تێبینییەکان سەبارەت بە هەگبەی مامۆستا**

فۆڕمی هەگبەی مامۆستا، لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستا پێک دێت. ئەم هەڵسەنگاندنەیش لە سێ تەوەری سەرەکی پێک دێت: هەڵسەنگاندنی کارگێڕی و هەڵسەنگاندنی دڵنیایی جۆری و هەڵسەنگاندنی زانستی، کە هەموویان لەلایەن سەرۆکی بەشی زانستی و تیمی دڵنیایی جۆرییەوە ئەنجام دەدرێت. بێ گومان ئەم فۆرمەیش بەدەر نییە لە هەبوونی کەموکوڕیی جەوهەری، کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوە کۆیان بکەینەوە:

1. بۆ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستا، دووبارە میچ دانراوە، بۆ نموونە:

- بۆ هەر جۆرێک لە جۆرەکانی سوپاس و پێزانین، تەنیا (4) سوپاس و پێزانین بۆ مامۆستا هەژمار دەکرێت. یەکێک لەم سوپاسانە بریتییە لە سوپاس و پێزانینی سەرۆکی هەرێم. ئەگەرچی ئەستەمە مامۆستا لە ساڵێکدا زیاتر لە چوار سوپاس و پێزانینی سەرۆکی هەرێم بەدەست بهێنیت، بەڵام لۆژیک ئەوە قبووڵ ناکات کە بۆچی زانکۆ قبووڵی نییە مامۆستایەک پێنج جار سوپاس و پێزانینی سەرۆکی هەرێمی پێ ببەخشرێت؟! بۆچی زانکۆ بەبازاڕکردن بۆ ئەو سوپاسانە ناکات کە مامۆستاکانی لە لایەنە فەرمییەکانەوە وەری دەگرن؟!
- مامۆستا هەرچەند لە ڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە چالاک بێت، بەڵام ناتوانێت سوود لە ئەندامێتیی سەندیکا و ڕێکخراوی کوردستانی یان نێودەوڵەتی وەربگرێت ئەگەر ژمارەیان لە (3) ڕێکخراو زیاتر بێت. بۆ زانکۆ باشترە مامۆستاکانی لە ڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە چالاک بن بۆ ئەوەی ڕێژەی کاریگەریی زانکۆ لە کۆمەڵگە بەرز بکاتەوە.
- لە هەموو جیهاندا، هانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدرێت کە کاری خۆبەخشی ئەنجام بدەن، کەچی زانکۆ پەیامێکی ڕوون ئاراستەی مامۆستایانی دەکات کە لە ساڵێکدا تەنیا (2) چالاکیی خۆبەخشی و هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە حکوومی و ناحکوومییەکان بۆیان هەژمار دەکرێت! چەند نالۆژیکییە کاتێک بە یاسا سنوور بۆ کاری خۆبەخشی و کەلتووری کاری خۆبەخشی دادەنرێت! ئەسڵەن پێویستە زانکۆ پێشەنگ بێت لە هاندانی مامۆستایانی لە پیادەکردنی کاری خۆبەخشی و بڵاوکردنەوەی کەلتووری کاری خۆبەخشی.

2. یەکێک لە پێوەرەکان کە هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ مامۆستای زانکۆ ئەنجام دەدرێت بریتییە لە بەشداریکردن لە مەلەوانگەی زانکۆ؛ بە شێوەیەک ئەگەر مامۆستای زانکۆ لە ڕەگەزی مێ بێت و لە مەلەوانگەی زانکۆ بەشدار بێت ئەوا (5) خاڵ وەردەگرێت و ئەگەریش لە ڕەگەزی نێر بێت ئەوا (4) خاڵ وەردەگرێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بەشداریکردنی مامۆستای زانکۆ لە مەلەوانگەی زانکۆ بۆچی خاڵی لەسەر بێت؟ مەلەکردن چ پەیوەندییەکی بە پێوەری زانستییەوە هەیە؟ بۆچی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ کراوە؟ پێویستە دەستبەجێ ئەم پێوەرە لەنێو پێوەرەکان لا بدرێت، چونکە پەیوەندیی بە بەجێگەیاندنی کارگێڕی و زانستیی مامۆستاوە نییە.
3. هەڵسەنگاندنی کارگێڕی بۆ ئاستی بەجێگەیاندنی مامۆستای زانکۆ بە چەندان پێوەری کلاسیک ئەنجام دەدرێت کە هەرگیز لەم ڕێگەیەوە ناتوانرێت هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروست بۆ مامۆستای زانکۆ بکرێت. نموونەی ئەم جۆرە پێوەرە کۆن و کلاسیکییانە وەک:

- مامۆستا چەند سوپاس و پێزانینی وەرگرتووە؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە زانکۆ میچی بۆ وەرگرتنی سوپاس و پێزانین داناوە!

- ئایا مامۆستا سزای زانستی و کارگێڕیی وەرگرتووە؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئێستادا لەبەر قەیرانی دارایی و دەستێوەردانی لایەلا لە کاروباری زانکۆدا بەها بۆ سزا نەماوە، چونکە بەدەگمەن مامۆستایەک سزا دەدرێت! ئەمە جگە لەوەی جیاوازی لە نێوان سزای سووک و سزای توند نەکراوە.
- ئایا مامۆستا گرنگی بە کات دەدات و لە کاتی خۆی ئامادە دەبێت؟
- ئایا مامۆستا تا چەند هاوکاری بەش بووە بۆ ڕاییکردنی کارەکان؟

ئەم پێوەرانە خراپ نین، بەڵام بەتەنیا بەس نین بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و دروست بۆ ئاستی بەجێگەیاندنی مامۆستای زانکۆ بکرێت، بەڵکوو لە تەک پێوەرەکانی سەرەوە، پێویستە پشت بە پێوەری تریش ببەسترێت بۆ هەڵسەنگاندنی کارگێڕی و زانستیی مامۆستایانی زانکۆ، وەک:

- کواڵێتی و شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستا.
- توانستی مامۆستا بۆ بەڕێوەبردنی هۆڵەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکان.
- کواڵێتیی کەسایەتی و هەگبەی زانستی و ئەکادیمی لە هەموو ڕوویەکەوە.
- دەستپاکیی ئەکادیمیی مامۆستا لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە.
- توانستی مامۆستا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان (چەند کێشەی دروست کردووە و چەندی چارەسەر کردووە).
- ڕۆڵی مامۆستا لە بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان.
- ڕۆڵی مامۆستا لە پێشخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە.
- توانستی مامۆستا بۆ نوێبوونەوە و خۆگونجاندن.
- پابەندبوونی مامۆستا بە یاسا و ڕێنماییەکان و بڕیارەکان.
- تێکەڵنەکردنی کاری زانستی و کاری سیاسی و حزبایەتی لەگەڵ یەکتر.
- ڕێگە بە دەستێوەردانی دەرەکی نادات لە کاروباری خوێندندا و بڕیارەکانیشی بابەتین.
- ڕێکپۆشیی مامۆستا و شێوازی قسەکردن و ڕەفتارکردنی.
- بەشداریکردنی مامۆستا لە پێدانی پێشنیار و چارەسەری گونجاو.
- مرونەتی مامۆستا لە کاتی کارکردن.
- پەیوەندییە پۆزەتیڤەکانی مامۆستا لەگەڵ مامۆستایانی هاوپیشە و لەگەڵ قوتابیان و لەگەڵ سەرووی خۆی (کارگێڕی).

**سێیەم – تێبینییەکان سەبارەت بە فیدباکی قوتابیان**

زانکۆ، لە ڕێگەی فۆرمێکی ئەلیکترۆنییەوە، فیدباکی قوتابیان لەسەر مامۆستایان وەردەگرێت. ئەم فیدباکە لەسەر بنەمای (10) پێوەری سەرەکی ئەنجام دەدرێت:

1. لە دەستپێکی خوێندندا مامۆستا کۆرسبووکی بابەتەکەی پێتان دا؟ بۆتانی ڕوون کردەوە؟
2. ئایا مامۆستا پابەند بوو بەو سلیبەس (پلانی ساڵانەی خوێندن)ەی کە لە کۆرسبووکی بابەتەدا هەبوو؟
3. مامۆستا هەوڵی دا ئامانج و گرنگیی هەبوونی بابەتەکەی لەناو پرۆگرامی خوێندندا ڕوون بکاتەوە؟

4. شێوازی هەڵسەنگاندن و پرسیارەکانی تاقیکردنەوە لەبار و گونجاو بوون؟
5. مامۆستا لە کاتی خۆیدا دەهاتە ژوورەوە و لە کاتی خۆیدا وانەکەی تەواو دەکرد؟
6. لە کاتی وانەگوتنەوە مامۆستا هەوڵی دا بنەما و ناوەڕۆک و خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە بەڕوونی و بەسادەیی شی بکاتەوە؟
7. لە کاتی وانەگوتنەوەدا مامۆستا بەنەرمی و بەهێمنی و بەڕێزلێنانەوە هەڵسوکەوتی دەکرد؟
8. سلایدەکانی بەکارهێنران، ڕوون و ئاشکرا و سەرنجڕاکێش بوون؟
9. لە کاتی وانەگوتنەوەدا مامۆستا کاتی پرسیارکردنی هێشتەوە و هەوڵی دا پرسیارەکان بەتێروتەسەلی وەڵام بداتەوە؟
10. لە کاتی وانەگوتنەوەدا، مامۆستا ئاماژەی بە سەرچاوەی نوێ دەکرد؟

تێبینییەکان لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی فیدباک (ڕاوبۆچوون، هەڵسەنگاندن، کاردانەوە)ی قوتابیان و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بەم شێوەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1. ڕێژەی (30%)ی پێوەرەکان بۆ بابەتی کۆرسبووک تەرخان کراوە، هەروەک لە پێوەری (1) و (2) و (3)دا دیارە. بە بۆچوونی ئێمە پێدانی ئەم ڕێژە بەرزە بە کۆرسبووک دروست نییە، چونکە لە ئێستادا مامۆستا کۆرسبووک نادات بە قوتابی، بەڵکوو قوتابی لە وێبسایتی مامۆستا دەستی دەکەوێت. با هەندێک ڕاست و ڕوون بین لەگەڵ خۆمان و بپرسین: کوا ئێستا مامۆستا گرنگی بە کۆرسبووک دەدات؟ چەند قوتابیی زانکۆ سەیری کۆرسبووک دەکەن تا بزانن ئەوساڵی خوێندن چی دەخوێنن؟
2. بەپێی پێوەری ژمارە (2)، قوتابی، مامۆستای خۆی هەڵدەسەنگێنێت لەسەر پێوەری پابەندبوونی مامۆستا بەو سلیبەسەی کە لە کۆرسبووکی بابەتەدا هەبووە. جارێک تێستێکمان کرد لە زانکۆ بۆ ئەوەی بزانین چەند قوتابی دەزانن "سلیبەس" چییە. بۆمان دەرکەوت ڕێژەکە هێندە کەم بوو کە شایەنی ئاماژەدان نییە، ئەمە جگە لەوەی دڵنیابوونەوە لە ڕادەی پابەندبوونی مامۆستا بە پلانی ساڵانەی خوێندن (سلیبەس)ی نێو کۆرسبووک کاری قوتابی نییە، بەڵکوو کاری سەرۆکی بەشی زانستییە کە بەدواداچوون بۆ ئەم کارە بکات؛ نەک لە کۆتاییی ساڵ، بەڵکوو لە سەرتای ساڵەوە. ئەمە جگە لەوەی هەندێ جار لەبەر پشوو و تاقیکردنەوەکان، مامۆستا ناتوانێت پابەند بێت بە پلانی ساڵانەی خوێندن (سلیبەس) کە خۆی دای ناوە؛ واتا ناکرێت هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێگەیاندنی مامۆستا بکرێت لەسەر کارێکی ئەنجامنەدراو لەبەر هۆکاری دەرەکی نەوەک لەبەر ئەوەی مامۆستاکە کەمتەرخەم بووبێت.
3. بەپێی پێوەری ژمارە (3)، مامۆستا لەسەریەتی ئامانج و گرنگیی هەبوونی بابەتەکەی لەناو پرۆگرامی خوێندن بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوە. بێ گومان ئەم کارە شتێکی باشە، بەڵام ئەم کارە بە وانەیەکی یەک کاتژمێری ئەنجام دەدرێت. بۆیە لۆژیکی نییە (10%)ی نمرەی هەڵسەنگاندنی لەسەر بێت، چونکە دەبێت پێوەری هەڵسەنگاندن تایبەت بێت بە کارێک کە لەسەر مامۆستا پێویست بێت بیکات؛ هەر لە سەرەتای ساڵەوە تاوەکوو کۆتاییی ساڵ.
4. بەپێی پێوەری ژمارە (4)، پێویستە لەسەر مامۆستا شێوازی هەڵسەنگاندن و پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی لەبار و گونجاو بێت. بە ڕای ئێمە ئەم پێوەرە دروست نییە، چونکە دانانی پرسیاری تاقیکردنەوە و شێوازی هەڵسەنگاندن دوو شتی لێکجیاوازن. بۆ نموونە: پێوەرەکانی

شێوازی هەڵسەنگاندن کە پێویستە مامۆستا پێوەی پابەند بێت، جیاوازن لە پێوەرەکانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە. بێ گومان هەڵسەنگاندنی قوتابی لەلایەن مامۆستاوە پێوەری خۆی هەیە و، پێویستە قوتابی مامۆستای خۆی هەڵسەنگێنێت لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانە، وەکوو: (نابێت مامۆستا لایەنگیر بێت، یان پێویستە شەفاف بێت، یان پێویستە لە سەرتای ساڵەوە قوتابی بزانێت بە چ پێوەرێک هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و نمرەکانی بۆ دادەنرێت، یان هتد). ئەمە جگە لەوەی ڕوون نییە نە بۆ قوتابی و نە بۆ مامۆستاش کە مەبەست لە "پرسیاری لەبار و گونجاو" چییە؟ ئایا پرسیاری ئاسان، پرسیاری لەبار و گونجاون؟ ئایا پرسیاری قورس و ناڕوون و ئەوانەی پێویستییان بە بیرکردنەوە زیاتر دەبێت، پرسیاری باش نین؟ ئایا دروستە لە پرسیارەکاندا دژیەکبوون هەبێت؟ یان ئەگەر هەڵەی تایپ و هەڵەی زمانەوانی لە پرسیاردا هەبێت، ئایا ئەو پرسیارانە خراپن هەتا ئەگەر ڕوون و دروستیش بن؟

5. بەپێی پێوەری ژمارە (5)، قوتابی، مامۆستاکەی هەڵدەسەنگێنێت لەسەر بنەمای هاتنەژوورەوە و چوونەدەرەوە لە هۆڵی خوێندن لە کاتی دیاریکراودا. بێ گومان ئەم پێوەرە دروست نییە و ناکرێت ئەم هەڵسەنگاندنە بە قوتابی بسپێردرێت، چونکە هاتنەژوورەوەی مامۆستا بۆ نێو هۆڵی خوێندن و دەرچوونی، کارێکی کارگێڕییە و پەیوەست نییە بە قوتابی، بەڵکوو پەیوەستە بە سەرۆکی بەش؛ چونکە مامۆستا لە ڕووی کارگێڕی و زانستییەوە پەیوەستە بە سەرۆکی بەشەوە.
6. بەپێی پێوەری ژمارە (6)، پرسیار لە قوتابی دەکرێت: ئایا مامۆستاکەت لە کاتی وانەگوتنەوەدا هەوڵی دا بنەما و ناوەڕۆک و خاڵە گرنگەکانی بابەتەکە بەڕوونی و بەسادەیی شی بکاتەوە؟ ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دروست نییە، چونکە مامۆستا تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە گرنگەکان هەوڵ نادات، بەڵکوو لەسەریەتی هەموو خاڵەکان بە یەک ئاست و گرنگییەوە بۆ قوتابی ڕوون بکاتەوە؛ ئەمە جگە لەوەی تێگەیشتنی قوتابی، گرنگترە لە هەوڵی مامۆستا بۆ ڕوونکردنەوە. بۆیە گرنگ نییە مامۆستا چۆن وانەکە دەڵێتەوە، بەڵکوو گرنگە لە قوتابییەکان بپرسن: ئایا لە شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستا و لە بابەتی شرۆڤەکراو تێ گەیشتوون؟ تێ دەگەن؟
7. بەپێی پێوەری ژمارە (7)، لەسەر مامۆستا پێویستە کە لە کاتی وانەگوتنەوەدا بەنەرمی و بەهێمنی و بەڕێزلێنانەوە ڕەفتار بکات. بەڵێ ڕاستە، لەسەر مامۆستا پێویستە ڕێزی قوتابی بگرێت، بەڵام ناکرێت هەمیشە نەرم و هێمن بێت؛ لە هەندێ شوێن و مەوقیفدا پێویستە مامۆستا توند و یەکلاییکەرەوە بێت، ئەمە جگە لەوەی دیار نییە مەبەست لە "ڕێزلێنانەوە" چییە؟ چونکە مامۆستا لەسەریەتی ڕێزی خۆی و ڕێزی قوتابی و ڕێزی بڕیارەکانی بەش و ڕێزی سەرۆکی بەش و ڕێزی ڕاگر و ڕێزی مامۆستاکانی تریش بگرێت و، لە هۆڵەکانی خوێندن لە کاتی وانەگوتنەوە بەگاڵتەجاڕییەوە ناویان نەهێنێت!
8. بەپێی پێوەری ژمارە (8)، پێویستە سلایدەکانی مامۆستا ڕوون و ئاشکرا و سەرنجڕاکێش بن. لەم سۆنگەیەوە دەپرسین: مامۆستا چی بکات و تاوانی چییە ئەگەر داتاشۆی زانکۆ کۆن بێت و وێنەکەی ڕوون نەبێت یان ڕەنگەکانی تەواو نەبێت؟ ئاخۆ زانکۆ داتای دروستی لەبەردەمە چەند هۆڵی خوێندن بێداتاشۆیە و چەند هۆڵی خوێندن داتاشۆکەی کۆنە و بەتەواوەتی کار ناکات؟ ئەمە جگە لەوەی هەبوونی ئەم پێوەرە جۆرێکە لە دانپێدانانی زانکۆ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە سلایدەکان وەک مەنهەجی خوێندن و دوورکەوتنەوە لە کتێب.
9. بەپێی پێوەری ژمارە (9)، مامۆستا لەسەریەتی لە کاتی وانەگوتنەوەدا، کات بۆ پرسیارکردن بهێڵێتەوە و هەوڵیش بدات پرسیارەکان بەتێروتەسەلی وەڵام بداتەوە. ئەمە پێوەرێکی خراپ نییە،

بەڵام پرسیارکردن و وەڵامدانەوە تەنیا لە هۆڵەکانی خوێندن ئەنجام نادرێت، بەڵکوو لە دوای تەواوبوونی وانەگوتنەوە هەر لەنێو هۆڵ، یان لە بەردەم دەرگەی هۆڵ، یان لە ڕێگە، یان لە ژووری مامۆستا، یان لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەنجام دەدرێن. ئەمە جگە لەوەی تەنیا کاتهێشتنەوە بۆ پرسیارکردن گرنگ نییە، بەڵکوو بواردان بە قوتابی بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوون و سەرنج و تێبینیی خۆی دەربپڕێت، گرنگە کە کاتی بۆ تەرخان بکرێت.

10. بەپێی پێوەری ژمارە (10)، مامۆستا لەسەریەتی لە کاتی وانەگوتنەوەدا، ئاماژە بە سەرچاوەی نوێ بکات. بە ڕای ئێمە ئاماژەدان بە سەرچاوەی نوێ هێندە گرنگ نییە، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە مامۆستا ئەبدەیت بێت و بەبەردەوامی زانیاریی نوێی پێ بێت.
11. پێویستە متمانەی قوتابی بە پرۆسەی فیدباک بگەڕێنرێتەوە، چونکە قوتابی پێی وایە کە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی مامۆستا هیچ لێکەوتەیەکی نابێت. ئەگەر لەگەڵ خۆمان ڕاست و ڕوون بین، تا ڕاددەیەک ئەو قسەیە دروستە، چونکە دەمێکە نەمانبینیوە و نەمانبیستووە کە مامۆستایەک لە وانەگوتنەوە دوور خرابێتەوە لەبەر ئەوەی سێ ساڵ لەسەر یەکتر لە فیدباکی قوتابیان نمرەی پێویستی بەدەست نەهێناوە.
12. بەشێکی زۆر لە سەرۆکبەشەکان گرنگی بە فیدباکی قوتابی نادەن ئەگەر هات و فیدباکی مامۆستا نزم بوو. ئەمەیش کارێکی دروست نییە، چونکە لەم بارەیەوە پێویستە دانیشتن لە نێوان مامۆستا و سەرۆکی بەش و دڵنیاییی جۆری ئەنجام بدرێت بۆ زاڵبوون بەسەر خاڵە لاوازەکان لە ئاستی بەجێگەیاندنی مامۆستا لە بەرامبەر قوتابی.
13. پرۆسەی وەرگرتنی فیدباکی قوتابی بە ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت و لە زۆربەی کۆلێژ و بەشەکان قوتابی تەنیا لەسەر (10)، ژمارەیەک بە مامۆستاکەی دەدات. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە، پێویستە لە فۆڕمە ئەلیکترۆنییەکە بواری بۆ کۆمێنتنووسین هەبێت؛ بگرە بکرێتە کارێکی ئیلزامی. واتا لە قوتابی قبووڵ نەکرێت تەنیا نمرە دابنێت، بەڵکوو پێویستە کۆمێنت و ڕوونکردنەوە بۆ ئەو نمرەیە بنووسێت. ئەم کۆمێنتنووسینە زۆر گرنگە، چونکە ڕوون دەبێتەوە بۆچی قوتابی ئەو نمرەیەی داوەتەوە مامۆستاکەی! لەبەر ئەوەی تەنیا ژمارەدانان، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە سەبارەت بە ناخ و بیرکردنەوەی قوتابی لە بەرامبەر مامۆستاکەی.

بە بۆچوونی ئێمە ئەو (10) دە پێوەرەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەجێگەیاندنی مامۆستا لە بەرامبەر قوتابی لە پۆل دانراوە، کەموکوڕیی تێدایە و، بەس نییە بۆ ئەوەی تەواوی ڕەفتاری مامۆستا لە بەرامبەر قوتابی بگرێتەوە. بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بەم پێوەرانە بکرێت و مامۆستا لە پۆل لەلایەن قوتابییەوە لە ڕووی زانستی و کارامەیییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و، هەڵسەنگاندنی کارگێڕی بۆ سەرۆکایەتیی بەش جێ بهێڵرێت و، هەروەها پێوەری نوێ و تازە دابنرێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:

- مامۆستا تاچەند لە شێوازەکانی وانەگوتنەوەدا فرەچەشنی دەکات؟
- مامۆستا لە کاتی وانەگوتنەوەدا تاچەند شێوازی نوێ و مۆدێرن بەکار دەهێنێت؟
- مامۆستا تاچەند شێوە و شێوازی پەیوەندیی لەگەڵ قوتابی، پیشەیییانەیە؟
- مامۆستا تاچەند لە مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیدا میزاجییە؟
- مامۆستا تاچەند گوێ لە قوتابی دەگرێت و کاتی بۆ تەرخان دەکات؟
- مامۆستا تاچەند هانی قوتابی دەدات؟

- مامۆستا تاچەند ڕێز لە بیروبۆچوونی قوتابی دەگرێت؟
- مامۆستا تاچەند بیری ڕەخنەگرانە لە مێشکی قوتابی دروست دەکات؟
- مامۆستا وانەکەی زیاتر بە شێوەی پراکتیکی یان تیۆری باس و شرۆڤە دەکات؟
- مامۆستا تاچەند قوتابی فێرە دیسپلین (الانضباط) دەکات؟
- مامۆستا تاچەند لایەنگیرە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابییەکاندا؟
- مامۆستا تاچەند کاتی وانەگوتنەوە لە قسەی لابەلا بەفیڕۆ دەدات؟
- مامۆستا تاچەند لە بەرامبەر قوتابییەکاندا ڕق لە ناخیدا هەڵدەگرێت؟
- مامۆستا تاچەند لە داواکارییەکانی لە قوتابییەکاندا شەفاف و ڕوونە؟
- مامۆستا تاچەند پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانی بێ هەڵەی شەکلی و بابەتین؟
- مامۆستا تاچەند ئەبدەیتە و، پڕە لە زانیاریی نوێ؟
- تاچەند لە شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستاکەت دەگەی؟

**چوارەم – چەند تێبینییەکی گشتی**

جگە لەو تێبینییانەی کە لەو سێ بەشەی دڵنیاییی جۆری خرانە ڕوو، هەندێ تێبینی و پێشنیاری تریش دەخەینە ڕوو کە ئامانج لێیان نیشاندانی کەموکوڕییەکان و دانانی چارەسەری گونجاوە لە سیستەمی دڵنیاییی جۆریی زانکۆکان:

1. هەرگیز لەگەڵ ئەوە نین کە سیستەمی دڵنیاییی جۆری، ناوەندی بێت لەسەر ئاستی گشت زانکۆکان، چ حکوومی بن یان تایبەت، بەڵکوو باشتر وایە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دەستی زانکۆکان واڵاتر بکات بۆ پێشخستنی سیستەمی دڵنیاییی جۆریی خۆیان بەپێی تایبەتمەندیی هەر زانکۆیەک؛ بۆ ئەوەی زانکۆ لە سیستەمی دڵنیاییی جۆریدا تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێت؛ بە شێوەیەک وەزارەت هەندێ بنەمای سەرەکیی ئەم سیستەمە دیاری بکات و ئەوەی تر بۆ زانکۆکان جێ بهێڵێت بۆ ئەوەی بەپێی ژینگەی خۆیان دەستکاریی ناوەڕۆک و پێوەر و خاڵ و شێوازەکانی ئەم سیستەمە بکەن.
2. لە ئێستادا، سیستەمی دڵنیاییی جۆری بە هەمان شێوە و شێواز و پێوەر بەیەکسانی بەسەر هەموو مامۆستاکانی زانکۆ پەیڕەو دەکرێن، بێ ئەوەی جیاوازی بکات لە نێوان نازناوە زانستییەکان؛ کە بە ڕای ئێمە دروست نییە، چونکە داواکاریی زانکۆکان لە پڕۆفیسۆرەکانیان، جیاوازە لە مامۆستایەکی ئاسایی، یاخود داواکاریی زانکۆکان لە پڕۆفیسۆرە یاریدەرەکان، جیاوازە لەو مامۆستایانەی کە هەڵگری نازنازی زانستیی مامۆستای یاریدەدەرن. بۆیە پێویستە ئاراستە و داواکارییەکانی زانکۆ لە هەر چینێک لە مامۆستایان ڕوون و جیاواز بێت و هەر لەسەر ئەو بنەمایەیش هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات. بۆ نموونە: زانکۆ پێویستیی بە پڕۆفیسۆرەکانە بۆ ئەوەی کتێبی بۆ بنووسن، یان توێژینەوەی بۆ بکەن، یان کاری سەرپەرشتیاری بکەن، یان لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان بە ناوی زانکۆوە بەشداری بکەن؛ مەعقووڵ نییە توانا زانستییەکانی پڕۆفیسۆرەکان لە ئەنجامدانی سیمینار بەفیڕۆ بدرێت. پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە؛ مامۆستای یاریدەدەر کە تازە بۆتە مامۆستا، پێویستە سەرقاڵ بکرێت بەو چالاکییانەی کە ئاست و توانای زانستی و کارگێڕیی پێ بەرز دەبێتەوە (وەک پێشکەشکردنی سیمینار یان بەشداریکردن لە لێژنەی تاقیکردنەوەکان) و، ناکرێت بە چالاکییەکەوە سەرقاڵ بکرێت کە لە توانای ئەودا نەبێت

پیادەیان بکات (وەک کتێبنووسین یان بەشداریکردن بە توێژینەوە لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی). بێ گومان دانانی خاڵیش بە هەمان شێوە، دەبێ لە نازناوێکی زانستی بۆ نازناوێکی زانستی جیاواز بێت؛ بەڵام دووبارەی دەکەمەوە، پێویستە داواکاریی زانکۆ لە هەر نازناوێکی زانستی، ڕوون و دیار بێت کە دەیەوێت بەرەو چ ئاراستەیەکیان ببات و چۆن سوود لە تواناکانیان وەربگرێت.

3. لە جیهاندا هیچ سیستەمێک لەسەر پێی خۆی ناوەستێت ئەگەر بە سزا و پاداشتەوە نەلکابێت. کێشەی سیستەمی دڵنیایی جۆری ئەوەیە پاداشتی لەگەڵە، بەڵام سزای لەگەڵ نییە؛ یان جێبەجێ نابێت، یان سزاکە کاریگەر نییە.

4. نووسینی توێژینەوەی زانستی بۆ مامۆستایانی زانکۆ کارێکی خۆبەخشانەیە؛ دەکرێت بیکات و دەکرێت نەیکات. ئەمە دروست نییە و، پێویستە هەموو مامۆستایەکی زانکۆ لە ساڵێکدا بە لایەنی کەم، یەک توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدات. ئەگەر زانکۆ توانیی ئەو کارە بەسەر مامۆستایان بسەپێنێت، ئەوا هەندێ زانکۆ لە ساڵێکدا دەبنە خاوەنی زیاتر لە 1500 (هەزار و پێنج سەد) توێـژینەوە.

5. پێداچوونەوە بکرێت بە هەیکەلییەتی کارگێڕیی دڵنیایی جۆری و شێوازی کارکردن و بەدواداچوون بۆ بڕیارەکان. لەم بارەیەوە، بەپێویستی دەزانین دڵنیایی جۆری لە لێژنەوە بکرێتە بەشێکی کارگێڕی لە کۆلێژ کە ستافی تایبەت بە خۆی هەبێت.

6. لە ئێستادا، بەپێی سیستەمی دڵنیایی جۆری، سەرۆکی بەش هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستاکانی دەکات و قوتابیش هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستا دەکات و، مامۆستاش هەڵسەنگاندن بۆ قوتابی دەکات؛ واتا میحوەری سەرەکیی هەڵسەنگاندن، تەنیا مامۆستایە. ئەمە دروست نییە. بۆ ئەوەی سیستەمی دڵنیایی جۆری ئامانجی خۆی بەدروستی بپێکێت، پێویستە هەڵسەنگاندن بە دوو ئاراستە و لە یەک کاتدا ئەنجام بدرێت. ئاراستەی یەکەم لە سەرەوە بۆ خوارەوە: واتا ڕاگر هەڵسەنگاندن بۆ سەرۆکی بەش بکات و، سەرۆکی بەشیش بۆ مامۆستا و، مامۆستاش بۆ قوتابی. ئاراستەی دووەم لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە: واتا قوتابی، مامۆستا هەڵدەسەنگێنێت و، مامۆستا سەرۆکی بەش و سەرۆکی بەشیش ڕاگر. پێویستە کەلتووری هەڵسەنگاندنی یەکتر لە حەرەمی زانکۆدا بچەسپێت و کەس لە ڕەخنەی ئەوی تر نەترسێت؛ بە مەرجێک پێوەری باش و ڕوون و زانستییانە دابنرێت.

7. ئەو مامۆستایانەی کە نمرەی بەرز لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەدەست دەهێنن، شایەنی ئەوە دەبن کە سوپاس و پێزانینی سەرۆکی زانکۆیان پێ بدرێت. سەرۆکی زانکۆکان زۆر گرنگی نادەن و کات تەرخان ناکەن بۆ ئامادەبوون لە مەراسیمی پێشکەشکردنی نووسراوی سوپاس و پێزانین بە مامۆستایان؛ هەندێ جار ڕاگر یان یاریدەدەرەکانیان دەنێرن. ئەمەیش جۆرێکە لە جۆرەکانی بەکەمزانینی پرۆسەکە. بە ڕای ئێمە پێویستە لەسەر سەرۆکی زانکۆکان کەوا کات بۆ بەخشینی ئەو سوپاس و پێزانینەی کە ناوی خۆیانی لەسەرە تەرخان بکەن و، لەو مەراسیمە ئامادە بن بۆ ئەوەی بەها و نرخ بدەن بە گشت پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە زانکۆکەیان.

8. پێویستە پێداچوونەوە بە ڕێکار و ڕێسای پرۆسەی هەڵسەنگاندن بکرێت؛ بە شێوەیەک شەففتر بێت و دژیەکبوونی بەرژەوەندییەکانی تێدا نەبێت.

9. پێویستە پەیجی ئەلیکترۆنیی مامۆستا سەبارەت بە دڵنیایی جۆری، ئەبدەیت بکرێتەوە پاڵپشت بە ڕێنماییەکان، بۆ نموونە: بەپێی دوا ڕێنمایی، تۆمارکردنی توێژینەوە لە بەش هیچ بەهایەکی زانستی و پراکتیکیی نەماوە، بۆیە پێویستە ئەم ئایکۆنە لە پەیجی مامۆستا و لە فۆڕمەکانی

هەڵسەنگاندن بسڕێتەوە.

**کۆبەند**

لە ئێستادا سیستەمی دڵنیایی جۆری، تووشی حاڵەتی چەقبەستن بووە و هیچ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە ناڕوات چونکە مەحاڵە بەو شێوە و شێوازەی ئێستا ئەنجامی باش و جیاوازتری لێ بکەوێتەوە. بۆیە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بوار بە زانکۆکان بدات بۆ ئەوەی، هەر یەک بەپێی ژینگە و تایبەتمەندی و پێویستیی خۆی، پێداچوونەوە بە سیستەمی دڵنیایی جۆریی خۆی بکات بۆ ئەوەی دڵنیا ببێتەوە کە مامۆستاکانی لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا پێش دەکەون و ڕۆڵ و کاریگەریی پۆزەتیڤانەیان لە کۆمەڵگەدا زیاتر و فراوانتر دەبێت، چونکە مامۆستا میحوەری سەرەکیی پێشکەوتنە لە زانکۆدا؛ ئەگەر مامۆستات پێش خست، ئەوا قوتابیش پێش دەکەوێت و بەشی زانستی و کۆلێژ و زانکۆش لەگەڵیان پێش دەکەوێت.

بێ گومان پێداچوونەوە بەم سیستەمە، لە چوارچێوەی کۆنفرانسێکی زانستیدا دەبێت، چونکە پێشخستنی دڵنیایی جۆری، بە دەستپێشخەریی کەسی و بیروبۆچوونی چەند کەسانێک لە وەزارەت و لە زانکۆ پێش ناکەوێت، بەڵکوو پێویستیی بە هەوڵ و ماندووبوونی هەمووانە؛ چونکە پەیوەستە بە هەمووان.

---

# مەترسی و دەرفەتەکانی بەردەم عێراق و هەرێمی کوردستان لە گەڕانەوەی "ترەمپ"دا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی بۆ جارێکی دی، عێراق و هەرێمی کوردستان دەخاتە بەردەم قۆناغێکی نوێ؛ بەو پێیەی ئەم پانتاییە لە بازنەی گرنگیدان و ناوچە کاریگەرەکانە بە پەرەسەندنەکانی سیاسەتی ئەمریکا، هەروەها کۆمەڵێك دۆسییەی هاوبەش و دووقۆڵییشی لەگەڵ واشنتۆندا هەیە، لە پێش هەموویانەوە چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتە و چۆنێتیی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕکابەرە سەرەکییە ناوچەییەکەی ئەمریکا کە ئێرانە.

ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات وێنایەکی گشتی لەسەر لێکەوتەی گەڕانەوەی ترەمپ لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکەش بکات و، مەترسی و دەرفەتەکان ئاماژە پێ بکات.

**هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ترەمپ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

نیمچە کۆدەنگییەك لەنێو شرۆڤەکارانی دنیادا هەیە، کە ترەمپ سەرۆکێکی خاوەن تێز و بۆچوونی قووڵ نییە، بەڵکوو زیاتر پیاوی سوپرایز و بڕیاری سەرپێییە لەبەر ڕۆشنایی هەڵهێنجان و تێگەیشتنە خێرا تایبەتەکانی خۆی. هەروەها ناوبراو ڕاهاتووە لەگەڵ ئەوەی باز بەسەر دەزگە کلاسیکییەکانی دروستکردنی بڕیار بدات و پشت بە توانا و شۆ تایبەتەکانی خۆی لە حوکمڕانیدا ببەستێت؛ ئەم تایبەتمەندییەیش وا دەکات پێشبینیکردنی هەنگاوەکانی زۆر قورس بێت. بەڵام بە گوێرەی شرۆڤەی باڵیۆزی پێشوو و توێژەری ئەمریکی "ڕۆبەرت فۆرد" کە پشتئەستوورە بە ئەزموونی ترەمپ و گوتاری هەڵمەتەکەی، دەشێت گرنگترین سیاسەتەکانی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم خاڵانەدا بخرێنە ڕوو[1]:

_ جێبەجێکردنی "پرۆژەی 2025" کە پلانێکی گشتگیرە و بۆ ئیدارەی ترەمپ ئامادە کراوە. لە ساڵی 2022 ترەمپ خۆی ستایشی کردووە و چەند بەرپرسێکی پێشووی ئیدارەی یەکەمی، ئامادەیان کردووە. پلانەکە جەخت لەوە دەکاتەوە پێویستە هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا ڕۆڵی زیاتر لە پێشگیریکردن لە ئێران ببینن، لەوانەیش وڵاتانی کەنداو لەسەر ئاستی تاك و کۆ. ئەمەیش یارمەتیی ئەمریکا دەدات خۆی بۆ ئاسیا و چین یەکلایی بکاتەوە، هەروەها دەرفەت دەدات بە ئەمریکا چەکوچۆڵی زۆر بە وڵاتانی کەنداو بفرۆشێت و، لەو ڕێگەیەوە کەرتی پیشەسازیی سەربازیی ئەمریکا دەبووژێتەوە.

_ سەرباری گرنگیدانی زۆر بە چین، ئێران ئاڵنگارییەکی گەورەیە بۆ ئەمریکا لە ناوچەکەدا. لە کۆنگرەی کۆمارییەکانیشدا لە تەمموزی 2024، ترەمپ بانگەشەی ئەوەی کرد تاران 230 ملیار دۆلار پارەی یەدەگی هەیە و بەهۆی سووککردنی گەمارۆکانەوە دەستی کەوتووە؛ ***عێراقیش کە بووەتە پاشکۆی ئێران، 300 ملیار دۆلاری لەبەردەستە***. بەم پێیەیش ترەمپ وەك یەك پاکێج مامەڵە لەگەڵ ئێران و عێراقدا دەکات؛ یان لانی کەم عێراق لە ڕوانگەی ئێرانەوە دەخوێنێتەوە و لای ئەو شوناسێکی سەربەخۆی نییە.

_ کۆمارییەکان لە "پرۆژەی 2025"دا هانی ترەمپ دەدەن دەستبەرداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت، چونکە بەجێهێشتنی وا دەکات "ناوچەکە بچێتە ناو پاشاگەردانی و، دەبێتە نێچیری ڕکابەرەکانی ئەمریکا." پرۆژەکە پێشنیاری هاوپەیمانییەکی چوارقۆڵی دەکات لە نێوان ئیسرائیل، میسر و وڵاتانی کەنداو، لەگەڵ ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران. ئەمەیش هاوشێوەی هاوپەیمانیی چوارقۆڵیی ئەمریکا، ژاپۆن، کۆریا و هیندستانە دژی هەژموونی چین.

_ پشتیوانیکردنی کراوە لە ئیسرائیل و پابەندیی ڕەها بە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتی عیبری لە ڕێگەی بەهێزکردنییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەسەر هەڕەشەکانی ئێران و حەماس و حزبوڵڵادا زاڵ بێت. لەم نێوەیشدا ترەمپ خۆی پەیوەست ناکات بە "چارەسەری دوو دەوڵەت" و، زیاتر بە لای پرۆژەی دابەشکردنی فەلەستینییەکاندا دەچێت. سەرباری ئەمەیش ترەمپ لایەنگری کۆتاییپێهێنانی بەپەلەی جەنگی غەززەیە[2]، بەڵام وردەکاریی ئەو کۆتاییهێنانە هێشتا ئاشکرا نییە.

_ بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بۆ هێشتنەوەی لە بەرەی ڕۆژاوا لە کێبرکێ لەگەڵ ڕووسیا و چین. ئەگەر ئەمەیش بچێتە سەر، ئەوە ئەگەری زۆر بۆ کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە باکووری سووریا و ڕۆژهەڵاتی فورات (ڕۆژاوا) هەیە.

بەپێی خەمڵاندنی نێردراوی پێشووی ترەمپیش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، "جیسۆن گرینبلات"، پایەکانی سیاسەتی ترەمپ لە ئیدارەی دووەمیدا بەم جۆرە دەبن[3]:

_ کۆتاییهێنانی بەپەلەی جەنگەکان پاش بەدیهێنانی سەرکەوتن.

_ گرنگیدان بە سعوودیا وەك هاوبەشی سەرەکی لە ناوچەکە.

_ ڕۆڵبینینی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فەراهەمکردنی ئاشتی و پەرەپێدان.

_ دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی جیهانی عەرەبی.

_ پشتیوانیکردنی ئەو هێزانەی کە پاڵپشتیی خۆیان دەکەن و بەرژەوەندیی ئەمریکا دەپارێزن.

_ بەرەنگاربوونەوەی ڕوونی مەترسییە ئێرانییەکان بەبێ هەوڵدان بۆ جەنگی ڕووبەڕوو، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران دوور نییە.

_ بەگژداچوونەوەی لەمپەرەکانی بەردەم پرۆژەکانی ترەمپ لەلایەن باڵە ئێرانییەکانەوە.

_ دانوستانکردن لە پێگەی هێزەوە لەگەڵ هەڕەشەکردنی ناواخندار بە بەکارهێنانی هەر هێزێك کە گونجاو بێت بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە جیهان.

لە لایەکی دیکەوە ئەو ئەنجامگیرییە ئەمریکییانەی لەبارەی کۆی سیاسەتی پێشبینیکراوی ترەمپ هەن، جەخت لە دوو خاڵی سەرەکی دەکەنەوە:

**یەکەم:** دروستبوونی ڕکابەری لە نێوان دەزگەکانی ئەمریکا لەسەر دەستڕۆیشتوویی (نفووز)؛ لەم نێوەندەیشدا ڕادیکاڵەکان و کلاسیکییەکان بەریەك دەکەون و چانسی سەرکەوتنیش بۆ توندڕەوەکانە و، میانڕەوەکان دەکەونە دڵەخورتێ و نیگەرانی.

**دووەم:** کرۆکی سیاسەتی دەرەکیی ترەمپ بەرژەوەندیخوازیی پەتی دەبێت (naked transactionalism) ئەویش لە ڕێگەی سەفقە و ڕێککەوتنەوە[4].

**گرێ گەورەکەی عێراق لەگەڵ ترەمپدا**

پاش ئەوەی لەسەر فەرمانی ترەمپ هێزەکانی ئەمریکا جەنەڕاڵ "قاسم سولەیمانی" فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی و "ئەبو مەهدی موهەندیس"ی سوپاسالاری حەشدی شەعبیی عێراقییان لە فڕۆکەخانەی بەغدا کوشت (2020)، دەسەڵاتی دادوەریی عێراق لە سەرەتای 2021دا فەرمانی گرتنی بەپێی ماددەی (406)ی یاسای سزادان بۆ دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەرکرد[5]. ناوەڕۆکی ماددە یاساییەکەیش کوشتنی بەئەنقەستە لەگەڵ پلاندانانی پێشوەختە کە سزاکەی دەگاتە دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان لە حاڵەتی ساغبوونەوەی تۆمەتەکە[6]. ئەم فەرمانەیش لە ئێستادا بووەتە جێگەی پرسیار و مقۆمقۆ، کە ئاخۆ حکوومەتی عێراق چۆن دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ سەرۆکێکدا بکات لە دەسەڵاتە قەزاییەکانی وڵاتەکەیدا داواکراوە. هەندێك پێیان وایە ئەگەر فەرمانی گرتنەکە تەنیا لەلایەن دادگەیەکی لێکۆڵینەوەوە دەرکرایە، دەرفەت هەبوو بۆ پەردەپۆشکردنی، بەڵام پاش ئەوەی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری "فایەق زێدان" لە کاتی خۆیدا ڕاگەیاندنی فەرمانی گرتنەکەی لەئەستۆ گرت و جەختی کردەوە "هیچ دوودڵی ناکەن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی دژی ترەمپ[7]"، پەردەپۆشکردنی بڕێك ناخۆشترە؛ بەڵام

یاساییەکان باس لەوە دەکەن بەپێی ڕێککەوتنەکانی ڤیەننا ئەوانەی دەبنە سەرۆکی دەوڵەت، خاوەن پارێزبەندیی یاساین و ناکرێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت[8]. ئەمەیش دەرچەیەکی قوتاربوونە و تەنانەت لە نێوخۆی ئەمریکاش ترەمپ داوا و سکاڵاکانی سەری ڕادەگیرێن و حاڵەتەکە تەنیا عێراق نییە.

لە پاش ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ترەمپیشەوە عێراق بەفەرمی و خێرا لە ڕێگەی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانەوە پیرۆزبایی پرۆتۆکۆڵییان لە ترەمپ کرد؛ لە پەیامەکانیشیاندا هیوای کارکردنی هاوبەشیان لەگەڵدا خواست. ئەمەیش دەشێت فەرامۆشکردنی کردەییانەی ئەو فەرمانی گرتنە بێت کە لە بەغدا دژی ترەمپ دەرچووە.

لە پەیوەندیی تەلەفۆنیی سەرۆکوەزیران، "محەمەد شیاع سوودانی"دا لەگەڵ ترەمپ، بەپێی بەیاننامەی فەرمیی بەغدا، ناوبراو ئامادەیی کاری هاوبەشی دەربڕیوە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی؛ چ لەبارەی دۆسییە هاوبەشەکان، چ بارودۆخی ناوچەکە. نەك هەر ئەوە بەڵکوو خوازیاریش بووە سوودانی لە دەرفەتێکی نزیکدا سەردانی واشنتۆن بکات[9]؛ هەر بەپێی بەیاننامەکەی حکوومەتی عێراق.

**گرفت و مەترسییەکانی سەر عێراق لە ئیدارەی ترەمپدا**

بەپێی پێدراوە بەردەستەکان، گەڕانەوەی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی، عێراق دەخاتە بەردەم کۆمەڵێك ئاستەنگ و پێشهات کە گرنگترینیان دەشێت ئەمانەی خوارەوە بن:

_ بەو پێیەی دروشمی سەرەکیی هەڵمەتی ترەمپ گێڕانەوەی ناوبانگی ئەمریکا بووە، باوەڕێك هەیە کە ناوبراو چاوپۆشی لە بەکارهێنانی عێراق نەکات وەك پانتاییەکی پشتیوانی لە ئێران لە ڕێگەی هەژموونی گرووپە شیعەکانەوە. لە لێدوانەکانیشیدا ترەمپ ئاماژەی بەوە کردووە پارە و سامانی عێراق بۆ بەهێزکردنی ئێران ئاراستە دەکرێت. ئەمەیش دەیخاتە بەردەم ئەگەری سزادان و بەئامانجگرتن، لە حاڵەتێکدا کە ترەمپ بڕیار بدات بەتوندی بەرپەرچی ئێران و باڵەکانی بداتەوە.

_ عێراق ئەزموونێکی باش و ئەرێنیی نییە لەگەڵ ویلایەتی یەکەمی ترەمپ (2016_2020)، بەتایبەت کە ناوبراو بە شێوەیەکی کتوپڕ سەردانی سەربازگەی ئەمریکای کرد لە ڕۆژاوای عێراق، بێ ئەوەی لە بەغداوە بڕوات (2018). ئەوکاتیش ئەمە بە "پێشێلکردنی سەروەریی خاکەکەی" لێك درایەوە و دەگوترا هاتن و چوونەوەکەی بەبێ ئاگاداریی حکوومەتی عێراق بووە و هیچ ڕێزی لە سەروەریی وڵاتەکە نەگرتووە[10].

_ ترەمپ لە ئیدارەی یەکەمیدا (2016_2020) هەڕەشەی زۆری لە عێراق کردووە ئەگەر خاکەکەی ببێتە گۆڕەپانی هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لە ئێستایشدا عێراق کەوتووەتە ناوەڕاستی جوگرافیای جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئیسرائیل و، پاڵێوراوە بۆ ئەوەی بۆ هەمان مەبەست بەکار بهێنرێت.

_ پشتیوانیی ڕەهای ترەمپ لە ئیسرائیل پێچەوانە و دژە لەگەڵ سیاسەت و خواستی میللی و فەرمیی عێراق کە پشتیوانیکردنە لە غەززە و باشووری لوبنان. بەم هۆیەیشەوە هەر چەشنە نزیکبوونەوەیەکی حکوومەتی عێراق لە ئیدارەی ترەمپ، بەر ناڕەزاییی بنکەی جەماوەریی شیعی و ڕای گشتیی عێراقی دەکەوێت کە بەشێکن لە تووڕەییی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی دەربارەی کاولکارییەکانی فەلەستین و لوبنان. هەروەها

مەترسییەك هەیە لە ئیدارەی ترەمپدا پرۆژەی گریمانکراوی ڕاگواستنی شیعەی لوبنان بۆ عێراق سەر بگرێت. زەمینەی ئەمەیش پاش کاولکردنی باشووری لوبنان، لەبارتر بووە[11].

_ هەرچەندە ترەمپ لایەنگری کەمکردنەوەی دەستوەردانی سەربازی بووە لە عێراق و ئەفغانستان، بەڵام هیچ کات سڵ لە بەکارهێنانی هێز بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ناکاتەوە. ئەمەیش باوەڕی کەسانی نزیك لە ترەمپە و بەدووری نازانن هێز بەرامبەر ئێران بەکار بهێنێت ئەگەر لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی بچێتە پێشەوە[12]. ئەم ئامادەییەیش بۆ عێراق حاڵەتێکی نەرێنییە کە توانای کۆنترۆڵکردنی باڵە ئێرانییەکانی ناوخۆی نییە لەو حاڵەتەدا.

_ پێداگریی ترەمپ لەسەر جێبەجێکردنی گەمارۆکانی سەر ئێران بەبێ هەڵاواردن، وا دەکات چاوپۆشی ئەمریکا لەسەر فرۆشتنی نەوتی ئێران بە چین هەڵگرێت. ئەم ئاسانکارییەیش لە سەردەمی بایدندا بەرامبەر بە ڕاگرتنی هێرشی باڵە ئێرانییەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا بە ئێران بەخشراوە[13]. لە حاڵەتی هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنە ناڕاستەوخۆکەیشدا ئەگەری گەڕانەوەی گرژی بۆ عێراق هەیە.

_ چاوەڕوان دەکرێت ترەمپ ڕێچکەیەکی توند بەرامبەر عێراق بگرێتە بەر، ئەگەر بەردەوام بێت لە کڕینی سووتەمەنی لە ئێران و ڕەنگە ڕێگەپێدانەکانی بۆ نوێ نەکاتەوە[14]. ئەگەریش ترەمپ سەرچاوەکانی وزەی ئێرانی بکاتە ئامانج، لێکەوتەی خراپی لەسەر عێراق دەبێت، چونکە 50%ی سەرچاوەکانی گازی سروشتیی عێراق لە ئێرانەوەیە[15].

_ باوەڕێك هەیە کە ئیدارەی ترەمپ **چیدی یاریکردنی گرووپەکانی عێراق لە ناوچەی خۆڵەمێشی قبووڵ نەکات و عێراق بخاتە بەردەم دوو بەرداش: دۆست و دوژمن. ئەم خۆیەکلاکردنەوەیەیش بۆ عێراق لێکەوتەی هەیە[16].**

_ **گرووپە شیعەکان عێراقیان خستووەتە بەرەی** دژەئەمریکا و، ئەوەیان یەکلایی کردووەتەوە ئەوان بەشێکن لە "بەرەی موقاوەمە" بەبێ ڕەچاوکردنی ئەگەری گەڕانەوەی ترەمپ.

_ وڵاتانی کەنداو بۆ ڕازیکردنی ترەمپ سیاسەتی هەرزانکردنی نرخی نەوت پەیڕەو دەکەن بۆ سووککردنی باری سەرشانی واشنتۆن و بازاڕەکانی ئەمریکا. ئەمەیش لێکەوتەی لەسەر داراییی عێراق دەبێت.

**دەرفەتە هاوبەشەکانی عێراق و ئیدارەی ترەمپ**

سەرباری هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرەوە، هەندێك دەرفەتی هاوبەشیش هەن بۆ کارکردنی عێراق لەگەڵ ترەمپ، کە دەشێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

_ عێراق پانتاییەکی گرنگە بۆ ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت پاش ئەو خەرجی و قوربانییانەی ئەمریکا لە پاش 2003 داویەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو. هەروەها عێراق گرنگە بۆ ئاسایشی وزە و، 5%ی نەوتی جیهان بەرهەم دەهێنێت؛ جگە لەوەیش بۆ پاراستنی ئاسایشی هاوپەیمانانی ئەمریکا گرنگە[17].

_ عێراق و ئەمریکا ڕێککەوتننامەیەکی چوارچێوەییان هەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان (صوفا)،

هەروەها چەند لیژنەیەکی ئەمنیی هاوبەشیان هەیە لەبارەی پێداچوونەوەی دۆخی سەربازی و چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا. هەر لەم بەینەیشدا بەشی هەرە زۆری چەك و تەقەمەنیی عێراقی و ڕاهێنان و مەشقی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی، ئەمریکین و ئاسمان و سیستەمە هەواڵگری و سەربازییەکەی، پەیوەستە بە سوپای ئەمریکاوە. ئەمەیش وا دەکات هیچ سەرۆکێکی ئەمریکی نەتوانێت دەستبەرداری ببێت.

_ عێراق دەتوانێت ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان ئەمریکا و ئێران ببینێت و پەیامی واشنتۆن بە تاران بگەیەنێت. هەندێك سەرچاوەیش باس لەوە دەکەن لە دوا پەیوەندیی تەلەفۆنیی سوودانی و ترەمپدا ئەوە ڕووی داوە[18].

_ باوەڕ وایە ترەمپی 2024 جیاوازتر بێت لە ترەمپی 2016. لە خولی یەکەمدا ئەزموونی کەمتر بووە و کەمتر پێگەیشتوو بوو؛ جگە لەوەیش ئەزموونی ویلایەتی یەکەمی بەردەستە و، دەشێت بەرچاوڕوونیی تێدا بێت. لە ئێستایشدا ترەمپ دەور دراوە بە ڕاوێژکاری جۆراوجۆر و، سەیری بەرژەوەندیی ئەمریکا دەکات[19].

_ دەشێت ترەمپ ڕازی بێت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەنگاو بە هەنگاو لە ساڵانی 2025 و 2026؛ ڕەنگە ئەم خشتەیەیش خێراتر بکات لە سۆنگەی پێداگریکردن لەسەر گرنگیدان بە ناوخۆی ئەمریکا و کەمکردنەوەی دەستوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ لە دەرەوە[20]. ئەمەیش بۆ هێزە شیعە عێراقییەکان گرنگ و ئامانجە.

_ عێراق دەتوانێت دەرگەی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان واڵا بکات و ئەوەیشی تا ئێستا لە کەسانی نزیکی سەرۆکوەزیرانەوە دەرچووە، باس لەوە دەکەن سوودانی خواستی هەیە زیاتر لە پەیوەندیی ئەمنی لەگەڵ واشنتۆندا بچێتە پێش و لێکگەیشتنی نوێ لەگەڵ کۆشکی سپیدا بکات، بەتایبەت لە کەرتی وزەدا[21].

_ لەناو تیمی ترەمپدا ژنە پارێزەرێکی کلدانیی عێراقی هەیە بە ناوی "ئیلینا حەببە". ئەم ژنە 39 ساڵانەیە سەرپەرشتیی کاروباری یاسایی ترەمپ دەکات و بریکاری بووە لە چەند دۆسییەیەکی هەستیاردا؛ هەروەها شانازی بە ڕەچەڵەکی باوك و دایکی خۆیشییەوە کردووە، کە بەر لە 40 ساڵ لە عێراق هەڵهاتوون[22]. دەشێت ئەم ژنە بەکار بهێنرێت بۆ پەیوەندیکردنی بەرپرسانی عێراق و ترەمپ. هەروەها جێگری سەرۆکی ئەمریکا "جی دی ڤانس" پێشتر لە نێوان 2003_2007 لە هێزەکانی پیادەی دەریایی خزمەتی لە عێراقدا کردووە[23]. بەم هۆیەشەوە بە کێشەکانی عێراق ئاشنایە و، دەشێت هاوشێوەی بایدن لە سەردەمی ئۆباما لە دۆسییەی عێراقدا کار بکات.

**هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری کوردستان**

دەرهەق بە هەرێمی کوردستان، لە سایەی گەڕانەوەی ترەمپدا بۆچوونێك هەیە پێی وایە ترەمپ دەستکاریی بنەڕەتیی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کورد ناکات[24]؛ سیاسەتی ڕاگەیەنراوی ئەمریکاش "پشتیوانیکردنی هەرێمێکی کوردستانی بەهێزە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا." بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ئیدارەی ترەمپدا 16ی ئۆکتۆبەری کەرکووك و کەوتنی عفرین و دروستکردنی پشتێنەی ئەمنیی تورکی لە ڕۆژهەڵاتی فورات (ڕۆژاوا) ڕوویان دا، مەترسییەك هەیە کە ترەمپ هاوشێوەی ئیدارەی دیموکراتەکان بەتەنگ کێشەی

کەمایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی دیموکراسییەوە نەیەت و زیاتر فۆکەس بخاتە سەر هێزە گەورە و خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ناوچەکەدا. لەم نێوەندەیشدا بۆچوونێك هەیە پێی وایە دەشێت ترەمپ کشاندنەوەی سوپای وڵاتەکەی لە عێراق و باکووری سووریا خێراتر بکات. بەپێی ئەو ئاماژانەیشی بەردەستن، کشانەوەی ئەمریکا لە زیانی پێکهاتەکانی کورد و سوننە و هاوپەیمانەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، هەروەها بۆشاییی ئەمریکاش لەلایەن ڕکابەرانی واشنتۆنەوە پڕ دەکرێتەوە. ئەمەیش لەدەستدانی خاڵە لەلایەن ئەمریکاوە بەرامبەر بەرەی چین و ڕووسیا و، ڕوودانی جێگەی گومان و ئەگەری زۆرە[25]؛ بەڵام پێشهاتێکە دەبێت هەرێمی کوردستان ڕەچاوی بکات.

لە ئۆکتۆبەری 2019 کە ترەمپ لەپڕ بڕیاری کشاندنەوەی سوپاکەی دا لە باکووری سووریا و ڕۆژهەڵاتی فورات، هەندێك میدیای بریتانی هەنگاوەکەیان بە "خیانەت" لە قوربانییەکانی کورد دژی داعش لە قەڵەم دا[26]. لەو ماوەیەیشدا ترەمپ "شەش لێدوانی چەواشەکارانەی" دەربارەی ڕۆژهەڵاتی فورات و جەنگی داعش و پەیوەندیی کورد و تورکیا ڕاگەیاند [27]؛ پێشتریش لە هەرێمی کوردستان هەمان هەست و دڵشکان بەرامبەر بە تەماشاکەرمانەوەی ئەمریکا هەبوون لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری کەرکووك، لە کاتێکدا هێزە فیدراڵییەکان و پێکهاتەکانی نێو دەزگەی حەشدی شەعبی بەرەو سنوورەکانی هەرێم جموجۆڵیان پێ کرا.

سەرباری ئەمانەیش دەشێت هەرێمی کوردستان لە ویلایەتی دووەمی ترەمپدا بتوانێت لەبەر ڕۆشناییی ئەزمووونی ویلایەتی یەکەم، لە سیستەمی نوێی هەرێمایەتیدا خۆی بگونجێنێت و هاوکار بێت لە بەرقەرارکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئەمنییانەی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش هەیەتی[28]؛ بەتایبەت کە لە دوا دیداری میدیاییی باڵیۆزی ئەمریکاشدا لە هەولێر "ئەلینا ڕۆمانۆڤسکی" جەخت لەوە کراوەتەوە ئەمریکا پابەندی و ئامادەییی بەهێزی لە کوردستان هەیە. هەرێم پردی ژمارەیەك کۆمپانیای ئەمریکییە لە ناوچەکە و جێپێیەکە بۆ وەبەرهێنان لە ناوچەکە و عێراق؛ هەندێك لەو وەبەرهێنانانەیش بەرهەمیان هەبووە و لقیان گواستراوەتەوە بۆ بەغدا[29]. بەڵام سیاسەتی ترەمپ تا ڕاددەیەکی زۆر پەیوەستە بەو ستافەی کە بۆ ئیدارەکەی دیاری دەکات.

لە پاش ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ترەمپیشەوە ئیسرائیل هەوڵ دەدات کورد وەك هاوپەیمان وێنا بکات بۆ هەراسانکردنی تورکیا و سووریا و ئێران. لەم بارەیشەوە وەزیری نوێی دەرەوە لە تەلئەبیب "گەدعون ساعر" لە بەیاننامەیەکدا نووسیویەتی: "گەلی کورد هاوپەیمانێکی سروشتیی ئێمەن." هەروەها دەڵێت: "پێویستە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەین و پەیوەندییان لەگەڵدا بەهێز بکەین. ئەم کارە ڕەهەندی سیاسی و ئەمنییشی هەیە"[30]. ئەم بانگەوازە ئەگەرچی لە بەرژەوەندیی دۆخی هەرێمی کوردستاندا نییە و زیاتر هەراسانکردنی میدیاییی ڕکابەرانی ئیسرائیلە، بەڵام بە دیوێکی تردا گرنگیی هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان لە گۆڕەپانی ململانێ ناوچەییەکەدا دەردەخات و دەشێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

سەرباری ڕەشبینییەکانیش لە هەنگاوەکانی ترەمپ، مەرج نییە هەموو پلان و بەرنامەکانی سەرۆکی ژمارە 47ی ئەمریکا ڕێگە بدۆزنەوە بۆ جێبەجێکردن؛ هەروەها مەرج نییە بڕیارە کتوپڕەکانی لەسەر ئەرز زەمینەیان هەبێت بۆ پراکتیزەکردن؛ ئەمەیش لە ئەزموونی ئیدارەی یەکەمدا (2016_2020) بەڕوونی دیار بوو. هەندێك لە بڕیارەکانیش بەر دیواری دەزگە ئەمنی و سەربازییە دێرین و کلاسیکییەکانی ئەمریکا کەوتن و ڕاگیران، وەك: بڕیای کشاندنەوەی سوپاکەی لە ڕۆژهەڵاتی فورات لە سووریا.

**کۆبەند**

گەڕانەوەی ترەمپ، جیهان و ناوچەکە و عێراقی خستووەتە بەردەم پێشهات و پێشبینیی نوێ. ناونیشانی سەرەکیی قۆناغی داهاتوویش دەشێت "ناڕوونی" بێت، چونکە سروشتی سەرکردایەتیی ترەمپ وایە لە بری کاری دەزگەیی و پەنابردن بۆ دامەزراوەکانی بڕیار، تاکلایەنە و لەپڕدا بڕیار دەدات و زیاتر پشت بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان دەبەستێت.

دەربارەی عێراق دۆخەکە هەستیارترە چونکە هێشتا کێشەی قووڵ هەیە کە ئایا ئەمریکا هاوپەیمان و دۆست یان دوژمنی عێراقە؟ ئەمەیش وا دەکات دۆخی ئەم وڵاتە بەڕووی کاردانەوەی جۆراوجۆری ترەمپدا کراوە بێت؛ لەگەڵ ئەوەیشدا عێراق هەندێك کەرەستە و ڕایەڵی هەیە بۆ گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی نوێ، ئەگەر زەمینەی نێوخۆیی لەبار بێت و بتوانێت لەگەڵ ئەمریکای ترەمپ بەرکاریان بکات. لەنێو ئەم ئاڵۆزییەیشدا هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە و؛ وریایی و چاوکراوەیی پێویستە بۆ پەیوەستکردنەوەی هەرێم بەو بلۆکبەندییە سیاسی و ئەمنییانەی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ سیستەمی نوێی زاڵ و باڵادەست لە ناوچەکە، پێك دەهێنرێت.

[1]. https://bit.ly/4fn8YBW

[2]. https://bit.ly/4epRVxG

[3]. https://bit.ly/4fJn6Fv

[4]. https://2u.pw/BhZGXcFn

[5]. https://bit.ly/40Fhwzq

[6]. https://bit.ly/4emYIZe

[7]. https://bit.ly/4fiAKj6

[8]. https://bit.ly/40Fhwzq

[9]. https://bit.ly/4fh3GI4

[10]. https://bit.ly/48FyArb

[11]. https://2u.pw/jgNB4GEE

[12]. https://bit.ly/3UJjLxY

[13]. https://2u.pw/ciGimAu6

[14]. https://2u.pw/ciGimAu6

[15]. https://2u.pw/UNyQYVJ9

[16]. https://2u.pw/0qrbNNLC

[17]. https://2u.pw/HM1vHoMp

[18]. https://2u.pw/wCLz4O21

[19]. https://bit.ly/3O3hqug

[20]. https://2u.pw/ciGimAu6

[21]. https://bit.ly/48FyArb

[22]. https://2u.pw/hWsUrALB

[23]. https://2u.pw/qskZ6OXV

[24]. https://2u.pw/yKV9OwQ7

[25]. https://2u.pw/a29uApsd

[26]. https://2u.pw/J06X14SB

[27]. https://2u.pw/WdBcrRO6

[28]. https://2u.pw/pR9KBb1f

[29]. https://2u.pw/UcltND6f

[30]. https://2u.pw/bd3y5bKI

---

# کۆبوونەوەی لووتکەی گۆڕانی کەشوهەوا

# بە ئامادەبوونی کام وڵاتان بەڕێوە (COP29) دەچێت؟

**ئامادەکردن و وەرگێڕان:** پێنووس

بیست و نۆیەمین کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا بە بەشداریی ٢٠٠ وڵات لە باکۆ بەڕێوە دەچێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا دەکات.

نزیکەی ٢٠٠ وڵات لە "باکۆ"ی پایتەختی ئازەربایجان کۆ دەبنەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی "COP29". ئەم وڵاتانە بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەن بۆ پێداچوونەوە بە دۆخی ژینگەی جیهانی و بەشداریکردن لە خۆپاراستن لە گەرمبوونی جیهان. ئەو وڵاتانەی بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەن، کە لە ١١ تا ٢٢ی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت، بڕیارە جارێکی دیکە بڕیار بدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی وێرانکەری کەشوهەوا؛ بەڵام پێشبینی دەکرێت گەیشتن بە کۆدەنگی بۆ ڕێککەوتنێکی گشتگیر قورس بێت.

تەوەری سەرەکیی گفتوگۆی لووتکەی ئەمساڵ بریتییە لە کۆکردنەوەی هاوکاریی دارایی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە بتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا بگونجێنن. زۆرێک لە وڵاتان لەم ساڵانەی دواییدا قەیرانی کەشوهەوای پێشبینینەکراو و پیسبوونی هەوایان بەخۆیەوە بینیوە. وڵاتانی هەژارتر کێشەی جیاوازیان هەیە، ئەویش گۆڕینی سەرچاوەی وزەیانە بۆ سەرچاوەی پاک. لە ساڵی 2009 لە سەروبەندی لووتکەی COP15 لە کۆپنهاگن، بڕیار درا کە ساڵانە 100 ملیار دۆلار هاوکاریی دارایی لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو تەرخان بکرێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو وڵاتانە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە گۆڕانی کەشوهەوا. لە کۆبوونەوەی ساڵی ٢٠١٥دا ئەم بڕە پارەیە بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٥ پەسەند کرا. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، گەیشتن بە سەقفی 100 ملیار دۆلار هاوکاریی دارایی بۆ یەکەم جار لە ساڵی 2022 جێبەجێ کراوە.

لە دوای ساڵی ٢٠٢٥، پڕۆژەیەکی دیکە بە ناوی "ئامانجی چەندایەتی و بەکۆمەڵی نوێ بۆ پاڵپشتیی دارایی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا" کە بەکورتکراوەیی بە CQG ناوی لێ نراوە، جێبەجێ دەکرێت. یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی کۆبوونەوەی کۆپ- بیست و نۆ لە باکۆ، دیاریکردنی ئامانجە داراییەکانە بۆ ئەم پلانە نوێیە.

وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەڵێن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەشوهەوا پێویستیان بە 1.1 بۆ 1.3 ترلیۆن دۆلار هاوکاریی دارایی هەیە، بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو دەیانەوێت هاوکارییەکان بە 100 ملیار دۆلار بمێنێتەوە.




**پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ و ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس**

یەکەمین کۆبوونەوەی ئەندامان کە بە "کۆپی یەکەم" ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەرلین بەڕێوە چوو؛ تیایدا ئەندامان بەڵێننامەکانی ناو ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوایان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بە ناتەواو هەڵسەنگاند و، لە ئەنجامدا ڕێک کەوتن بۆ دروستکردنی پرۆتۆکۆڵ یان میکانیزمێکی یاسایی تر کە پابەندیی ئەندامان دەستبەر و بەهێزتر دەکات.

لە ماوەی ٢٨ کۆبوونەوەی لووتکەی کەشوهەوای ڕابردوودا، ئەم کۆبوونەوانە دوو دەستکەوتی گرنگیان لێ کەوتەوە: ١- پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی شەش گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، میتان، ئۆکسیدی نایترۆجین، هایدرۆفلۆرۆکاربۆن، پەرفلۆرۆکاربۆن و هێکسافلۆرایدی گۆگرد و، ٢- ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس لە COP21 و، هەروەها لە کۆبوونەوەی یازدەیەمدا ئەندامانی پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی ٢٪ لە ئاستی جیهانی (لە سەرووی ئاستی پێش قۆناغی پیشەسازی) و بۆ بەدواداچوونی هەوڵەکان بۆ سنووردارکردنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ 1.5 پلەی سەدی (لە سەرووی ئاستەکانی پێش شۆڕشی پیشەسازی) و، هەروەها زیادکردنی توانای وڵاتان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و دروستکردنی سندووقی دارایی بۆ کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی.

**بۆچی کۆماری ئازەربایجان؟**

بڕیارە کۆبوونەوەی لووتکەی COP29 لە باکۆ بەڕێوە بچێت. لە کۆی ١٠ ملیۆن دانیشتووانی ئازەربایجان، ٢,٣ ملیۆن کەس لە باکۆ دەژین. لەم دواییانەدا بارانبارینی بەخوڕ لە شاری باکۆ، بووە هۆی دروستبوونی لافاوێکی لەناکاو و، ئەمەیش دەری خست کە وڵاتەکە ئامادە نییە ڕووبەڕووی بارودۆخی کەشوهەوای توند ببێتەوە. هەرچەندە بەرپرسان لافاوەکەیان بە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو وەسف کردووە، بەڵام ڕەخنەگران خراپیی ژێرخانی ئابووری و نەک تەنیا گۆڕانی کەشوهەوایان بە هۆکاری زیانەکانی ناو بردووە.

هەڵبژاردنی ئازەربایجان وەک میوانداری لووتکەیەکی گرنگی کەشوهەوا وەک کۆپ- ٢٩ بۆ زۆرێک لە

وڵاتانی دیکە چاوەڕواننەکراو بوو. بەڵام باکۆ لەم ساڵانەی دواییدا میوانداریی کۆبوونەوە و بۆنە نێودەوڵەتییەکانی کردووە؛ لە پێشبڕکێی گۆرانیی یۆرۆڤیژن لە ساڵی ٢٠١٢ تا یارییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٧ و پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی فۆرمۆلا یەک لە ساڵی ٢٠١٦. هەرچەندە وا بیر دەکرایەوە کە ئەمساڵ وڵاتێک لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ میوانداریکردنی ئەم لووتکەیە هەڵبژێردرێت؛ ئەرمینیا و بولگاریا کاندیدبوونی خۆیان بۆ میوانداریکردنی لووتکەی بیست و نۆیەم ڕاگەیاند و لە ڕکابەرییەکی نزیکدا بوون لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، بەڵام دواجار هەردوو وڵات کشانەوە و ڕێگەیان بۆ میوانداریکردنی کۆماری ئازەربایجان کردەوە.

لە ساڵی ١٨٤٠ کۆماری ئازەربایجان یەکەم وڵات بوو کە نەوتی لە زەوی دەرهێنرا. دوای داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، پیشەسازیی نەوت و گازی ئەم وڵاتە سەربەخۆ بوو و، بووە بەردی بناغەی ئابووریی ئەم وڵاتە؛ بەتایبەتی دوای ئەوە سەرچاوەی نەوت و گازی زیاتر لە دەریای خەزەردا دۆزرایەوە.

داتا فەرمییەکانی ساڵی 2023 دەری دەخەن کە نزیکەی یەک لەسەر سێی داهاتی تاکەکەسیی وڵاتی ئازەربایجان لەلایەن پیشەسازیی نەوت و گازەوە دابین دەکرێت و پشکی کەرتی نەوت و گازی کۆماری ئازەربایجان لە بوودجەی وڵاتدا، زیاترە لە 50%. هەروەها زیاتر لە 90%ی هەناردەی ئەم وڵاتە بەرهەمی نەوت و گازە.

وا بیر دەکرایەوە کە پێش ڕاگەیاندنی میوانداریکردنی کۆبوونەوەی کۆپ- ٢٩، ئەم وڵاتە پلانی بوێرانەی کەشوهەواش ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. لە هەمان کاتدا، ئیلهام عەلییێڤ، سەرۆککۆماری ئازەربایجان، ساڵی ٢٠٢٤ی وەک "ساڵی هاوبەندی بۆ جیهانێکی سەوز" ڕاگەیاند. ئامانجی درێژخایەنی لووتکەی کەشوهەوای باکۆ بریتییە لە کەمکردنەوەی گازە گەرمخانەییەکان بە ڕێژەی ٣٥% تا ساڵی ٢٠٣٠ و بە ڕێژەی ٤٠% تا ساڵی ٢٠٥٠ بە بەراورد بە ئامارەکانی ساڵی ١٩٩٠.




**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئیلهام عەلییێڤ سەرۆککۆماری ئازەربایجان**

**زانیاری دەربارەی کۆماری ئازەربایجان**

کۆماری ئازەربایجان بۆ چەندان سەدە لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و ئێراندا دابەش بوو و دواتر بوو بە بەشێک لە یەکێتیی سۆڤیەت. لە ساڵی ١٨٧٣ برایانی نۆبڵ کە لە بنەماڵەی بەناوبانگی پیشەسازییەکانی سویدی بوون، کۆمپانیای گەورەی نەوتی باکۆیان دامەزراند. بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم کۆمپانیایە نیوەی نەوتی جیهانی دابین دەکرد.

لە ئێستادا کۆماری ئازەربایجان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان مەیلی خۆی بەرەو ڕۆژاوا و ڕووسیا بپارێزێت، بەڵام تورکیاش بەهۆی زمان و کەلتووری هاوبەشەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم وڵاتە هەیە. ئەم وڵاتە پەیوەندییەکی پارێزگارانەی لەگەڵ ئێران هەیە و لە هەمان کاتدا نەوت بە ئیسرائیل دەفرۆشێت و چەک لەم وڵاتە دەکڕێت.

کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی ٢٠٠٠دا پشتیوانیی لە ئۆپەراسیۆنی ناتۆ لە ئەفغانستان کرد. کۆمپانیاکانی بریتانیا ٨٣ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لەم وڵاتەدا کردووە و کۆمپانیای نەوتی بی پی (BP) یەکێکە لە کۆمپانیا سەرەکییەکان لەم بوارەدا. هەروەها کۆماری ئازەربایجان ڕێککەوتنێکی هاوبەشی لەگەڵ ڕووسیا و چین واژۆ کردووە و بەنیازە پەیوەندی بە بریکسەوە بکات، کە پرۆگرامێکی هاوبەشی ئابوورییە بە سەرۆکایەتیی بەڕازیل و بە ئامادەبوونی ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا. ئەو وڵاتە سوودێکی زۆری لە سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ڕووسیا وەرگرتووە کە دوای لەشکرکێشیی ئەو وڵاتە بۆ سەر ئۆکرانیا بەسەریدا سەپێنراون، چونکە ئێستا کۆماری ئازەربایجان زیاتر گاز و نەوت بە ئەورووپا دەفرۆشێت.

دوای ئەوەی کۆماری ئازەربایجان هەڵبژێردرا بۆ میوانداریکردنی لووتکەی COP29 نیگەرانییەکان سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا هاتە ئاراوە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان گلەییان لە تۆماری مافی مرۆڤی ئەم وڵاتە کردووە. بەپێی زانیارییەکان، زیاتر لە 400 زیندانی سیاسی لەم وڵاتەدا لە زینداندان، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئازەربایجان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خەڵک بەهۆی بیروبۆچوونەکانیانەوە زیندانی بکرێن.

### کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان: "COP29"

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکدا بەدواداچوونی بۆ ئەو پرسە کردووە کە کام وڵات یان دامەزراوە ڕۆڵێکی بەهێزتر دەبینێت لە خستنەڕووی پلان و بیرۆکەی ژینگەیی لە دوایین کۆبوونەوەی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**چین**: نزیکەی 30%ی دەردانی کاربۆنی ساڵانەی جیهان بۆ چین دەگەڕێتەوە و ئەم وڵاتە بە گەورەترین بەرهەمهێنەری گازی گەرمخانەیی ناسراوە. بە گوێرەی "ناوەندی توێژینەوەی هەوای پاک و وزە" کە بنکەکەی لە شاری "هێلسنکی"یە، دەردانی گازی گەرمخانەییی چین لە ساڵانی ڕابردوودا گەیشتووەتە لووتکە. هەرچەندە چین لە دوای ئەمریکا دووەم گەورەترین ئابووریی جیهانە، بەڵام ئامادەییی خۆی لە دانوستانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا پاراستووە و هەوڵ دەدات ڕەخنەی ژینگەپارێزان کەم بکاتەوە. لە وەڵامی ڕەخنەگراندا، چین بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ سەرەتا ئەمریکا و وڵاتانی پیشەسازیی دیکە ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشوهەوا بخەنە بەرنامەی کار (پلان)ی خۆیانەوە، دواتر پەکین لەم بوارەدا هەنگاو دەنێت. هەروەها چین داواکارییەکانی پێدانی یارمەتی بۆ دابینکردنی داراییی پاراستنی ژینگەی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتووی ڕەت کردووەتەوە. وا دیارە چین نوێنەرێکی نوێ دەنێرێتە باکۆ بۆ

بەشـداریکردن لـە کۆبوونەوەکـانی گۆڕانـی کەشـوهەوا لـە کۆبـوونەوەی COP29 بەڵام ئـەوە مـاوەتەوە بزانرێت چ پەیامێک بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دەهێنێت.

**ئەمریکا**: ئەمریکا کە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری گازە گەرمخانەییەکانە لە جیهاندا، نوێنەریشی بۆ لووتکەی COP29 دەنێرێت. دانوستانکارانی ئیدارەی بایدن بە سەرۆکایەتیی جۆن پۆدێستا، ڕاوێژکاری باڵای کۆشکی سپی، نـوێنەرایەتیی ئەمریکـا لـە کۆبـوونەوەی ئازەربایجـان دەکـەن. ئەمریکـا لـە کاتێکـدا بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا دەکات کە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ٥ی ئەم مانگەدا ئەگەری ڕێککەوتنێکی تۆکمەی سەبارەت بە دانانی ئامانجێکی نوێی داراییی جیهانی یان ڕێککەوتنێک بۆ زیادکردنی ژمارەی وڵاتانی بەشداربوو کەم کردووەتەوە. هەرچەندە ئیدارەی بایدن سەدان ملیار دۆلاری بۆ کەمکردنـەوەی گۆڕانـی کەشـوهەوا دابیـن کـردووە، بەڵام لـە مـاوەی سـەرۆکایەتیەکەیدا ئەمریکـا وەک گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت و گاز لە جیهاندا ماوەتەوە، هەروەها بەردەوام بووە لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی لەم بوارەدا.

**یەکێتیی ئەورووپا**: یەکێتیی ئەورووپا کە لە ٢٧ وڵاتی کیشوەرەکە پێک هاتووە، تا ئێستا هەڵوێستی خۆی لەسەر هەندێک لە پرسە مشتومڕهەڵگرەکانی لووتکەی کۆبوونەوەی COP29 دەرنەبڕیوە. تا ئێستا یەکێتیی ئەورووپا ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئامانجی داراییی نوێی دەبێت یاخود چەند بێت و چۆن پارەی بۆ دابین دەکرێت. بەڵام یەکێتیی ئەورووپا داوای بەشداریکردنی چین و وڵاتانی دیکەی گەشەسەندووی ئابووریی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ژینگەییەکان کردووە. یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە تا ئێستا زۆرترین هاوکاریی داراییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا پێشکەش کردووە. لە ساڵی ٢٠٢٣ یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندام، لە سەرچاوە گشتییەکانەوە ٢٨,٦ ملیار یۆرۆیان بۆ دابینکردنی داراییی سندووقی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان تەرخان کرد.

**بریتانیا**: حکوومەتی حزبی کرێکارانی بریتانیا کە لە مانگی تەممووزدا هەڵبژێردرا، بەنیازە لە لووتکەی COP29 جەخت لەسەر پابەندبوونی ژینگەیی- کەشەوهەواییی وڵاتەکەی بکاتەوە. وڵاتەکە کە میوانداریی کۆبـوونەوەی COP26ی سـاڵی 2021ی لـە گلاسـکۆ کـرد، بەڵێنـی داوە کۆمەڵێـک لـە پابەنـدبوونەکانی داهاتووی خۆی بۆ کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی تا ساڵی 2035 لە کۆبوونەوەی باکۆدا بخاتە ڕوو. هەروەها بریتانیا داوا دەکات وڵاتانی بەشدار لە لووتکەی گۆڕانی کەشوهەوا ئامانجێکی داراییی گەورە دابنێن؛ هەرچەندە شارەزایان دەڵێن ڕوون نییە وڵاتەکە چەندە دەتوانێت بە بوودجە ناسکەکەی خۆیەوە، بەشداری لەم دابینکردنە داراییەدا بکات.



**باکوو، پایتەختی کۆماری ئازەربایجان**

**ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، ئازەربایجان و بەڕازیل**: وڵاتانی میوانداری لووتکەی COP28 و لووتکەی COP29 و لووتکەی COP30 کە خۆیان بە "ترۆئیکا" ناو دەبەن، ساڵی ڕابردوو ڕایان گەیاند کە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامی لە ڕێکخستنی دانوستانەکانی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا، هاوکاریی یەکتر دەکەن.

جێی ئاماژەیە کە هەرسێ وڵات ئابوورییان پشت بە سووتەمەنیی بەردین دەبەستێت. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (میوانداری کۆپ بیست و هەشت) و، هەروەها بەرازیل (میوانداری لووتکەی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا) لە 10 گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتن لە جیهاندا، هەروەها ئازەربایجان (میوانداری لووتکەی ئەمساڵی کۆپ- بیست و نۆ) لە لایەنگرانی بەرهەمهێنانی گازی سروشتین.

**وڵاتانی تر**: بەرازیل، باشووری ئەفریقا، هیندستان، چین، وڵاتانی خاوەن دانیشتووی بەرز و چڕ، کە بەخێرایی گەشە دەکەن، دەتوانن کاریگەر بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا. هەروەها پێویستە بزانرێت ئەم وڵاتانە لە کۆپ- ٢٩ چ پلانێک دەخەنە ڕوو و چۆن کاردانەوەیان بەرامبەر بە پێشنیارەکانی ئەوانی دیکە دەبێت.

**دامەزراوەکانی تری دانوستانکار**

لە نێوان دانوستانکارە چالاکەکانی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا، دەتوانرێت ئاماژە بە گرووپی (G77 + CHINA) بکرێت. هاوپەیمانییەکە کە لە ٧٧ وڵاتی تازەپێگەیشتوو و چین پێک دێت، دەڵێ وڵاتانی دەوڵەمەند بەرپرسیارێتیی کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیان زیاترە لەچاو وڵاتانی هەژارتر. هەروەها وڵاتانی ئەفریقا کار بۆ دابینکردنی بوودجەی زیاتر بۆ سندووقی گۆڕانی کەشوهەوا دەکەن، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ماددەی شەشەمی ڕێککەوتنی پاریس سەبارەت بە کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن. ئەم وڵاتانە هێشتا نیگەرانن لە پارەدارکردنی سندووقی زیانەکانی ژینگە دوای لافاوەکەی ڕۆژهەڵاتی

ئەفریقا و شەپۆلی گەرمای کوشندە لە هەندێک وڵاتی ئەفریقا. هەروەها وڵاتانی بچووکی دوورگەیی، گرووپێک پێک دەهێنن کە کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەر بووە و لە کۆبوونەوەی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوای چەندان ترلیۆن دۆلار دەکەن بۆ کۆتاییهێنانی قۆناغ بە قۆناغی بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین.

هاوکات ٤٥ وڵاتی ئەندامی گرووپی وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو کە زۆرتریش بەرەوڕووی گۆڕانی کەشوهەوا دەبنەوە، داوای هاوکارییەکی بەرچاو لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەکەن، کە پێیان باشە لە شێوەی هاوکاریی داراییدا بێت. هەروەها دەیانەوێت پارەی زیاتر بچێتە سندووقی زیانەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. هەروەها هاوپەیمانییەکی دیکە کە لە کۆبوونەوەی باکۆدا ئامادە دەبن، گرووپێکە بە سەرۆکایەتیی فەرەنسا، کۆستاریکا و بریتانیا، کە بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی، خوازیاری پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توندتری ژینگەیین.

**سەرچاوە:**

[/https://www.independentpersian.com](https://www.independentpersian.com/)

[/https://www.bbc.com](https://www.bbc.com/)

---

# گەڕانەوەی ترەمپ؛ کۆتاییهاتنی جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ڕێخۆشکردن بۆ ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر ئێران؟

**ن:** یۆرۆنیوز

**وەرگێڕانی:** پێنووس

ڕەنگە ماوەی ئێستا تا دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٥، ڕۆژانی یەکلاکەرەوە بێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ لەوانەیشە هەوڵەکانی حکوومەتی ئێستای بایدن بە هاوکاریی میسر و قەتەر و ئیمارات بۆ گەیشتن بە ئاگربەست لە غەززە سەرکەوتوو بێت؛ یان ئەوەی هەڵمەتی نەتانیاهۆ لە غەززە و لوبنان توندتر دەبێت و پێکدادان لە نێوان ئێران و ئیسرائیل دەچێتە ناو قۆناغێکی نوێ.

لە هەمان کاتدا نابێ چاوپۆشی لەوە بکرێت کە بە گوێرەی هەندێک ڕاپۆرت کە لە زاری بەرپرسانی ئێرانەوە وەرگیراون، وا دیارە تاران هەوڵ دەدات بەر لە دەستبەکاربوونی ترەمپ، "توندتر و بە چەکی بەهێزتر" وەڵامی هێرشە ئاسمانییەکەی ئیسرائیل بداتەوە.

دۆناڵد ترەمپ لە کاتی کەمپینی هەڵبژاردنەکەیدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا بدۆڕێت، بەردەوامبوونی سیاسەتەکانی ئیدارەی دیموکراتەکان دەبێتە هۆی "لەناوچوون"ی ئیسرائیل. ترەمپ هەروەها خواستی خۆی دەربڕی کە ململانێی غەززە کۆتایی پێ بێت، بەڵام هێشتا هەڵوێستی لەبارەی ئەگەری پێکدادان لەگەڵ ئێران ڕوون نییە. لە کاتێکدا هاوپەیمانان و دوژمنانی ئەمریکا بە هەمان شێوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ترەمپ دەکەن بۆ دەسەڵات لە مانگی یەکدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خولی دووەمی ترەمپ ڕەنگدانەوەی پشێوی و وەکوو خولی یەکەمی خۆی پێشبینینەکراو دەبێت؟

زۆرێک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا ئاواتەخوازی هێنانەدیی ئاشتی بوون بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێکیان تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون. بۆ نموونە بیل کلینتن لە ساڵی ١٩٩٣دا ئاسانکاریی کرد بۆ ڕێککەوتنی ئۆسلۆ لەگەڵ فەلەستینییەکان و ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئوردن لە ساڵی ١٩٩٤دا و، دۆناڵد ترەمپیش نێوەندگیریی دانوستانەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیی دراوسێی کرد؛ ڕێککەوتنی ئیبراهیم لەگەڵ بەحرێن، ئیمارات و مەغریب لە ساڵی ٢٠٢٠. بەڵام ئەم ڕێککەوتنە دیپلۆماسییانە یارمەتیدەر نەبوون بۆ پێشخستنی پێکهێنانی دەوڵەتی فەلەستین لە کەرتی ڕۆژئاوا و غەززە. بەڵام سەرەڕای ئەوەیش پێ دەچێت ترەمپ هەوڵی ئاساییکردنەوەی مێژوویی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سعوودیا بداتەوە؛ سیاسەتێک کە لە خولی یەکەمی ترەمپەوە دەستی پێ کردووە و بایدن تا ڕادەیەک ئەم سیاسەتەی ترەمپی پەیڕەو کرد.

بەڵام ئەم جارە لە 8 ساڵ لەمەوبەر جیاوازە لەگەڵ ئەو کاتەی کە ترەمپ بۆ یەکەم جار، بوو بە سەرۆکی ئەمریکا، چونکە جیهان گیرۆدە بووە بە چەندان ململانێ و ئالنگاریی گەورەوە. ئالنگاریی ترەمپ ئەوەیە کە چۆن خۆی لە کارەساتێکی ناوچەیی بەدوور بگرێت و لە هەمان کاتدا گیرۆدەی "جەنگێکی هەمیشەیی"ی دیکەی درێژخایەن نەبێت.

**ئایا [لە سەردەمی ترەمپ] ئیسرائیل دەستکراوەتر دەبێت؟**

یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە ترەمپ، نەتانیاهۆ لە غەززە و دەرەوەی غەززە دەستکراوەتر بکات. ئیسرائیل لە غەززە و لوبنان لە شەڕدایە و لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی دوژمنێکی سەرسەختی وەک ئێران دەبێتەوە. هەروەها هێرشەکانی هێزەکانی حووسییەکانی یەمەن بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور بەردەوامە. ترەمپ پشتیوانیی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەماس لە غەززە دەربڕیوە، بەڵام لەگەڵ بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێت بەخێرایی کارەکە تەواو بکات؛ ئەوەندە خێرا کە ڕۆژنامەی تایمزی ئیسرائیل بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئاگادارەکان نووسیویەتی کە دۆناڵد ترەمپ، بنیامین نەتانیاهۆی ئاگادار کردەوە کە چاوەڕوانیی ئەوە لە ئیسرائیل دەکات کە بە گەڕانەوەی بۆ سەر دەسەڵات (٢٠ی جانیوەری) بە شێوەیەکی فەرمی، کۆتایی بە شەڕوپێکدادانی غەززە بهێنێت.

بەڵام سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕۆژی (٤-١١-٢٠٢٤) ئاماژەی بەوە دا کە ئیسرائیل هێشتا نەگەیشتووەتە

قۆناغی کۆتاییی ململانێکان و لە تۆمارێکی دەنگی لە کۆبوونەوەی حزبی لیکوددا ڕای گەیاندووە کە ناتوانێت ڕازی بێت بە داواکاریی حەماس بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ لە بەرامبەر ئازادکردنی ١٠١ بارمتە کە هێشتا لەلایەن حەماسەوە ڕاگیراون، بەڵام ڕەنگە داواکارییەکەی ترەمپ لە ئیسرائیل بۆ گەرەنتیکردنی سەرکەوتن لە جەنگی غەززە پێش ڕۆژی دەستبەکاربوونی ترەمپ، گەڕانەوەی بارمتەکانیش لەخۆ بگرێت.

جگە لەوەیش سنووردارکردنی سیاسەتی ناوخۆی ئیسرائیل بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەیش بەردەوامە؛ لەوانەیش پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانیی نەتانیاهۆ کە هەندێک لایەنی ڕاستڕەوی توندڕەو لەخۆ دەگرێت کە دژی ڕێککەوتنە پێشنیارکراوەکەن بۆ ئازادکردنی بارمتەکان بە مەرجی ئاگربەستی هەمیشەیی لە غەززە. هاوکات لەناو حکوومەتی نەتانیاهۆدا تا ڕاددەیەك کۆدەنگی هەیە کە نابێ ڕێگە بە دەسەڵاتی فەلەستین بدرێت ڕۆڵ لە بەڕێوەبردنی غەززەدا بگێڕێت، چونکە حکوومەتی ئیسرائیل لە هەوڵدایە بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەیەکی گونجاوتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی دەسەڵات لە غەززە. بۆیە چاوەڕوان ناکرێت تا ڕۆژی دەستبەکاربوونی ترەمپ لە ئەمریکا، نەتانیاهۆ بگاتە ئاگربەست لە غەززە، بەڵام پێ دەچێت ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر غەززە و لوبنان زیاتر و چڕتر بکاتەوە.

لە هەمان کاتدا پێشبینی دەکرێت ترەمپ بەردەوام بێت لە پڕچەککردنی ئیسرائیل لەگەڵ دەستپێکردنی ئیدارەی نوێ لە ئەمریکا و، پێ دەچێت سیاسەتەکەی بەرامبەر بە ئیسرائیل هیچ سنوورێکی بۆ نیگەرانییە مرۆییەکان نەبێت، بەپێچەوانەی ئەو گوشارە سنووردارەی کە بایدن خستبوویە سەر حکوومەتی نەتانیاهۆ.

**ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

سەڕەرای ئەوەی کە ئەگەری هەیە جەنگەکان بە جۆرێک کەم دەبنەوە، بەڵام واقعەکە ئەوەیە کە ترەمپ زۆر گرنگی بە فەلەستین نادات کە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و، تەنانەت پشتیوانی لە دۆزی فەلەستین ناکات.

تا ئێستا ڕوون نییە کە لە ئیدارەی نوێی ترەمپدا کێ سەرکردایەتیی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، بەڵام لە دەوروبەری سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا (ترەمپ) لایەنگرانی بزووتنەوەی نیشتەجێکردنی ئیسرائیل (شارۆچکە جوونشینەکان لەسەر خاکی فەلەستینییەکان) هەن، وەک جارێد کوشنەر، زاواکەی ترەمپ بۆ ئەگەری بیناسازی لە غەززە. ئەوەی دیکە، دەیڤید فریدمان، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئیسرائیل، کە باسی لە مافی سروشتیی ئیسرائیل کردووە بۆ داگیرکردنی کەناری ڕۆژاوا. بۆیە سەرکەوتنی ترەمپ دەتوانێت دەستبەجێ و بەقووڵی سوودی هەبێت بۆ ڕەوتی ڕاستڕەوی توندڕەوی ئیسرائیل کە باوەڕیان بە لکاندنی کەناری ڕۆژاوا بە ئیسرائیلەوە هەیە، کە ئەمەیش ئەگەری هەیە نەخشەی ناوچەکە بگۆڕێت. بەڵام مەرج نییە گەڕانەوەی هاوپەیمانی نزیکی نەتانیاهۆ بۆ کۆشکی سپی، بەو مانایە بێت کە حکوومەتی ئیسرائیل بە شێوەیەکی تاکلایەنە دەتوانێت هەموو کارێک بکات کە تەنیا لە بەرژەوەندیی نیشتمانیی ئیسرائیلدایە.

ترەمپ بەپێچەوانەی بایدن، نیگەرانی ئەوە نییە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە ناوخۆی ئەمریکادا لە ڕووی سیاسییەوە زیانی پێ بگەیەنێت. تەنانەت دینامیکی هێز لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لە سەردەمی ترەمپدا زیاتر یەکلایەنە دەبێت و، سەرۆکی نوێش کاریگەریی زۆر زیاتری دەبێت لەسەر حکوومەتی ئیسرائیل لەچاو سەرۆکەکانی پێش خۆی. هەروەها ئەگەر لە ماوەی چەند مانگی مانەوەی ئیدارەی بایدن ئارامی نەگەڕێتەوە بۆ لوبنان، دۆناڵد ترەمپ خواستی خۆی بۆ گەیشتن بە چارەسەری خێرا لە لوبنان دەربڕیوە.

براوەیەکی دیکەی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنەماڵەی شاهانەی سعوودیان کە وەبەرهێنانێکی زۆریان لە بنەماڵەی ترەمپدا کردووە. پێ دەچێت ترەمپ بەدواداچوون بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئەستەمەکەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سعوودیا بکات، بەڵام ململانێیەکی درێژخایەن (لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان) دەتوانێت داواکارییەکانی سعوودیا زیاد بکات. هەرچەندە بەرپرسانی ئیدارەی بایدن لە هەوڵی گەیشتن بە ڕێککەوتنی سعوودیا و ئیسرائیلدا کات و وزەیەکی زۆریان دانا، بەڵام هەموو ئەو ماوەیە گومانی ئەوەیان هەبوو کە محەمەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعوودیا جارێکی دیکە چاوەڕێی گەڕانەوەی سەرۆک ترەمپ دەکات. بەڵام تەنانەت بۆ شازادەی سعوودیاش مامەڵەکردن لەگەڵ نەتانیاهۆ ئاسان نابێت، لە کاتێکدا غەززە وێران دەکرێت و زیاتر لە 43 هەزار فەلەستینی کوژراون.

**ئەگەری هێرشی پێشوەختەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران؟**

بەپێی چەند ڕاپۆرتێک، پێ دەچێت ئێران ئامادەکاری بکات بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل لە عێراقەوە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا. بەڵام لایەنە ڕاستڕەوەکان لە ئیسرائیل پێیان وایە کە نەتانیاهۆ نابێت چاوەڕێی هێرشی تۆڵەسەندنەوەی ئێران بکات و باشترە پێشوەختە هەنگاو بنێت. هەروەها بەرپرسانی "سوپای پاسدارانی ئێران"یش ئەگەری هێرشی پێشوەختەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێرانیان لەبەرچاو گرتووە، هەروەک سەردار عەلی فەدەوی، جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران ڕۆژی ٦-١١-٢٠٢٤ ڕای گەیاند: "ئێمە هەر جۆرە هێرشێکی پێشوەختە لەلایەن ئەمریکا و ڕژێمی زایۆنی [ئیسرائیل] بۆ ڕێگەگرتن لە ئێران لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سادق ٣ بەدوور نازانین." هەروەها عەلی خامنەیی لە وتارەکەی ئەم دواییەیدا وتی: دوژمنان، لەوانەیش ئەمریکا و ڕژێمی زایۆنیستی [ئیسرائیل]، دەبێ بزانن کە بەدڵنیاییەوە وەڵامی توندیان بۆ ئەو کارانە وەردەگرن کە دژی ئێران و بەرەی خۆڕاگری دەیکەن.

بەڵام هەڵوێستی مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، ڕۆژێک دوای وتارەکەی ئایەتوڵڵا خامنەیی سەرنجڕاکێشە. ناوبراو بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە "کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هیچ شێوەیەک پێشێلکردنی تایبەتمەندی و ئاسایشی خۆی، بێوەڵام ناهێڵێتەوە"، بە تۆنێکی نەرمتر قسەی بۆ سەرکردەکانی ئیسرائیل کرد و وتی: تەنانەت ئەگەر [ئیسرائیل] بە ڕەفتارەکانی خۆیدا بچێتەوە، ئاگربەست قبووڵ بکات و لە کوشتنی خەڵکی ستەملێکراو و بێتاوانی ناوچەکە بوەستێت، ڕەنگە کاریگەریی لەسەر جۆر و قەبارەی وەڵامدانەوەی ئێران هەبێت.

جێگەی ئاماژەیە کە هەر جۆرە پێکدادان و ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ ئێران، پێ دەچێت ئەمریکای تێوە بگلێت، لە کاتێکدا دوودڵیی ترەمپ لە بەشداریکردن لە جەنگەکانی دەرەوەدا تا ئێستایش وەک تەوەرێکی بەردەوامی سیاسەتی دەرەوەی پێشبینینەکراوی ئەو وڵاتە دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئەمریکا پێیان وایە کە ئێران بەنیازە ترەمپ بکوژێت، هەرچەندە کە تاران نکۆڵی لەوە دەکات، بەڵام ڕەنگە توانا و هێزی سەرنجڕاکێشی قایلکردنی نەتانیاهۆ، قەناعەت بە سەرۆکی ئەمریکا بکات کە بۆردوومانکردنی ئێران سەرکەوتنێکی خێرای سەربازی دەبێت.

**هێرشێک بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران کە لێکەوتەکانی نادیارە؟**

ئەگەر ئێران کە لە ئێستادا توانای پیتاندنی ئەتۆمیی خۆی زیاد کردووە – بە بەراورد بەو کاتەی کە ئەمریکا بە شێوەیەکی تاکلایەنە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٥+١ یان JCPOA لە ساڵی ٢٠١٨ کشایەوە – ڕۆژێک بڕیار

بدات چالاکییە ئەتۆمییەکانی لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی نزیک بکاتەوە، ڕەنگە ترەمپ ڕووبەڕووی قەیرانێکی نوێ ببێتەوە. ترەمپ لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە پێویستە ئیسرائیل کارتی سپی، یان ئازادیی بێسنووری ئۆپەراسیۆن یاخود جووڵەی سەربازی (بۆ تۆڵەکردنەوە)ی پێ بدرێت. دوای ئەوەی ئێران لە 1ی ئۆکتۆبەردا زیاتر لە 180 مووشەکی بالیستیکی ئاراستەی ئیسرائیل کرد، جۆ بایدن داوای لە ئیدارەی نەتانیاهۆ کرد هێرش نەکاتە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران یان بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران. بەڵام دۆناڵد ترەمپ گاڵتەی بەو دانبەخۆداگرتنە کرد و وتی: "تۆ جارێ لە ئەتۆمەکەی بدە، پاشان خەمی ئەوانی تر بخۆ."

لە ڕابردوودا سەرۆککۆمارەکانی ئەمریکا لە هەردوو حزبەکان (کۆماری و دیموکراتەکان) ڕایان گەیاندووە کە هەرگیز ڕێگە بە ئێران نادرێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێت. بەڵام هیچ کامیان بنکە ئەتۆمییەکانی ئێرانیان بۆردوومان نەکرد و گڵۆپی سەوزیان بۆ ئیسرائیل هەڵنەکرد کە هێرش بکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە مەترسیی پەرەسەندنی گرژییە ناوچەییەکان ڕوونە، بەڵام هەر دواکەوتنێک لە پەرەسەندنی ئەتۆمیی ئێران، پێ دەچێت کورتخایەن و نادیار بێت.

لە یەکەم خولی سەرۆکایەتیدا، ترەمپ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران کشایەوە و سزای "ئەوپەڕی گوشار"ی بەسەر ئێراندا سەپاند و پاشان لە ساڵی 2020دا فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی باڵای ئۆپەراسیۆنە دەرەکییەکانی ئێران لە عێراقی دەرکرد. بەڵام لە هەمان کاتدا ترەمپ داوای ڕێککەوتنی دیپلۆماسیی لەگەڵ سەرکردەکانی ئێران دەکرد و خۆی لە هێرشی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرت؛ تەنانەت دوای خستنەخوارەوەی درۆنێکی ئەمریکا لەلایەن ئێرانەوە و، هەروەها پشتیوانیکردنی لە هێرشەکانی (حووسییەکانی سەر بە ئێران) بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی سعوودیا لە ساڵی ٢٠١٩دا.

بابەت و پرسێکی وردتر ئەوەیە کە ئایا سەرۆکی ئەمریکا پشتگیری لە هێرشی ئیسرائیل دەکات یان نا. ئەگەر ئیسرائیل بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە بکات، پێ دەچێت تەنیا کاریگەرییەکی سنوورداری هەبێت، بەڵام بەشداریکردنی ئەمریکا کاریگەرییە سەربازییەکانی ئەم هێرشە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزتر دەکات. هاوکارییەکانی ئەمریکا دەتوانێت لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر ئامانجەکانەوە دەست پێ بکات تا ڕزگارکردنی فڕۆکەوانە ئیسرائیلییەکان کە ڕەنگە فڕۆکە جەنگییەکانیان بخرێنە خوارەوە، یان دابینکردنی سووتەمەنیی ئاسمانی بۆ فڕۆکەکانی ئیسرائیل، یان بەشداریکردن لە هێرش و بۆردوومانەکاندا. لە هەمووی گرنگتر نەتانیاهۆ ناتوانێت بەتەواوی دڵنیا بێت لەوەی کە ئایا ترەمپ پاڵپشتی لە ئەولەوییەتی ستراتیژیی حکوومەتی ئیسرائیل دەکات کە بریتییە لە دەستپێکردنی جەنگ بۆ لەناوبردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران.

ڕاستە ترەمپ بە شەخسی فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانیی دۆست و هاوپەیمانی خۆشەویستی عەلی خامنەیی دەرکردووە، بەڵام بەئاشکرا وتوویەتی کە گۆڕینی ڕژێم لە ئێراندا ئەولەوییەتی ئەو نییە و تەنانەت ڕەنگە لەگەڵ ئێرانیش ڕێککەوتن بکات. بەڵام ئەوەی ڕوونترە ئەوەیە کە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی متمانەی ئەوتۆی بە ئیدارەکانی ئەمریکا نییە و چەندان جار جەختی لەوە کردووەتەوە کە سیاسەتی ئێران هەمیشە وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە دەکرێت پێشبینیی ئەوە بکرێت کە سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەوپەڕی گوشار لە دژی ئێران بەردەوام دەبێت و سەرنجی ترەمپ زیاتر لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل دەبێت.

**سەرچاوە:**

https://parsi.euronews.com

---

# لە جەنگی سێبەرەوە بۆ سێبەری جەنگ: ڕۆڵ و ستراتیژیی ئەکتەرە هەرێمایەتی و سەروو-هەرێمایەتییەکان لە هاوکێشەکانی ناوچەکە

**د. پەرویز ڕەحیم قادر**– دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان/دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی

هەرچەندە وەڵامی سەربازیی ئیسرائیل بۆ تۆڵەکردنەوەی هێرشی ١-١٠-٢٠٢٤ی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٦-١٠-٢٠٢٤ بە زیاتر لە 100 فڕۆکە و درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) کە بەشداریی ئەو هێرشانەیان کردووە بۆ سەر ئێران و، نزیکەی 20 ئامانجیان پێکاوە، لەوانەیش پێگەکانی مووشەکی بالیستی و کۆمەڵەی بەرگریی ئاسمانی، تا ڕاددەیەک لە ئاستی پێکدادانەکانی بۆ ماوەیەکی سنووردار کەم کردەوە. چونکە هیچ دڵنیاییەک نەبوو کە ئیسرائیل هێرش نەکاتە سەر کەسایەتی و دامەزراوە ئەتۆمی و ئابوورییەکانی ئێران، بەڵام خودی ئەم هێرشە زیاتر لەوەی وەڵامدانەوە بێت، جۆرێکە لە ئامادەکاری و خوێندنەوەی نوێ بۆ دۆخەکە بۆ پاش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و تەنانەت گەرێکی نوێی بارگرژی؛ چونکە لێدان لە سیستەم و دامەزراوە بەرگرییەکانی ئێران لە بواری سەربازیدا شرۆڤەی تایبەتی هەیە و ئێرانیش سەرەڕای بچووک نیشاندنی هێرشەکان و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە بەهۆی هێرشەکە زیانێکی کەم و سنووردار بە هەندێک شوێن کەوتووە، لە قەبارە و ئاستی هێرشەکە و پەیامەکانی-کە هەنگاوان و ئامادەکاریی ئیسرائیلە لە ڕێگریکردن لە بەئەتۆمیبوونی ئێران و هێرشکردنە سەر ئیسرائیل- ئاگادارە. بەڵگەیش بۆ ئەمە، کەناڵی عەرەبیی سکای نیوز لە زاری سەرچاوەکانی خۆیەوە بڵاوی کردەوە، سەرنجی سەرەکیی ئیسرائیل لە هێرشکردنە سەر ئێران، "لەناوبردنی تەواوەتی"ی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی وڵاتەکەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، ئەگەری گۆڕانکاری لە هاوکێشە جیۆسیاسییە هەرێمایەتییەکان لە پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ و هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و دروستبوونی سێ بەرەی جەنگ لە نێوان حەماس-ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان-ئیسرائیل و ئێران-ئیسرائیل، وای کردووە کە بەهۆی سروشتیی ئەکتەرەکان و بەرژەوەندیی ئەکتەرە سەروو-هەرێمایەتییەکان وەکوو ڕووسیا و چین و ئەمریکا، لە سنووری خۆی نەمێنێتەوە و وڵاتانی سووریا و عێراق و یەمەن-یش بگرێتەوە. هەموو

ئەمانەیش وا دەکات کە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەیش دڵەڕاوکێیان لە تێوەگلان یاخود بەرکەوتنی ئاگری ئەم جەنگە هەبێت کە دوایینیان تورکیایە.

لەم نێوەندەیشدا هەرێمی کوردستان وەکوو ئەکتەرێکی نا-دەوڵەتی، چ لە چوارچێوەی عێراق و چ وەکوو ئەکتەرێکی نادەوڵەتی- ناسنامەیی کە تێکئاڵاویی لەگەڵ پرسە ناوخۆیییەکانی عێراق و پاشان تورکیا و ئێران و سووریا لە لایەک و ململانێکانی ئەکتەرە هەرێمایەتییەکان و بەتایبەتی ئێران-ئەمریکا لە لایەکی دیکەوە هەیە، بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرکەوتەی لەم ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە جیۆسیاسیانەدا دەبێت کە بەرواڵەت لێکەوتەی جەنگی ئیسرائیل-حەماسە، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئاستی هەرێمایەتی بەشێکە لە جەنگی ئێران-ئیسرائیل و، لە ئاستی سەرووناوچەییش بەشێکە لە ململانێ جیۆستراتیژییەکان لە نێوان ڕووسیا و چین و ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین کە ئەم پرسە و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان شرۆڤە بکەین.

**یەکەم- ئەمریکا**

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت کە هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکە، بە ئاشتی و جەنگ و ململانێکانەوە، لە نێوان ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمایەتییەکان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە ئەمریکاوە هەیە. بەم واتایە کە هەموو ئەکتەرە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان یان لە بەرەی ئەمریکادان یاخود دژبەری ئەمریکان. هەروەها هاوپەیمانێتییەکانیش سەرەڕای بوونی پەیوەندییان لەگەڵ ئەکتەرەکانی دیکە-وەکوو وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل- بەڵام لە کۆتاییدا لەسەر بەرەی ڕۆژاوا هەژمار دەکرێن. هەر بۆیە فاکتەری دژایەتیی هەژموون و نفووزی ئەمریکا و پێچەوانەکەی، ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی ئاشتی یان جەنگ دەبینێت. بەڵام ئەوەی کە تاوەکوو ئێستا ئەمریکای وەکوو ئەکتەرێک لاواز نیشان داوە، هاوکێشە ناوخۆیییەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری ئەم وڵاتەیە. هەر بۆیە ئەمریکا دەیەوێت سەرەڕای زاڵبوونی هاوپەیمانەکانی، بەتایبەتی ئیسرائیل و پاشان وڵاتانی عەرەبی، ڕێگە لە نەیار و دوژمنەکانیشی بگرێت کە لەم گۆڕانکارییانەدا کەڵک وەربگرن بۆ لاوازکردنی نفووز و هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

هەرێمی کوردستانیش لە سەرەتای دروستبوونییەوە سەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی لەرزۆک و نا-دڵنیا لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمایەتییەکانی وەکوو تورکیا و ئێران، بەڵام بەتوندی گرێدراوی سیاسەت و ستراتیژی و پێگەی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لەو پێگە و سیاسەت و ستراتیژییە بەڕاستەوخۆ ڕۆڵی لەسەر هێز و توانا و بکەرایەتی و بەم پێیەیش داهاتووی هەرێمی کوردستان لەم گۆڕانکارییانەدا دەبێت. سەرەڕای ئەمانەیش ئەوەی کە ڕۆڵی ئەمریکا بەهێز یاخود لاواز دەکات ئەم فاکتەرانەن:

**فاکتەرە بەهێزەکان**

ئەمریکا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیی هاوپەیمانەکانییەوە، بەسەر بەرەی بەرامبەریدا زاڵە؛ چ لە ڕووی تواناکانیانەوە و چ لە ڕووی پێگە و نفووز و گرێدانی بەرژەوەندییانەوە. بەم واتایە کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل سەرەڕای پەیوەندییان لەگەڵ ڕووسیا و چین، بەڵام بەردەوامی و مانەوەیان، بە ئەمریکاوە گرێ

دراوەتەوە و لە ڕووی توانایشەوە لە ڕووی سەربازی و ئابووری و تەکنەلۆژییەوە بەسەر بەرەکەی دیکەدا زاڵن. تواناکانی ئەمریکا لە ڕووی ئابووری، سەربازی، سیاسی-دیپلۆماسی، تەکنەلۆژی و بەتایبەتی ستراتیژییەوە، وا دەکات کە ئامراز و میکانیزمەکانی بەردەستی ئەو وڵاتە لە ئەکتەرەکانی دیکە بەرفراوانتر و بەهێزتر و کاریگەرتر بن. بۆ نموونە، یەکێک لە ترسەکانی ئێران و پرۆکسییەکانی بەهۆی ئەو توانا سەربازی و تەکنەلۆژییەوەیە کە وا دەکات لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی بەرفراوان بە بەشداریی ئەمریکا، بە دۆڕاو لەو جەنگە بێنە دەرەوە؛ ئەوە جگە لە بوونی ئامرازی گوشاری گەورەی ئابووری و سیاسی لە هەمبەر ئێران و ڕووسیا و چین و لایەنگرانیان.

### فاکتەرە لاوازەکان

بە شێوەی گشتی ململانێی ناوخۆیی و دابەشبوونی سیاسی لە ناوخۆی ئەمریکا، دابەشبوونیان بەسەر دوو بەرەی سەرەکیی لایەنگری دەستوەردان لە کاروباری نێودەوڵەتی و لە بەرامبەریشدا نەیاری ئەم ڕوانگەیە و پاشان نزیکبوونی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا بەتایبەتی، گەورەترین خاڵە لاوازەکانی ئەمریکان لە پاش ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣وە. لە لایەکی دیکەیشەوە، لە ئێستادا هەر دوو بەرەی ناوخۆی ئەمریکا -چ دیموکراتەکان و چ کۆمارییەکان- بە پاساو و هۆکاری تایبەتی خۆیان لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ و بەشداریی ئەمریکا (هاوشێوەی جەنگی ئەفغانستان و عێراق) نین. بۆیە ئەمەیش توانای هاوپەیمانەکانی ئەمریکای لاواز کردووە و لە بەرامبەریشدا توانای جووڵە و سیاسەتی داوەتە بەرەی نەیاری ئەمریکا (بەتایبەتی ئێران و ڕووسیا) لە ناوچەکەدا. هەموو ئەمانەیش لە کاتێکدایە کە نەیارەکانی سەرووهەرێمایەتیی ئەمریکا، بەتایبەتی چین و ڕووسیا، دەیانەوێت ئەمریکا لەم جەنگەوە بگلێت؛ هەرچەندە سنووردار و کۆنترۆڵکراو و، ئەمریکاش بە زانینی ئەم ڕاستییە زۆر پارێزگارانە لەگەڵ هاوکێشەکان مامەڵە دەکات و هەر ئەمەیش جگە لە هاوپەیمانەکانی، خودی ئەمریکاش لاواز دەکات. بەم واتایە کە ئەگەر جەنگێکی بەرفراوان دروست ببێت، ئەوە ئەمریکا ناچارە بۆ بەرگریکردن لە ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەشداریی تێدا بکات و ئەگەر ئەمەیش بکات، ئەوە چین و ڕووسیا لە ناوچەی خۆیان باڵادەست دەبن و پێگەیان جێگیر دەکەن؛ ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و تەنانەت ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و، چینیش لە ناوچەی دەرەوەی نزیکی خۆی.

### دووەم-ڕووسیا

ڕووسیا جگە لەوەی کەڵکی لەو دوودڵی و ناکۆکییە ناوخۆییەی ئەمریکا وەرگرتووە، لە هەمان کاتیشدا بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەکتەرەکانی ناوچەکە لە هەردوو بەرەی لایەنگری ئەمریکا و دژبەری ئەمریکا و، هەروەها ئەکتەرە دەوڵەتییەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانیش وەکوو؛ حزبوڵڵای لوبنان و فەلەستینییەکان و تەنانەت حەشدی شەعبی و حووسییەکان لە ڕێگەی ئێرانەوە، وای کردووە کە بتوانێت توانای خۆی لە ناوچەکەدا بەهێزتر بکات؛ هەرچەندە لە ئاست و قەبارەی نفووزی ئەمریکادا نییە، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو و تورکیا و ئێران و ئیسرائیل، بە هۆکاری جیاواز بۆ هەر ئەکتەرێک بۆ نموونە؛ بەهۆی ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی ئێران و پرسی ئابووری و وزە و هاوکاریی سەربازی لە بری ئەمریکا و، هەروەها پێویستییەکانی خۆی لە جەنگی ئۆکراینا و پرسی سووریا. هەر ئەمەیش وای کردووە کە توانای دەستوەردانی هەبێت. بەڵام توانا ئابووری و سیاسییەکانی لە لایەک و بەرژەوەندی و ستراتیژیی لە ناوچەکەدا، لە کۆتاییدا وا دەکات کە کاریگەریی زیاتر لەسەر بەرەی دژبەری

ئەمریکا هەبێت.

ئەوەی کە بۆ ڕووسیا گرنگە ئەوەیە کە ناوچەکە بەئاڵۆزی بمێنێتەوە و ئەمریکا نەتوانێت توانا سەربازی و دیپلۆماسییەکانی بۆ ڕاگرتنی ڕووسیا و شکستهێنان بە ڕووسیا تەرخان بکات. هەروەها بە ڕێگەی بەرزکردنەوەی مەترسییەکانی ئێران، وڵاتانی کەنداو ناچار بکات کە بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی مەترسییەکانی ئێران، پەیوەندییە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ مۆسکۆ بپارێزن و لەم ڕێگەیشەوە ڕووسیا ئابڵووقە و سزاکانی کەم بکاتەوە یاخود بشکێنێت. هەروەها ڕووسیاش وەکوو ئێران کەڵک لە ئەکتەرەکانی بەرەی موقاوەمە (بەرخۆدان) وەردەگرێت.

**سێیەم- چین**

هەرچەندە چین سەبارەت بە گۆڕانکاری و ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان بەپارێزگاری مامەڵە دەکات و هەوڵ دەدات کە لە چوارچێوەی ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕەفتار بکات و بەشێک نەبێت لە جەمسەرگیرییەکان، بەڵام پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ هەموو بەرەکان ئەولەوییەتی سەرەکیی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە پێک دێنێت و، هەر ئەمەیش چینی خستۆتە بارودۆخێکی دژبەیەک. بەم واتایەی کە، لە لایەک دەیەوێت ئەمریکا لە ناوچەی دەرەوەی نزیکی خۆی لە دەریای چینی باشوور دوور بخاتەوە و بتوانێت بە کەمترین تێچوو کێشەی تایوان چارەسەر بکات و بیگەڕێنێتەوە سەر چین و، لە هەمان کاتیشدا ڕۆڵ و ئامادەیی و نفووزی ئەمریکا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ڕێگەی زلکاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا، لاواز بکات.

لە هەمان کاتیشدا، چین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییەکی بەهێزی ئابووری و بازرگانیی لەگەڵ ئەمریکا و پاشان یەکێتیی ئەورووپا و بە پلەیەکی کەمتر لەگەڵ ڕووسیا هەیە و، لەسەر ئاستی هەرێمایەتییش ئەو پەیوەندییە هەر بەم شێوەیە کە لە ڕووی بازرگانی و وزە و ئابووری و وەبەرهێنان و تەنانەت سەربازی و تەکنەلۆژییەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا هەیە و، لە ڕووی سیاسی و سەربازی و بە پلەی کەمتر لە ڕووی وزە و ئابوورییشەوە لەگەڵ ئێران و لایەنگرانی لە ناوچەکەدا. هەموو ئەمانە، لە پاڵ هەوڵەکانی چین بۆ داڕشتنەوەی ستراکچەری سیستەمی نێودەوڵەتی و کەمکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئەمریکا و کۆتاییهێنان بە تاک-چەندجەمسەری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، وای کردووە کە "چین"یش هەم تێوەگلانی ئەمریکای بوێت و هەمیش نەیەوێت جەنگێک دروست بێت کە بەرژەوەندییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت ئاستی جیهانی بخاتە مەترسییەوە.

ڕاستییەک هەیە کە هەستانەوە و پێگەی داهاتووی چین، پەیوەستە بە پێگەی بازرگانی و ئابووریی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بوونی پەیوەندی لەگەڵ هەموو ئەکتەرەکاندا. هەر بۆیە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران و هاوپەیمانەکانی و لە هەمان کاتیشدا ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی هەیە.

**چوارەم- یەکێتیی ئەورووپا**

بۆ یەکێتیی ئەورووپا بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە (بەپێچەوانەی ئەمریکا و ڕووسیا و چین)، تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە بە واتای نادڵنیایی و ناسەقامگیری و بەم پێیەیش دروستبوونی مەترسیی دووبارەی تیرۆر، لێشاو و شەپۆلی کۆچبەران، بەهێزبوونی ڕادیکالیزم و ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، نا-

ئاسایشی لە بواری ئابووری و وزە و تەنانەت بەرزبوونەوەی مەترسییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایە. هەر ئەمەیش وای کردووە کە بە پاساو و لەژێر گوتاری مافی مرۆڤ گەورەترین گوشارەکانی لەسەر ئیسرائیل بۆ ڕاگەیاندنی ئاگربەست و کۆتاییهێنان بە جەنگی حەماس-ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنان-ئیسرائیل دروست ببێت. تەنانەت ئەمە وای کردووە کە زۆبەری جار گوتار و هەڵوێستی سیاسیی جیاواز و دژبەیەک لە ئەورووپییەکان لە هەمبەر ئیسرائیل و پێدانی چەک بەم وڵاتە دروست ببێت کە دوایینیان هەڵوێستی فەڕەنسایە لەم بارەیەوە؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە بە گەڕانەوە و ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە سەدەی ڕابردوو، ئەوە فەڕەنسا بووە کە گەورەترین یارمەتیدەری ئیسرائیل بووە بۆ دەستبەرکردنی چەک بۆ جەنگ و خۆپاراستنی ئیسرائیل و بەتایبەتی و، تەنانەت بنیاتنانی توانای ئەتۆمیی ئیسرائیل، فەڕەنسا بووە نەک ئەمریکا.

بە شێوەیەکی گشتی، یەکێتیی ئەورووپا بەرژەوەندیی پێکناکۆکیان سەبارەت بەم گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕانە هەیە، بەڵام ترسیان لە سەرقاڵیی ئەمریکا بە ناوچەکە و، هەروەها بەتەنیامانەوەیان لە جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا (چونکە ئەورووپییەکان لەوە ڕانەهاتوون کە لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئاسایشی و تەنانەت ئابووری و داراییەوە بە تاقی تەنیا بەرەوڕووی ڕووسیا ببنەوە)، وای کردووە کە بەتوندی لە دژی بەرفراوانبوونی جەنگ بوەستنەوە و هەوڵی نێوەندگیری یاخود گوشارکردنە سەر ئیسرائیل و ئەمریکا بدەن. ئەوەی کە ئەورووپییەکان زیاتر نیگەران دەکات، هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپە لە ئەمریکا، چونکە پێیان وایە کە لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوتن دەکات و تێچووی بەرگری بەتەواوی دەخاتە ئەستۆی ئەورووپییەکان و دەستی ڕووسیا بۆ دەستوەردان لە ئەورووپا ئاوەڵاتر دەبێت و جەنگی ئۆکراییناش بە قازانجی ڕووسیا کۆتاییی پێ دێت و، ئەمەیش ئاسایشی یەکێتیی ئەورووپا دەخاتە مەترسییەوە و بەم پێیەیش گۆڕانکارییەکی گەورەی جیۆسیاسی ڕوو دەدات.

**پێنجەم- وڵاتانی عەرەبی**

جێگەی ئاماژەیە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بە ڕاددەیەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جیهانی فرەجۆر و ئاڵۆزن، کە وا دەکات کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە و لە ڕێگەی گوشار لەسەر ئەکتەرە هاوپەیمانەکانی هەبێت. هەر ئەمەیش وا دەکات کە هاوپەیمانەکانی بەتەواوی-بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی-متمانەی پێ نەکەن و هەوڵ بدەن کەڵک لە هاوسەنگیی سەرووهەرێمایەتی بۆ هاوسەنگیی هەرێمایەتی وەربگرن؛ هەر بۆیە لە ڕێگەی چین و ڕووسیاوە ئێران کۆنترۆڵ دەکەن و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەن لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکانیان باشتر بکەن و بارگرژییەکانیان بسڕنەوە. وشیاربوونەوەی وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بە ستراتیژی و ئاستی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا، بە قازانجی خۆیان و پاشان چین و ڕووسیا شکایەوە و، لووتکەی ئەم وشیاربوونەوەیەش سەرەتا لە بەهاری عەرەبی و پاڵپشتی و پشتیوانیی ئەمریکا لە گۆڕانکاریی سیاسی لە جیهانی عەرەبی و پاشان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و دڵەڕاوکێ ئاسایشی و سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە و پاشان لە هێرشی حووسییەکانی یەمەن بە پاڵپشتیی ئێران لە ساڵی ٢٠١٩ لە سەردەمی دۆناڵد ترامپ و هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی ئارامکۆ لە سعوودیا[1] و تەنانەت پرۆژەی ئاشی سەدە بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین-ئیسرائیل بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و ڕای گشتیی وڵاتانی عەرەبی لە سەردەمی ترامپ، بەتەواوی خۆی دەرخست. هەموو ئەمانەیش وای کرد کە لەگەڵ هەموو ئەکتەرەکان، بەتایبەتی چین و ڕووسیا و پاشان بە ئیسرائیل و ئێرانیشەوە، پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانیان بکەن.

هەر بۆیە لە ڕووداوێکی بێوێنەدا، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی گوشارەکانیان بۆ سەر ئێران چڕتر کردۆتەوە و تەنانەت لە دوایین ڕووداوی دیپلۆماسی لە لووتکەی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو (GCC) و یەکێتیی ئەورووپا (EU)دا لە ڕێکەوتی ١٦-١٠-٢٠٢٤دا لە ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکەدا باس لەوە کراوە کە ئێران سێ دوورگەی "تنب الكبرى" و "تنب الصغرى" و "ابوموسى" کە لە دوای دامەزرانی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی جێگەی مشتومڕ و ناکۆکیی نێوان ئیمارات و ئێران بووە، داگیر کردووە. ئەمەیش ئێرانی نیگەران کردووە، چونکە لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕووسیا و لە ساڵی ٢٠٢٢ چین ڕاگەیەنراوێکی هاوشێوەیان لەگەڵ وڵاتانی کەنداو- بەڵام نەرمتر- سەبارەت بەم سێ دوورگەیە هەبووە لە قازانجی ئەو وڵاتانە و لە زیانی ئێران.

هەموو ئەمانە دەری دەخەن کە ئەو وڵاتانە دەیانەوێت کە لەم ئاڵوگۆڕانەدا پشکی شێریان بەرکەوێت؛ بەو مەرجەی کە نەبنە بەشێک لە پێکدادانەکان و، جەنگ نەگوازرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانە.

**شەشەم- کۆماری ئیسلامیی ئێران**

ئێران لە دۆخێکی زۆر ئەستەمدایە؛ بەو مانایەی کە لە سەرەتای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و پاشان گوشار و هەوڵەکان بۆ ئاگربەست، بە براوەی ئەم جەنگە دادەنرا، بەڵام ڕووداوەکانی پاش ساڵێک دەری خست، کە ئێران زیاد لە پێویست بە بردنەوە گەشبین بووە؛ چونکە کوشتنی بەرپرس و فەرماندە باڵاکانی حەماس و حزبوڵڵا، بەتایبەتی ئیسماعیل هەنییە و حەسەن نەسروڵڵا و دواییینیشنیان یەحیا سنوار، لە پاڵ تەقینەوەی ئامێرە پەیجەرەکانی حزبوڵڵا، وای کرد کە خوێندنەوەیەکی دووبارەی بۆ هاوکێشەکان و دەرەنجامەکانی جەنگ و تەنانەت هێز و توانای ئیسرائیل هەبێت؛ هەر بۆیە جگە لە نزیکبوونەوەی زیاتر لە ڕووسیا، بەناڕاستەوخۆ گوشار بۆ سەر ئەمریکا و بەڕاستەوخۆ لەسەر وڵاتانی کەنداو و ناوچەکە دروست بکات بۆ ئەوەی ڕێگری لە پەرەسەندنی جەنگ بکەن. چونکە کۆتاییهاتن یاخود لانی کەم لاواز و ناکاریگەرکردنی پرۆکسییەکانی ئێران و بەتایبەتی حزبوڵڵای ئێران، بە واتای شکستی دۆکترینی سەربازی و بەرگریی ئێران دێت کە لە چوارچێوەی جەنگی بەنوێنەرایەتی (Proxy war) و بەرەی بەرخۆدان (جبهە مقاومت) لەسەر بنەمای جەنگی ناهاوتەریب یاخود "حرب غير متكافئة" (asymmetric warfare) لە ناوچە خۆڵەمێشییەکان (grey areas) دانرابوو. ئەمەیش پاش ئەوە هات کە هەم پێکهاتە و سەرکردەی حەماس و حزبوڵڵا لەناو بردران و هەمیش توانا مووشەکی و درۆنییەکانی ئێرانیش نەیتوانی سیاسەتی ڕێگریکردن (deterrence policy)ی کۆماری ئیسلامی بپارێزێت و، ئیسرائیل سوورە لەسەر لێدان لە پرۆکسییەکان و تەنانەت هێرشکردنە سەر ئێران و تێوەگلانی ئێران لە جەنگ.

ئەوەی ڕاستی بێت هەموو ستراتیژیی بەرگریی ئێران لەسەر ئەوە دانرابوو کە ئێران بە هیچ شێوەیەک بەفەرمی و ڕاستەوخۆ لە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل تێوە نەگلێت، چونکە ئەوە بە واتای تێوەگلانی ئەمریکا دێت لە جەنگ لە دژی ئێران. هەر بۆیە ئێرانییەکان چ بۆ ترساندن و تۆقاندنی ئیسرائیل و ڕۆژاوا بێت و چ بەڕاستی بۆ مانەوەیان، هەوڵی گۆڕینی دۆکترینی ئەتۆمی (کە پێشتر ڕایان دەگەیاند کە ناسەربازی و ئاشتییانە و مەدەنییە) و هەنگاونان بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بدەن.

بۆ کۆماری ئیسلامی تێکچوونی هاوسەنگیی هێز و داڕمانی ستراتیژیی ئەڵقەی ئاگر (Ring of Fire)ی ئێران لە دەوری ئیسرائیل لە ڕێگەی ناکاریگەرکردن و نەمانی هێزە میلیشیایی و پرۆکسییەکان، بە واتای سەرەتای شکست و تەنانەت ڕووخانی سیستەمەکەیان دێت، چونکە دژایەتیی ئیسرائیل و ئەمریکا پرسێکی

ناسنامەییە؛ هەرچەندە دەیانەوێت لە ڕێگەی یەکخستن و یەکێتیی گۆڕەپانەکان (unification of the arenas campaign) ئەمە ئەنجام بدەن نەک بەتەنیا.

**هەفتەم- ئیسرائیل**

بۆ ماوەیەکی کەم لە دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ لەلایەن حەماسەوە، ئیسرائیل لە ڕووی هەواڵگری و سەربازی و تەنانەت سیاسییەوە لە دۆخێکی نالەباری ناوخۆییدا بوو، بەڵام ئەم هێرشە ئیسرائیلییەکانی وشیار کردەوە پەیڕەوکردنی دۆکترینی زاحییە- عقيدة الضاحية – (Dahiya Doctrine) لە هەمبەر حەماس ئەوەی دەرخست کە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە ناتوانن بە هەبوونی پرۆکسییەکانی ئێران و بە هەمان دۆکترینەکانی سەربازیی پێشووتر و بە جەنگی سێبەر (Shadow War) و پەیڕەوکردنی ئەوەی بە ستراتیژیی کوشتن بە هەزار برینی چەقۆ (death by a thousand knife wounds) و دۆکترینی مابام (MABAM) ناسراو بە Campaign between the Wars، ئاسایشی خۆیان بپارێزن.

هەر بۆیە ئیسرائیلییەکان بە ڕاگەیاندنی گۆڕینی نەزمی نوێ (New Order)، دەیانەوێت جگە لە لێدان لە پرۆکسییەکان و لاواز و ناکاریگەرکردنیان لە چوارچێوەی دۆکترینی هەشتپێ (Octopus Doctrine)، ئەم جارە پێ دەچێت لە پاش هێرشەکەی ٢٦-١٠-٢٠٢٤ بڕیاری دابێت کە خودی هەشتپێ لە ڕێگەی لێدان لە سیستەمی بەرگریی ئاسمانی بکاتە ئامانج، بۆ ئەوەی لاوازی بکات کە لە داهاتوودا ناوەند و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی بکاتە ئامانج.

گەورەترین بەربەستی ئیسرائیل، نەبوونی سنوور و مەودای جوگرافییە لەگەڵ ئێران، بەڵام ئێران ئەم دەرفەتەی لە ڕێگەی پرۆکسییەکانی خوڵقاندووە و هەر بۆیەش ئیسرائیل دەیەوێت ئەو دەرفەت و توانایەی ئێران لەناو ببات تاکوو بتوانێت بەهۆی باڵادەستیی تەکنەلۆژی و سەربازیی خۆیەوە گورزی کاریگەر لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بدات. بۆیە لێدان لە پرۆکسییەکان چەند قازانج و خاڵێکی بەهێز بۆ ئێستا و داهاتوو دەبەخشێتە ئیسرائیل:

١- مەترسیی ڕووداوی هاوشێوەی ٧ی ئۆکتۆبەر، کە بە مەترسیدارترین ڕووداوی ئاسایشی ناوخۆیی دادەنرێت، ناهێڵێت و؛ ئەمەیش ئاسایشی ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی زۆر دەستەبەر دەکات.

٢- ئێران ناتوانێت بەناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات و ناچارە بەڕاستەوخۆ ئەمە بکات و لەم سیناریۆ و ئەگەرەیشدا، لە ڕووی هاوسەنگیی هێز و، هەروەها لە ڕووی سیاسییەوە ئیسرائیل براوەیە.

٣- لە داهاتوودا لە ئەگەری هەر هێرشێکی سەر ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ سەر بنکە و دامەزراوە ئەتۆمییەکان، ئێران ناتوانێت لە ڕێگەی پرۆکسییەکانییەوە هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات و ناچارە بەڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە و ئەگەر وەڵامەکەیشی سنووردار نەبێت، ئەوە ئەمریکا ناچارە بەرگری لە ئیسرائیل بکات و، ئەمەیش هەم ئامانجی ئیسرائیلە و هەمیش مەترسییە بۆ سەر ئێران. لەم سیناریۆیەیشدا ئێران دۆڕاوی سەرەکییە و بۆ ماوەیەکی نادیار توانا ئەتۆمییەکانی لەدەست دەدات و، هەروەها ئەگەری هەڵگیرسانی ناڕەزایەتی و شۆڕشی ناوخۆییش بەهێز دەبێت. ئەمەیش سیاسەتی ڕێگریکردنی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێکی دیکە دەگەڕێنێتەوە و بەهێز دەکات و تەنانەت دەرفەت بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی عەرەبی کە ماون و پەیوەندییان نییە، هەموو ئەمانەیش مانەوە و

بەردەوامیی ئێران دەخاتە مەترسییەوە.

٤-نەمانی یاخود لەچەکداماڵینی حەماس و حزبوڵڵای لوبنان وا دەکات کە چیتر میلیشاکانی لایەنگری ئێران لە سووریا و عێراق و تەنانەت حووسییەکان نەتوانن هیچ هەڕەشەیەکی ئەوتۆ بۆ سەر ئیسرائیل دروست بکەن، چونکە ئەرکی ئەوان لە ڕاستیدا ئیسرائیل نەبووە بەڵکوو لە ڕێگەی یەکێتیی گۆڕەپانەکانەوە سەرقاڵکردن و گوشارخستنە سەر ئەمریکا و لێدان لە بەرژەوەندیی ئەوروپییەکان بووە بۆ ڕاگرتنی ئیسرائیل. بۆیە بە نەمانیان، ئەوە بەرەی خۆڕاگری کۆتایی دێت و ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئێران جگە لە ڕووی بەرگری و سەربازی، لە ڕووی سیاسیشەوە ترسی لێ هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە کە نەیارەکانی لە سووریا و عێراق و... لایەنگرانی پەراوێز بخەن.

**کۆبەند: هەرێمی کوردستان و سیناریۆی گۆڕانکارییەکان**

ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی پاش هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل وتی: "کارێک بوو کە هیچ شتێکی تر نەیدەتوانی جێگەی بگرێتەوە. ئەوان (حەماس) پیلانێکی گەورەی نێودەوڵەتی (نزیکایەتیی عەرەب و ئیسرائیل)یان بۆ ناوچەی ڕۆژاوای ئاسیا (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بە ڕێگەی "زریانی ئەقسا" لەناو برد و پووچەڵ کردەوە." هەر بۆیە ئێران ترسی لە هاوبەندی و هاپەیمانیی نێوان وڵاتانی ناوچەکە و ئیسرائیل هەیە، بەڵام یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە و تەنانەت جەنگ، گۆڕان لە هاوپەیمانییەکان دەبێت. هەر بۆیە ئێران هەوڵ دەدات (هەوڵی داوە) ئەمە ڕوو نەدات و هەرێمی کوردستان نەبێتە بەشێک لەم پرۆسەیە.

بۆیە لێرەدا و بەپێی ڕۆڵ و بەرژەوەندیی ئەکتەرەکان کە خرایە ڕوو، دەتوانین گرنگترین سیناریۆکان بۆ هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو:

- **بەردەوامبوونی دۆخەکە:** ئەم دۆخە لە قازانجی ڕووسیا و چینە، بۆیە ئەمریکا دەیەوێت ئاگربەست دروست ببێت؛ چونکە هەم گوشاری ڕای گشتیی لەسەرە و هەمیش ئەگەری لەکۆنترۆڵ دەرچوونی هەیە. هەروەها ئێرانیش هەست بە مەترسی و دڵەڕاوکێی ئاسایشی دەکات کە قۆناغ بە قۆناغ پرۆکسییەکانی بکرێنە ئامانج. لەم چوارچێوەیەیشدا دەیەوێت تاوەکوو ١٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٥ کە بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ کۆتایی دێت و چیتر دەوڵەتانی ئەوروپی و ڕووسیا و چین ناتوانن میکانیزمی ماشە، ناسراو بە snapback mechanism چالاک بکەن، جۆرێک لە ڕێککەوتن و ئاگربەست لە ئارادا بێت و پاش ئەو ڕێککەوتنە دەستی کراوەتر دەبێت و هێزە پرۆکسییەکانی لە ناوچەکەدا خۆی ڕێک دەخەنەوە و تەنانەت دەتوانێت دۆکترینی ئەتۆمیی خۆی بگۆڕێت. هەروەها ئەم سیناریۆیە پەیوەستە بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و هاتنەسەرکاری ترامپ یان هاریس. لەم سیناریۆیەدا، هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتن یان بارگرژیی ئەمریکا و ئێران لە عێراقدا دەمێنێتەوە.

- **بەرزبوونەوەی بارگرژییەکان و جەنگێکی سنووردار:** لەم سیناریۆیەدا هەرێمی کوردستان دەبێتە بەشێک لە پێکدادانەکان (هەرچەندە سنوورداریش بێت)، چونکە ئێران دەیەوێت لە ئەگەری تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگ هەموو ناوچەکە بکاتە بەشێک لە جەنگەکە. ئەمە مەترسیدارترین سیناریۆ دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، تەنانەت لە جەنگێکی بەرفراوانی ناوچەییش، چونکە ئێران لە ڕێگەی میلیشیاکانەوە هێرش دەکاتە سەر ئەمریکییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان (نەک ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە، چونکە

دەیەوێت سنووردار بمێنێتەوە).

ئەم سیناریۆیەیش بە قازانجی چین و ڕووسیا دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر گەرووی هۆرمز دابخرێت یان هێرش بکرێتە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئێران، بە قازانجی ڕووسیا دەبێت؛ بەڵام لانی کەم لە کورتمەوددا لە زیانی چین دەبێت. لەم سیناریۆیەدا عێراق دەبێتە بەشێک لە گۆڕەپانەکە.

- **جەنگێکی هەرێمایەتی:** لەم سیناریۆیەدا ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوە لە زیانی چین و ڕووسیا دەبێت، چونکە ناوچەکە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەمریکا و بەم پێیەیش لایەنگرەکانی، وەکوو وڵاتانی عەرەبی، چیتر پێویستیان بە ڕووسیا و چین نابێت بۆ پاراستنی هاوسەنگی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران. داهاتووی ئەم سیناریۆیە دەتوانێت لە قازانجی هەرێمی کوردستاندا بێت، سەرەڕای مەترسییە جددی و وێرانکەرەکانی.

- **ئەگەری ئاگربەست و ڕێککەوتن:** هەرچەندە پێشبینی دەکرێت (ئەگەر دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت و هێڵە سوورەکان نەبەزێنرێت) تاوەکوو سیاسەتی ڕێگریکردن (Deterrence)ی هەر یەکە لە ئێران یان ئیسرائیل نەیەتە دی، ئەوە پێ دەچێت بارگرژی و پێکدادانەکان بەردەوام بێت. هەموو هەوڵەکان لە ناوچەکە بۆ هاتنەدیی ئەم سیناریۆیەیە، بەڵام ئەم سیناریۆیە لە ئێستادا بەربەست و ئالنگاریی زۆری لەبەردەمدایە و ئیسرائیل خۆی بەربەستی سەرەکییە و، نایەوێت ئەم دەرفەتەی پاش هێرشی ١-١٠-٢٠٢٤ی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لەدەست بدات و، ئێرانیش ئەگەر هێرشی کوشندەی بکرێتە سەر دامەزراوە و ناوەندە ئەتۆمی و نەوتییەکانی و تەنانەت بەرپرسە باڵاکانی، ئەوە بەناچاری وەڵامی سەربازیی توندی دەبێت و لەم ئەگەرەدا ئێران دەکەوێتە ناو ئەو تەڵەیەی کە پێشووتر بە "تەڵەی نەتانیاهۆ" پێناسەیان دەکرد و ستراتیژیستەکانیان هۆشدارییان لەبارەیەوە دەدا.

هەموو ئەم سیناریۆ و ئەگەرانە، پەیوەستن بە دوو فاکتەری سەرەکییەوە: ١- ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا. ٢- ئامانجەکان، ئاست و قەبارەی لەناوبردنی پرۆکسییەکانی سەر بە ئێران و لە بەرامبەریشدا وەڵامدانەوەی ئێران. بەڵام لە هەموو سیناریۆکاندا ئیسرائیل ناتوانێت لەگەڵ هەڕەشە وجوودییەکانی ئێستا بەردەوام بێت و بۆیە دەیەوێت باڵادەستی و هەژموونی خۆی بپارێزێت و، ڕێگەیش نادات چیتر پرۆکسییەکانی ئێران لە لایەک و مووشەک و چەکی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی، هەڕەشە بن بۆ سەر ئاسایش و مانەوەی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەگەر ئێران نزیک ببێتەوە لەوەی کە خاوەن چەکی ئەتۆمی بێت، ئەوە ڕووخانی سیستەمەکە لە ناوخۆ دەبێتە ئەگەرێکی حەتمی و بەشێک لە ستراتیژیی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژاوا. بۆیە دەتوانین بڵێین هاوسەنگیی نوێی هەرێمایەتی دەتوانێت لە قازانجی هەرێمی کوردستان بشکێتەوە، ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئامادەییان تێدا بێت.

[1] – هەر ئەمەیش وای کردووە لە دوای بەرزبوونەوەی گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا بەڵێنی پاڵپشتی بە سعوودیا داوە لە ئەگەری هێرشی ئێران یان هاوپەیمانەکانی. بە گوێرەی ئاژانسی هەواڵی بلومبێرگ، ئەم دڵنیاییە لە چوارچێوەی نیگەرانییەکان سەبارەت بە پەرەسەندنی ململانێکان لە ناوچەکەدا بەهۆی سیاسەتی ئیسرائیل و هەڕەشەکانی ئێران پێشکەش کراوە. سعوودیا و وڵاتانی دیکەی کەنداو لەم دواییانەدا نیگەرانیی خۆیان لە ئەگەری تێوەگلان لە پەرەسەندنی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەهۆی سیاسەتە سەربازییەکانی ئیسرائیل دژ بە ئێران و ئەگەری وەڵامدانەوەی ئێران دەربڕیوە. لەم پێوەندییەدا ئەنتۆنی

بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، گەشتی بۆ سعوودیا و قەتەر ئەنجام داوە بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانانی ناوچەکە کە خۆیان لە مەترسیدا دەبینن.

---

# ئیسرائیل چۆن توانیی لە دووریی ١٧٠٠ کیلۆمەتر و بە ١٠٠ فڕۆکەوە هێرش بکاتە سەر ئێران؟

**ئامادەکردن و وەرگێڕان:** پێنووس

سوپای ئیسرائیل پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئۆپەراسیۆنەکە تەنیا بە گرنگیدان بە ئامانجە سەربازییەکان ئەنجام دراوە و بەئەنقەست خۆیان لە بەئامانجکردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و کێڵگە نەوتییەکانی ئێران بەدوور گرتووە بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەرەسەندنی زیاتری پێکدادانەکان بگرن.

سوپای ئیسرائیل هێزێکی ئاسمانیی پێشکەوتووی هەیە کە سەدان فڕۆکەی جەنگیی فرەڕۆڵی F-15 (بروسک) و F-16 (تۆفان) و F-35 (توانا)ی تێدایە کە لەلایەن ئەمریکاوە دابین دەکرێت. ئەم فڕۆکانە لە مانگی نیسانی ڕابردوودا ڕۆڵیان هەبوو لە ڕێگریکردن و خستنەخوارەوەی درۆنەکان (فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان)ی ئێران. لەو مانگەدا ئێران لە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراواندا بە ناوی "بەڵێنی سادق 1" دەیان مووشەک و درۆنی ئاراستەی ئیسرائیل کرد. بەڵام هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل فڕۆکەی بۆمبهاوێژی دوورمەودای نییە؛ بەڵام کۆمەڵەیەکی بچووکی فڕۆکەی بۆینگ (KC 707)ی هەیە کە وەک تانکەری سووتەمەنی بەکاریان دەهێنێت کە وا دەکات فڕۆکە شەڕکەرەکانی بتوانن بە گەشتە دووردرێژەکان بگەنە سنوورەکانی ئێران.



ئاسۆشیتد پرێس: پڕکردنەوەی سووتەمەنیی فڕۆکە جەنگییەکانی ئێف ١٥ی ئیسرائیلی لەلایەن فڕۆکەی جۆری بۆینگ ٧٠٧ لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤

جێگەی ئاماژەیە لە مانگی تەممووزی ڕابردوودا هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل توانای خۆی نیشان دا بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجە دوورمەوداکان بە فڕۆکە جەنگییەکان کە چەندان ئامانجیان لە نزیک بەندەری حودەیدەی یەمەنیان بۆردوومان کرد. لەو هێرشەدا ئیسرائیل ڕای گەیاند، هێرشەکە وەڵامێکە بۆ هێرشی درۆنەکەی حووسییەکان بۆ سەر تەلئەبیب.

**لە هێرشی سەر ئێران چەند فڕۆکە بەشدار بوون؟**

دەگوترێت بەگشتی 100 فڕۆکەی جەنگی، لە نێویاندا فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتووی ئێف 35، بە سێ شەپۆل هێرشیان کردووەتە سەر 20 دامەزراوەی مووشەکی و درۆنی ئێران. هێرشی قۆناغی سەرەتایی ئیسرائیل بۆ سەر ئامانجەکانی ڕادار لە سووریا، بە ئامانجی "کوێرکردنی" تواناکانی هۆشداریی پێشوەختەی ئێران بوو، بەڵام بەخێرایی گۆڕا بۆ هێرشێکی فراوانتر و، لە شەپۆلی دووەم و سێیەمدا تاران و کەرەج و چەند شوێنێکی ستراتیژیی دیکەی ئێرانی کردە ئامانج. لە هێرشەکەی بەیانیی زوودا لە ٢٦ی ئۆکتۆبەردا، ئیسرائیل فڕۆکە جەنگییەکانی ئێف-٣٥ی بەکار هێنا کە خۆیان لە ڕادار دەدزنەوە، کە سوپای ئیسرائیل ناوی "قادر"ی ناوە بە واتای "بەهێز و بەتوانا"، کە پێ دەچێت نزیکەی دوو هەزار کیلۆمەتریان بڕیبێت و ئەم هێرشەیان ئەنجام دابێت. بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی مووشەک و تەقەمەنیی قورسەوە، هێرشە دوورمەوداکانی وەک ئەم هێرشە، پێویستیی بە پڕکردنەوەی سووتەمەنیی بەرچاو هەیە و یەکەی فریاگوزاریی ٦٦٩ی ئیسرائیل لە ئامادەباشییەکی بەرزدا بووە.

ڕۆژنامەی "ئیندیا تۆدەی" سەبارەت بەم هێرشانە نووسیویەتی: "ئیسرائیل فڕۆکەی جەنگیی نەوەی پێنجەمی ئێف- 35 ناسراو بە ***Adir***، فڕۆکەی هێرشی زەمینیی ئێف- 15 (Ra'am) و فڕۆکەی بەرگریی ئاسمانیی ئێف- 16 (Sufa)ی بەکار هێنا، کە نزیکەی 2000 کیلۆمەتریان بڕیوە." ئەم ڕۆژنامەیە زیاتر ئاماژە بەوە

دەکات کە "ئەو چەکانەی بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە هەڵبژێردران، بریتی بوون لە مووشەکی هایپەرسۆنیکی دوورمەودای Rampage و مووشەکی پێشکەوتووی نەوەی نوێی Rocks لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی." ڕۆژنامەکە بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی نووسیویەتی، فڕۆکەکانی ئیسرائیل بە گرووپی 25 بۆ 30 فڕۆکە، هێرشەکانیان ئەنجام داوە. بەم پێیە تەنیا 10 فڕۆکە هێرشی مووشەکیی هەماهەنگیان ئەنجام داوە و ئەوانی دیکەیش بەرپرسیار بوون لە ئەرکی پاراستن و چاودێری و بەرەنگاربوونەوە. ئەم ئامارە تا ئێستا لەلایەن سەرچاوە فەرمییەکانەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە.

دەگوترێ لە کاتی ئەم هێرشانەدا کە بە " ئۆپەراسیۆنی ڕۆژانی تەوبە" ناوزەد کراون، بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ئامادەباشییەکی بەرزدا بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەگەری هێرشە مووشەکییە تۆڵەسەندنەوەکانی ئێران. ئێستایش سوپای ئیسرائیل بەوردی چاودێریی ئەگەرەکانی وەڵامی ئێران و میلیشیاکانی هاوپەیمانی تاران لە عێراق، یەمەن، سووریا و لوبنان دەکات و خۆی بۆ ئەگەری کۆمەڵێک کردەوەی تۆڵەسەندنەوە ئامادە دەکات.



فڕۆکەی F-35

**هێڵی کارمان ( *Kármán line*) چییە و ئایا سەروەریی ئاسمانیی ئوردن و عێراق پێشێل کراوە؟**

میدیاکانی ئێران بە گێڕانەوە لە سەرچاوە ئوردنییەکان گرتەیەکی ڤیدیۆییان بڵاو کردەوە کە تێیدا دەردەکەوێت فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل کە پێ دەچێت F-35 بێت، بەرەبەیانی شەممە (٢٦-١٠-٢٠٢٤) ئاسمانی ئوردنیان بەزاندووە. شارەزایەکی میدیایی بە ناوی "سەمیر شۆهانی" ڕۆژی هێرشەکە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی هەواڵی ئەلعالەم وتی: ئەمە مانای چییە کە هیچ فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی لە ئاسمانی ئێراندا نەبینراوە؟ ئەمەیش بەو مانایەیە کە ئەو ١٠٠ فڕۆکەیە کە باسی لێوە دەکرێت، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە هێرشیان کردووە و ڕژێمی ئیسرائیل نەیوێراوە سەروەریی ئاسمانیی ئێران پێشێل بکات. ڕوونیشی کردەوە: "فڕۆکە جەنگییەکانی ئێف 35 و ئێف 16 دەتوانن لە دووریی 100 بۆ 200 و 300 و تەنانەت 500 کیلۆمەتریشەوە مووشەک بهاوێژن، بۆیە گرنگ ئەوەیە بەرگریی ئاسمانیی ئێران ڕووبەڕووی فڕۆکەکانی ئیسرائیل نەبووەوە، چونکە لە بنەڕەتدا لە ئاسمانی ئێراندا بوونیان نەبووە." هەروەها

شۆهانی وتی: چەند وێنەیەک هەیە کە فڕۆکەکانی ئیسرائیلی لە بەرزاییەکی نزم لە ئوردن دەردەکەون؛ ئەمەیش بەدوور نازانرێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەو فڕۆکانە چووبنە ناو ئاسمانی عێراق و مووشەکیان ئاراستەی ئامانجە سەربازییەکانی ئێران کردبێت.

هەرچەندە ناتوانرێت لە ئێستادا بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڤیدیۆکە و شوێنەکەی پشتڕاست بکرێتەوە، بەڵام سوپای ئوردن ڕۆژی شەممە ڕای گەیاند کە ئوردن ڕێگەی نەداوە هیچ فڕۆکەیەکی جەنگی لە لایەنە شەڕکەرەکانی ناوچەکەوە ئاسمانی وڵاتەکەی ببڕێت. هەروەها سعوودیاش ڕای گەیاند کە ئاسمانی وڵاتەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ئێران بەکار نەهێنراوە. سەروەریی وڵاتێک ئاماژەیە بۆ سەروەریی ئاسمانی و خاکی وشکانی و دەریایی خۆی، بەڵام بۆشاییی دەرەوەی ئاسمانی وڵاتەکەی ناگرێتەوە. هەرچەندە هیچ بەرزییەکی جێگیرکراوی گشتگیر نییە کە ئاسمان لە بۆشاییی دەرەوە جیا بکاتەوە، بەڵام هێڵێکی گریمانەیی ناسراو بە " هێڵی کارمان" (***Kármán line***) هەیە کە نزیکەی ١٠٠ کم لە بەرزیی ئاستی دەریاوە بۆ مەبەستی فڕۆکەوانی و بۆشاییی ئاسمان وەردەگیرێت. لە خوار ئەم بەرزییەوە هەموو شتێک بە بەشێک لە سەروەریی ئاسمانیی وڵاتێک دادەنرێت. لە دەرەوەی ئەم بەرزییە "بۆشاییی دەرەوە" هەیە، کە دوورە لە سەروەریی نیشتمانی و بە بنەماکانی پەیماننامەی بۆشاییی ئاسمانیی ساڵی ١٩٦٧ بەڕێوە دەچێت، کە ڕێگە بە ئازادیی چالاکیی نێودەوڵەتیی تێدا دەدات. فڕۆکە بازرگانییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان ٩ بۆ ١٢ کم لە بەرزیی سەر زەوەی دەفڕن، لە کاتێکدا فڕۆکە جەنگییە سەربازییەکان دەتوانن لە بەرزاییە بەرزەکاندا بفڕن. بۆ نموونە فڕۆکەی ئێف ١٦ زۆرترین بەرزیی کارکردنی نزیکەی ١٥ کم و، فڕۆکەی ئێف ٣٥ دەتوانێت بگاتە بەرزیی نزیکەی ١٨ کم. لە ئەنجامدا ئەگەر فڕۆکە سەربازییەکان بەو بەرزاییانە بەسەر ئوردندا بفڕن، دەکرێت بە پێشێلکردنی سەروەریی ئاسمانیی ئوردن هەژمار بکرێت.

لە کاتێکدا ڕەهەندەکانی دیکە و وردەکاریی زیاتری هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ٢٦ی ئۆکتۆبەردا پێویستیی بە لێدوانی فەرمیی ئێران و ئیسرائیل هەیە، هەر لە سەرەتای ڕووماڵکردنی ئەو هێرشانە، میدیاکانی ئێران هەوڵیان دا هێرشەکانی ئیسرائیل بێبایەخ بکەن و بە ناکاریگەر وەسفیان بکەن. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە بزانرێت کاردانەوەی ئوردن بۆ ئەم پرسە چی دەبێت و ئایا داوای ڕوونکردنەوە لە ئیسرائیل دەکات لەسەر ئەم بابەتە و بانگهێشتی باڵیۆزی ئیسرائیل دەکات یان نا.

بەم ڕووداوە لاپەڕەیەکی نوێ لە پێکدادان و ململانێی نێوان دوو دوژمنی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتە ئاراوە و تاران و تەلئەبیب کە دەیان ساڵە خەریکی شەڕی بەوەکالەتن، ئێستا زیاتر بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەڕۆن. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە توانا سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیسرائیل، چین و کامیان لە بەرگری و هێرشبردندا لەوی تر باڵاترە؟

**ژمارەی سەربازەکان**

بەپێی ڕاپۆرتی ئینستیتیۆتی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (IISS) لە ساڵی ٢٠٢٣ کۆماری ئیسلامی خاوەنی ٦١٠ هەزار هێزی سەربازیی چالاکە کە ٣٥٠ هەزاریان لە ئەرتەش و ١٩٠ هەزاریان لە سوپای پاسداران و ١٨ هەزاریان لە هێزی دەریایی و ٣٧ هەزاریان لە هێزی ئاسمانی و 15 هەزار کەس لە هێزی بەرگریی ئاسمانین. جگە لەوەیش هێزی ئەرتەش یەدەگی ٣٥٠ هەزار کەسی هەیە.

لە بەرامبەردا ئیسرائیل 169 هەزار و 500 هێزی سەربازیی چالاکی هەیە؛ لەو ژمارەیەیش 126 هەزاریان لە

سوپا و 9 هەزار و 500یان لە هێزی دەریایی و 34 هەزاریان لە هێزی ئاسمانیدا چالاکن. هەروەها ئیسرائیل 465 هەزار سوپای یەدەگی هەیە.

**بوودجە و خەرجیی سەربازی**

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەزگەی توێژینەوەی ئاشتیی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم (SIPRI) لە مانگی ئەپریلی ساڵی 2024 بڵاوی کردۆتەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی 2023دا نزیکەی 10.3 ملیار دۆلاری لە بواری سەربازی و بەرگریدا خەرج کردووە کە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 0.6% زیادی کردووە . لە بەرامبەردا، ئیسرائیل لە ساڵی 2023دا نزیکەی 27.5 ملیار دۆلاری لەم بوارەدا خەرج کردووە؛ ئەمەیش بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 24% زیادی کردووە. خەرجییە سەربازییەکانی ئیسرائیل دوای هێرشەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری حەماس، بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

**هێزی وشکانی (زەمینی)**

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەلجەزیرە، بەپێی ڕیزبەندیی سەربازیی ساڵی ٢٠٢٣، کۆماری ئیسلامیی ئێران خاوەنی زیاتر لە ١٠ هەزار و ٥١٣ تانکی شەڕ و زیاتر لە ٦٤٠ زرێپۆشە، کە توانای هەڵگرتنی ستافی سەربازی هەیە. لە بەرامبەریشدا، ئیسرائیل نزیکەی 400 تانکی جەنگی و زیاتر لە 1190 زرێپۆشی هەیە.

**هێزی ئاسمانی**

هەروەها بەپێی ریزبەندی سەربازیی ساڵی 2023 هێزی ئاسمانیی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران 312 فڕۆکە و، هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران 23 فڕۆکەی هێرشبەری هەیە. هەروەها هێزی ئاسمانیی ئەرتەش ٥٢ و سوپای پاسداران پێنج هەلیکۆپتەری هێرشبەریان هەیە. فڕۆکە و هەلیکۆپتەرەکانی ئێران بە شێوەیەکی گشتی، کۆنە و سەر بە نەوەکانی پێشووی ئەم جۆرە کەرەستەی سەربازییە. لە بەرامبەردا، ئیسرائیل خاوەنی 345 فڕۆکەی شەڕکەر و 43 هەلیکۆپتەری هێرشبەرە.

**هێزی دەریایی**

ئێران خاوەنی ١٧ ژێردەریایی تاکتیکی، ٦٨ کەشتی و شەڕکەری کەنار دەریاکان، حەوت گرووپی کەشتیوانی، ١٢ کەشتی، ١١ کەشتی ( Landing craft) و، ١٨ کۆمەڵەی پشتیوانیی لۆجستیکی دەریایی هەیە. لە بەرامبەردا، ئیسرائیل پێنج ژێردەریایی و 49 کەشتیی شەڕکەری دەوریە و کەنار دەریاکانی هەیە.

**سیستەمی بەرگریی ئاسمانی**

بەپێی ریزبەندی سەربازیی ساڵی ٢٠٢٣، بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل پشت بە سیستەمی "گومبەزی ئاسنین" دەبەستێت. پێ دەچێت گومبەزی ئاسنینەکان توانیبێتی ڕێگری لە زۆربەی ئەو مووشەکانە بکات کە ئێران ئاراستەیان دەکات. ئەم سیستەمە بە ڕادارێک تەیار کراوە کە مووشەکی هاتوو و خێرایی و ئاراستەکەی دەستنیشان دەکات؛ پاشان ناوەندی کۆنترۆڵ لێکدانەوەی بۆ دەکات کە ئایا ئەو مووشەکە هەڕەشە لە شارەکانی ئیسرائیل دەکات یان نا. ئەو مووشەکانەی کە مەترسیدار نین، ڕێگەیان پێ دەدرێت لە ناوچە و کێڵگە چۆڵەکاندا بکەونە خوارەوە، بەڵام ئەگەر هەڕەشەیەکی جددی بن، ئەوا یەکەی تەقاندنی

مووشەکەکان دەیانخاتە خوارەوە. ئەم لانچەرە ٢٠ مووشەکی ڕێگری لەخۆ دەگرێت.

دە ناوەندی گومبەزی ئاسنین لە سەرانسەری ئیسرائیلدا بڵاو بوونەتەوە. هەروەها سیستەمەکانی دیکەی ئیسرائیل توانای ڕێگریکردن لە مووشەکی مامناوەند و دوورمەودایان هەیە. سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی David's Sling ئەو مووشەکانە دەگرێت کە مەودای ٤٠ بۆ ٣٠٠ کیلۆمەتریان هەیە. هەروەها سیستەمی بەرگریی مووشەکی (Arrow System)" ڕێگری لەو مووشەکانە دەکات کە مەودای دوو هەزار و ٤٠٠ کیلۆمەتریان هەیە.

لە بەرامبەردا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مانگی دووی ئیمساڵ، سیستەمی بەرگریی کورتمەودای "ئازەرەخش"ی جێگیر کرد. ئەم سیستەمە کە لەسەر ئۆتۆمبێلە قورسەکان دادەنرێت، سیستەمێکی دیاریکردن (Infrared)ە کە بە سیستەمی ڕادار و ئەلکترۆ-ئۆپتیکاڵ تەیار کراوە بۆ دەستنیشانکردن و شوێنپێهەڵگرتنی ئامانجەکان. هەروەها ئێران خاوەنی کۆمەڵێک سیستەمی بەرگریی مووشەکیی زەوی بۆ ئاسمانە، کە زیاتر لە 42 سیستەمی جۆری ئێس-200، ئێس-300 دروستکراوی ڕووسیا و سیستەمی دروستکراوی خۆماڵیی باوەر-373ی لەخۆ دەگرێت. جگە لەوەیش ئێران خاوەنی زیاتر لە 59 سیستەمی مووشەکیی مەودای مامناوەندە وەک HQ-2J MIM-23 Hawk و خورداد-15. هەروەها ٢٧٩ سیستەمی کورتمەودای هەیە کە دروستکراوی "چین"ن.

**مووشەکی بالیستی** ( ballistic missile )

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لانی کەم ١٢ جۆری جیاوازی مووشەکی بالیستیکی مەودای مامناوەند و کورتمەودای لە جبەخانەی خۆیدا هەیە؛ لەوانە مووشەکی توندەر ٦٩ کە مەودای ١٥٠ کیلۆمەتر و مووشەکی خوڕەمشەهر و سجیل، کە هەردووکیان مەودای دوو هەزار کیلۆمەتریان هەیە. لە بەرامبەریشدا، ئیسرائیل لانی کەم چوار جۆری جیاوازی مووشەکی بالیستیی بچووک و مامناوەند و دوورمەودای هەیە کە مەودای بڕینیان لە نێوان ٢٨٠ کم بۆ ٤٨٠٠ کم و ٦٥٠٠ کم و تەنانەت زیاتریش دەبێت.

**توانای ئەتۆمی**

بەپێی ڕاپۆرتێکی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکردنی چەک، کە بنکەکەی لە ئەمریکایە، مەزەندە دەکرێت ئیسرائیل ٩٠ کڵاوەی ئەتۆمیی لە کۆگەکانیدا هەبێت. لە بەرامبەردا، وا دیارە ئێران خاوەنی چەکی ئەتۆمی نییە، بەڵام خاوەنی بەرنامەیەکی پێشکەوتووی ئەتۆمییە و چەندان دامەزراوەی ئەتۆمی و ناوەندی لێکۆڵینەوەی هەیە. هەرچەندە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی پێشتر لە فەتوایەکدا بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی بە حەرام ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئێران لە چەند مانگی ڕابردوودا هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە "ئەگەر بوونی ئێران بکەوێتە مەترسییەوە" دوکتۆرینی ئەتۆمیی خۆی دەگۆڕێت.

**سەرچاوە:**

-1
https://parsi.euronews.com/2024/10/26/how-was-israel-able-to-attack-iran-with-10

0-fighters-from-1700-km-away

-2
https://www.aljazeera.com/news/2024/10/2/iran-and-israel-what-are-their-attack-and-defence-capabilities

-3
https://www.indiatoday.in/world/story/israel-100-fighter-jets-lethal-missiles-strike-iran-military-drone-facilities-2623559-2024-10-26

-4
https://www.sipri.org/publications/2024/sipri-fact-sheets/trends-world-military-expenditure-2023

-5 https://www.independentpersian.com/node/410573/سیاسی-و-اجتماعی/ایران-و-اسرائیل؛-توان-تهاجمی-و-دفاعی-هرکدام-چقدر-است؟

---

# هەوڵەکانی نووسینی دەستوورێکی نوێ و، دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

گۆڕینی دەستوور و دەرکەوتنی ئاماژەکانی دەستپێکردنەوەی گەڕێکی نوێی کرانەوە بەڕووی دانوستان و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، بوونەتە بابەتی ڕۆژەڤی ئەم دواییە. بێ گومان دوای ئەوەی لە نێوان ساڵانی 2009 تا 2014 هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستان شکستی هێنا، متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی تورکیا لاواز بوو. دوای ئەم چەند ساڵە دیسان لە ساڵی 2023وە بابەتی کرانەوە بەڕووی دانوستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە

تورکیا هاتۆتە ئارا، بەڵام ئەم جارەیان پێ ناچێت دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە وەکوو جاری پێشوو ئاسان بێت؛ چونکە سەرەتا متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەکان نەماوە و لە لایەکی دیکە ئیتر خەڵکیش زۆر بڕوای بەم هەنگاوانە نەماوە. سەرەڕای ئەمە، بۆچی ئەم بابەتە دووبارە لەگەڵ ئامادەکردنی دەستوورێکی مەدەنیی نوێ سەری هەڵدایەوە؟

هەوڵ دەدەین لەم بابەتەدا بە شێوەیەکی گشتی تیشک بخەینە سەر هەوڵەکانی دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و هەنگاوەکانی ئامادەکردنی دەستوورێکی مەدەنی لە تورکیا.

**ئایا تورکیا پێویستیی بە نووسینی دەستوورێکی نوێ هەیە؟**

دەستووری ساڵی 1982 تا ڕۆژگاری ئێستا، 24 جار لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە هەوڵ دراوە بۆ هەموارکردنەوەی، بەڵام تەنیا 19 جار توانراوە دەستوورەکە هەموار بکرێتەوە. گرنگترین ئەو خاڵانەی کە تیایدا دەستووری ساڵی 1982 هەموار کراوەتەوە، هەموارەکەی ساڵانی (1995، 2001، 2004) دەربارەی ئەو بابەتانە بوو کە لە چوارچێوەی ماددەکانی ماف و ئازادییە گشتییەکان بوو. ئەوەی تر کە لە ساڵی 2010 ئەنجام درا، سەبارەت بە دادگە و ئازادییەکان بوو. بەڵام لە هەمووان گرنکتر ئەوەی ساڵی 2017 بوو کە تایبەت بوو بە ماددەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن. بەم شێوەیە بەشێکی گرنگی دەستووری ساڵی 1982 هەموار کراوە و گۆڕاوە؛ ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کە دەستوورەکەی ئەمڕۆ، جیاوازیی زۆری بەسەردا هاتووە بەراورد بەو شێوازەی کە یەکەم جار قبووڵ و ئامادە کرابوو.

پاش هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دەستووری تورکیادا کراوە، ئایا تورکیا ئێستا پێویستیی بە دووبارە نووسینەوەی دەستوور هەیە بۆ ئەوەی شوێنی ئەوەی ئێستا بگرێتەوە؟ چونکە سەرەڕای ئەوەی گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە بەڵام نزیکەی نیوەی ماددەکانی نەگۆڕدراوە. بۆیە دەبینین حزب و لایەنە سیاسییەکانی تورکیا بەگشتی، هاوڕان لەسەر ئەوەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەسەر دەستووری ئێستادا بکرێت یاخود بەتەواوەتی دەستوورێکی نوێ بنووسرێت. بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان بۆچوون و تێڕوانینی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە دەربارەی جۆری ئەو دەستوورەی کە پێویستە ئامادە بکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە تێڕوانین و بۆچوونی لایەنە سیاسییەکانی تورکیا بەرامبەر بە پرۆسەکە بخەینە ڕوو:

سەرەتا حزبی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی)، لەگەڵ حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە)، کە هاوپەیمانی سەرەکییەتی لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttifakı) جەخت لەسەر نووسینی دەستوورێکی نوێ و مەدەنی کە لەگەڵ قۆناغی ئێستادا گونجاو بێت، دەکاتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا چەندان ساڵە ئەم دوو لایەنە کار لەسەر ئەوە دەکەن دەستوورێك ئامادە بکەن کە گەرەنتیی بەردەوامبوونیان بکات لە مانەوە لە دەسەڵات، چونکە "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" سەرۆککۆماری تورکیا، بۆ سێ خوڵ (2003–2014) بوو بە سەرۆکوەزیران. دوای ئەم قۆناغە ئەردۆغان بەجددی کاری لەسەر گۆڕینی سیستەمی سیاسیی وڵات کرد بە مەبەستی دووبارە گرتنبەری پۆستە سیادییەکانی وڵات و، بۆ ئەم مەبەستەیش توانیی لە ساڵی 2017 پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سیستەمی سیاسی وڵات لە پەرلەمانییەوە بگۆڕێت بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی. لە ساڵی 2014وە ئەردۆغان توانیی ببێت بە سەرۆککۆمار و تا ئێستایش بەردەوامە لەسەر ئەم ئەرکەی خۆی.

دوای ئەوەی ئەردۆغان بۆ سێ خول لە دوای یەك، بوو بە سەرۆككۆماریش، ئێستا لە دەرچەیەك دەگەڕێ بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدات بۆ جاری چوارەم بتوانێت ببێت بە سەرۆككۆمار. بەپێی گۆڕانكارییە دەستوورییەكانی ساڵی 2007 كە لە ئەنجامی ڕیفراندۆمەوە بڕیاری لە بارەوە درا، سەرۆككۆمار بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاری دەكرێت. بۆیە خولی (2014–2018) كە لەسەر بنەمای گۆڕانكارییەكانی دەستووری ساڵی (2007) ئەنجام درابوو، بە خولێك بۆی هەژمار نەكرا لە دوای ساڵی 2018.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانەی سەرەوە، ئەردۆغان بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی كاندید بكات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی كۆماری ساڵی 2028، دوو ڕێگەی یاسایی لەبەردەم هەیە كە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**یەكەم:** هەڵبژاردنی پێشوەختەە ئەنجام بدرێت و ئەم بڕیارەیش دەبێ لەلایەن پەرلەمانی توركیاوە بدرێت. بەپێی ماددەی 116ی دەستووری توركیا، بۆ ئەوەی ئەردۆغان بتوانێ خۆی بۆ ساڵی 2028 كاندید بكات، ئەوە پێویستیی بە دەنگی سێ لەسەر پێنجی كۆی گشتیی ئەندامانی پەرلەمانی توركیا هەیە. بەپێی ئەوەیش كە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی توركیا بریتییە لە 600 ئەندام، ئەردۆغان پێویستیی بە دەنگی 360 ئەندام هەیە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەە بدرێت. بەڵام ژمارەی كورسییەكانی ئاك پارتی و مەهەپە بریتییە لە 316 كورسی كە بەم ژمارەیە ناتوانرێت بەتەنیا لەلایەن ئاك پارتی و مەهەپەوە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بدرێت.

لەبەر ئەم هۆكارەیە، دەكرێ بڵێین لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆن زەحمەتە ڕازی بن لە نیوەی دووەمی ساڵی 2027 پەرلەمانی توركیا بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بدات. هەر لەم نێوەندەدا سەرۆكی حزبی كۆماری گەل (ئۆزگور ئۆزەل - Özgür Özel) دەربارەی هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕای گەیاند: "**با لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2025 بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بدەین. ئەمە دەرفەت دەداتە ئەردۆغان بۆ ئەوەی جارێكی دیكە خۆی بۆ سەرۆكایەتیی كۆمار كاندید بكات. ئێمە ئەمە پێشنیار دەكەین لەبەر ئەوەی نامانەوێ بڵێن نەتانتوانی لە ئەردۆدغان ببەنەوە. ئامانجی ئێمە بەدەستهێنانی سەركەوتنە دژی ئەردۆغان و، دەمانەوێ بەم شێوەیە ئەردۆغان بنێرینەوە.**" پێ ناچێت ئەردۆغان بەم پێشنیارەی ئۆزەل ڕازی بێت و لەوانەیە جێبەجێكردنی ئەم بژاردەیە هەندێك زەحمەت بێت.

**دووەم:** ڕێگەی دووەم بۆ ئەوەی ئەردۆغان بتوانێت لە ساڵی 2028 خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیی كۆمار كاندید بكات، ئەنجامدانی گۆڕانكارییە لە دەستوور. بۆیە دەبینین دەمێكە ئەردۆغان كار بۆ ئەم خاڵە دەكات و بەجددی هەوڵی بۆ دەدات. بۆیە دەتوانین بڵێین یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی پێشنیاركردنی نووسینی دەستوورێكی نوێ بۆ توركیا لەژێر دروشمە جیاجیاكاندا، بریتییە لەوەی كە بەپێی دەستوور ڕێگە بۆ ئەردۆغان خۆش بكرێت بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ جارێكی دیكە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیی كۆمار كاندید بكات. بۆیە بیرۆكەی نووسینی دەستوورێكی نوێ، زیاتر لێرەوە سەری هەڵداوەتەوە؛ بەڵام ئامادەكردنی دەستوورێكی نوێ كارێكی زۆر ئاسان نییە، بەتایبەت لایەنە سیاسییەكان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی دەستوورە نوێیەكە.

بەرامبەر ئەمە گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن، حزبی گەلی كۆماریی (جەهەپە) كە لە دوایین هەڵبژاردنی

شارەوانییەکان بو بە حزبی یەکەمی تورکیا، تێروانین و بۆچوونی بۆ بابەتی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ جیاوازە. واتا ئەو بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نییە دەستوورەکە بە شێوازێك ئامادە بکرێت ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەردۆغان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار کاندید بکات. ئەوەی جەهەپە داوای دەکات لە دەستوورە نوێیەکە جێگیر بێت، "سیستەمی پەرلەمانیی بەهێزکراو"ە (Güçlendirilmiş Parlamenter Sistemi). جگە لەمە یاریدەدەری سەرۆکی جەهەپە (گۆکچە گۆکچەن – Gökçe Gökçen) ڕای گەیاند "**چارەسەری کێشەکان بە گۆڕانکاری لە دەستوور ئەنجام نادرێن، بەڵکوو چارەسەر لە گۆڕینی دەسەڵاتە.**" لێرە مەبەستی گۆکچەن لە "**گۆڕینی دەسەڵات**" گۆڕینی سیستەمی سیاسییە لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانیی بەهێزکراو. هەر لە سەرووبەندی کاردانەوەکانی جەهەپە بەرامبەر هەوڵەکانی گۆڕینی دەستوور، سەرۆکی جەهەپە، ئۆزەل، دەربارەی چوار ماددەی یەکەمی دەستوور بۆچوونی حزبەکەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: "**ئەو دەستە دەشکێنین کە درێژ دەکرێتە سەر چوار ماددەی یەکەمی دەستوور.**" ئەمەیش بە واتای ئەوە دێت کە جەهەپە لە حاڵەتێك پشتگیری لە نووووسینی دەستووری نوێ دەکات، ئەگەر بۆچوون و تێڕوانینی حزبەکەی، کە جیاوازە لەگەڵ هاوپەیمانیی کۆمار سەبارەت بەم بابەتە، بەهەند وەربگیرێت.

لە لایەکی دیکە حزبی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi – DEM Parti) پشتگیری لە دەستوورێك دەکات کە بنیاتنانەوەی "تورکیایەکی دیموکراسی"ی لێ بکەوێتەوە؛ ئەم پەیامە لەلایەن هاوسەرۆکی دەم پارتی (تولای حاتم ئۆغلاری – Tülay Hatimoğulları)یەوە ڕاگەیەنرا؛ چونکە دەم پارتییش بە هەمان شێوە دژایەتیی تەواوی ئەو دەستوورە دەکات کە لەلایەن کودەتاچییەکانەوە دانراوە. جگە لەمە ئەم حزبە لەگەڵ ئەوەدایە کە پێویستە گۆڕانکارییەکە چوار ماددەی یەکەمی دەستوورەکەیش بگرێتەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کەوا لە ڕاستیدا تورکیا پێویستیی بە دەستوورێکی مەدەنی و دیموکراسی هەیە، بەڵام ئەم بابەتە لەلایەن سەرجەم لایەنە سیاسییەکانەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنرێت. بۆیە کۆکردنەوەی سەرجەم لایەنەکان لە چوارچێوەی خاڵێکی هاوبەش هەندێك ئەستەمە؛ لەبەر ئەمە سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا "نوعمان قورتولموش" (Numan Kurtulmuş) کە لەلایەن ئەردۆغانەوە ئەرکی بەیەکگەیاندنی لایەنەکانی لە چوارچێوەی خاڵە هاوبەشەکاندا پێ سپێردراوە، ئەستەمە لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەیدا سەرکەوتوو بێت.

**ئایا پرۆسەی ئاشتی یاخود کرانەوە بەڕووی دانوستانەکاندا لەگەڵ کورد دووبارە دەست پێ دەکاتەوە؟**

دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی کە ئاك پارتی لە ساڵانی ڕابردوودا دەستی پێ کرد و دواتر هەر خۆیشی کۆتاییی پێ هێنا، بۆتە ڕۆژەڤێکی گەرمی ئێستای تورکیا؛ بەتایبەت لەگەڵ بابەتی نووسینی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا، خراوەتە بەر باس و، لایەنە سیاسییەکان لێدوانی گرنگیان لەم بارەیەوە داوە. لێرە ئەم دوو پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: **ئایا هەوڵە نوێیەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا جددین ئایا لایەنە سیاسییەکان بە دوای پێکانی ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتییەوەن بۆ ئەم بابەتە**

بۆ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە، دەکرێ ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** دۆزی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە تورکیا چەندان ساڵە لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە بە مەبەستی بەرژەوەندیی تەسکی خۆیانەوە، بەکار دەهێندرێت. دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا تا ئێستا هیچ لایەنێکی سیاسی دەرنەکەوتووە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکات، بەڵکوو هەر لایەك بەپێی توانای خۆی هەوڵی داوە ڕێژەیەکی باشی دەنگی دەنگدەری کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکات و، هەندێك لایەنیش لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بوونە. بۆیە دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەم هەوڵانەی دوایی دەربارەی ئەم بابەتە، زیاتر بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ڕێژەی دەنگی دەنگدەری کوردە، یاخود لایەنی کەم لاوازکردنی لایەنە سیاسییە کوردییەکان بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نەبێت. بۆ نموونە ئاك پارتی هەوڵ دەدات زۆرترین دەنگی دەنگدەری کورد مسۆگەر بکات و لە هەمان کاتیشدا کار بۆ ئەوە دەکات ئەگەر نەیشتوانی دەنگەکان مسۆگەر بکات، ئەوە هەوڵ دەدات لایەنە کوردییەکان لاواز بکات. چونکە دەنگی کورد لە هەڵبژاردنەکان یەکلاییکەرەوەیە و ئەمەیش بەتایبەت لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا زۆر بەڕوونی بەدەرکەوت، کە لە ئەنجامدا جەهەپە توانیی بە پاڵپشتیی دەنگدەری کورد لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی شارەوانییەکانی گەورە شارەکانی وەکوو ئیستانبووڵ و ئەنقەرە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

**دووەم:** ناسەقامگیرییەکی بەرچاو لەسەر ئاستی هەرێمی بەدی دەکرێت؛ بەتایبەت گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران کە پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر مەترسیدار و ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی سەخت و توند لە ئارادایە. ئیسرائیل زۆر بەڕوونی و ئاشکرا هەڕەشەی لە سەرجەم وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی کرد. لەم چوارچێوەیەدا سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهۆ ڕای گەیاند "**هیچ شوێنێك نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانین بیگەینێ.**" هەروەها نەتانیاهۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کەوا دووبارە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکێشنەوە. ئەم هەڕەشانەی نەتانیاهۆ هەواڵدەری ناسەقامگیرییەکی دیکەیە لە ناوچەکەدا. بۆیە تورکیا نایەوێ لەسەر ئاستی ناوخۆ زیاتر دووچاری کێشە و گرفت ببێتەوە، چونکە خۆی بەدەست قەیرانی ئابووری و داراییەوە دەناڵێنێت؛ ڕووە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکەیش بێتە سەر، ئەوە لەسەر ئاستی ناوخۆدا تووشی قەیرانێکی فراوانتر دەبێتەوە.

لەم بەینەدا، بەتایبەت بەرپرسانی هاوپەیمانیی کۆمار، دووبارە بابەتی دەستپێکردنەوەی "ئاشتەوایی نیشتمانی"یان خستۆتە ڕوو؛ تەنانەت ئەم جارەیان توندڕەوترین حزبی سیاسیی تورکی لە ڕووی نەتەوەییەوە، دەستپێشخەرییەکی بێوێنە و مێژوویی کرد لە تورکیا و، دەوڵەت باخچەلی (Devlet Bahçeli) سەرۆکی مەهەپە لە ڕێکەوتی 22ی ئۆکتۆبەر لە میانەی ئەو وتەیەی کە لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی حزبەکەی پێشکەشی کرد، پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئۆجەلان بێتە پەرلەمانی تورکیا و ڕابگەیەنێت کە "**تیرۆر بەتەواوی کۆتایی هاتووە و هاوار بکات و بڵێت ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە (پەکەکە) هەڵوەشێندراوەتەوە. ئەگەر ئەو زیرەکی و پێداگرییەکی وەها نیشان بدات، دەکرێت دەرفەتی بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی یاسادا سوود لە مافی هیوا وەربگرێت. ئێمەیش ئەوکات بەتەواوەتی پشتیوانی لە دەرچوواندنی یاسای مافی هیوا دەکەین بۆ ئەوەی ئاشتی بە شێوەیەکی بەردەوام لە وڵاتدا بەرقەرار بێت.**" ئەمە پێشهاتەیەکی زۆر گرنگە چونکە هەر ئەم باخچەلییە بوو لە ساڵانی ڕابردوودا داوای لە ئاك پارتی دەکرد، ئۆجەلان لەسێدارە بدرێت و تەنانەت لە گۆڕەپانەکاندا پەتی لەسێدارەدانی بۆ ئەردۆغان فڕێ دا و پێی وت "**پارەت هەیە کەشتی بۆ کوڕەکەت بکڕی بەڵام پارەت نییە پەتی سێدارە بکڕی! فەرموو، ئەوە من پەتی سێدارەکەت دەدەمێ.**" بەڵام بارودۆخی ئێستای ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی وایان لە باخچەلی کردووە، کە بیرۆکە و تێڕوانینی بەتەواوەتی لەم بارەیەوە بگۆڕدرێ.

کەواتە هۆکاریکی دیکە بۆ ئەوەی ئەردۆغان و باخچەڵی ئەم هەنگاوە بنێن، خراپی و نالەباریی بارودۆخی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییە.

**سێیەم:** تورکیا، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ڕووبەرووی قەیرانێکی دارایی و ئابووریی سەخت بۆتەوە و ئاسەوارەکانی ئەم قەیرانە زۆر بەڕوونی بەدەرکەوتووە و، ئەمەیش وای لە خەڵك کردووە لە بارودۆخی ئێستا بێزار بن و لەگەڵ ئەنجامدانی گۆڕانکاریدا بن. هەروەها نەوەیەکی نوێ پێ گەیشتووە کە بەها نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینییشیان لا بەقەدەر "خۆشگوزەرانیی ژیان"، گرنگ نییە و پێداویستیی ئەم نەوە نوێیە زۆر جیاوازە لەوانەی ڕابردوو. سەرجەم ئەم هۆکارانە وایان لە لایەنەکانی هاوپەیمانیی کۆمار کردووە دووبارە بیر لە ئاشتەواییەکی نیشتمانی بکەنەوە و خۆیان لانی کەم لە دەنگدەری کورد نزیك بکەنەوە، چونکە بەپێی دوایین ڕاپرسییەکان ڕێژەی دەنگەکانی هاوپەیمانیی کۆمار و بەتایبەت ئاك پارتی و ئەردۆغان، دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین، دەکرێ هەندێك هەنگاو بنرێت لەم بوارەدا و وەکوو جاری پێشوو بۆ ماوەیەکی باش خەڵك و لایەنەکان بەمەوە سەرقاڵ بکرێن؛ بەڵام بابەتەکە لەوانەیە لە ڕواڵەتدا بمێنێتەوە و لە ناوەڕۆکدا ئەنجامێکی وای لێ سەوز نەبێت کە بتوانرێ بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری دۆزی کوردی پێ بکرێت.

**کۆبەند**

نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ و مەدەنی و دیموکراسی لە تورکیا، پێداویستییەکی گرنگی لایەنە سیاسییەکانە و، تەنانەت خەڵکیش لەگەڵ ئامادەکردنی دەستوورێکی پێشکەوتوو و دیموکراسیدان، چونکە ئەم دەستوورەی ئێستا لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازییەوە ئامادە کراوە و تا ئێستا گۆڕانکاریی زۆری لەسەر کراوە و وای لێ هاتووە جۆرە بچڕان و ناڕێکییەك لە نێوان بابەت و ماددەکانیدا دروست ببێت. بەڵام ئەم بابەتەیش لەلایەن حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنرێت؛ هەر یەك لەم لایەنە سیاسییانە کار بۆ ئەوە دەکەن دەستوورەکە بەپێی بۆچوون و تێڕوانینی ئەوان بنووسرێت. ئەمەیش خاڵێکی زۆر مەترسیدارە و دەبێتە بەربەستێکی سەرەکی بەرامبەر نووسینی دەستوورێکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ. بۆیە ئەگەر زۆرینەی لایەنەکان لە ئەنجامی سەودا و سەفەقاتی سیاسی بگەنە ڕێککەوتنیش، ئەوە چاوەڕوان ناکرێت دەستوورێك بەپێی ستانداردێکی نێودەوڵەتیی هاوچەرخ و دیموکراسی ئامادە بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە هۆکاری سەرەکیی هەوڵەکانی کرانەوە بەڕووی پرۆسەی ئاشتی، زیاتر ئامانجی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی دەنگدەری کوردە لە بری ئەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە، چونکە پێش هەموو شتێك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کە متمانە لە نێوان لایەنەکان لە ئاستی پێویستدا نییە. ئەزموونی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە ئەم لایەنانە ئیرادەیەکی ڕاستەقینەیان نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەڵکوو لە مێژووی سیاسیی تورکیا بەردەوام کار لەسەر ئەوە کراوە ڕێگەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە ڕێرەوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەربهێنرێت؛ هەم لەلایەن ئەوانەی کە خۆیان بە نوێنەری کورد دەناسێنن و هەمیش لەلایەن لایەنەکانی دەسەڵاتدار و بڕیاربەدەستەکان.

بۆیە ئەگەر هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی سەر بگرێ، لەوانەیە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت

بەردەوام بێت، بەڵام لە بنەڕەتدا گرفتەکە چارەسەر نەکات، چونکە نە لایەنی کوردی، نە لایەنی دەسەڵات و نە ئۆپۆزیسیۆن جددی نین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ دۆزی کورد. بۆ نموونە دەستبەسەرکردنی سەڵاحەددین دەمیرتاش و ئاراستەکردنی چەندان تۆمەتی جیاواز بۆی، تەنیا بەڵگەیەکی سادە و بەرچاوە کە بانگەشەکانی دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی ناوەڕۆکەکەی هیچ لەخۆ ناگرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕاستەقینە بۆ دۆزی کورد لە تورکیا؛ لە کاتێکدا تەنانەت ئەردۆغان و باخچەلی دان بەوەدا نانێن کە شتێك بە ناوی "پرسی کورد" هەبێت.

---

# ئایا ئێران و ئیسرائیل لە لێواری جەنگێکی تەواودان؟

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی:** پێنووس

لەم چەند ڕۆژەدا بنیامین نەتانیاهۆ وتی: "گەلی ئێران زووتر لەوەی بیری لێ دەکەنەوە، لەدەست حکوومەتەکەیان ڕزگاریان دەبێت." زۆر کەس ئەم قسانەیان بە سەرووتر لە ڕیتۆریکی سیاسیی ئاسایی دەزانی. پێش ئەوە ڕێبەری ئێران ڕای گەیاندبوو کە "ڕووداوێکی هاوشێوەی جەنگی ئێران و عێراق لە فەلەستین و لوبنان ڕوو دەدات." بنیامین نەتانیاهۆ لە پەیامێکدا بۆ گەلی ئێران، ڕۆژانی داهاتووی بە "ساتێکی گرنگ" ناو بردبوو و ڕای گەیاندبوو کە حکوومەتی ئێران گەلەکەی گەیاندووەتە لێواری "ڕووخان". ئەم وتانەی نەتانیاهۆ دوای ئەوە هات کە ناسر کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی: "دەستدرێژی" بۆ سەر خاکی ئێران بەو مانایەیە کە "ئەگەر هەلومەرجەکە پێویستی پێی بێت و ئەگەر کاتی هات، ئێمە تا خودی قودس بەردەوام دەبین."

مەبەستی کەنعانی، ئاماژەدان بوو بە ئۆپەراسیۆنی "بیت‌المقدس" کە بووە هۆی ئازادکردنی شاری خوڕەمشەهر لە (ئایاری ١٩٨٢). هەر دوای ئازادکردنی خوڕەمشەهر بوو کە ئیسرائیل هێرشی کردە سەر لوبنان و دواتر ئایەتوڵڵا خامنەیی، سەرۆککۆماری ئەو کاتەی ئێران، داوای لە موحسین ڕەزایی، فەرماندەی ئەو کاتەی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی کرد ژمارەیەک هێزی ئێرانی ڕەوانەی ناوچەکە بکات بۆ پشتیوانی لە لوبنان. بەڵام بە دژایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، لیوای ٢٧ی محەمەد ڕەسولوڵڵای تاران کە چووبووە دیمەشق، گەڕایەوە ئێران.

دوای 26 ساڵ و لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی 2006، ئەم جارەیان ئایەتوڵڵا خامنەیی، وەک ڕێبەری ئێران، کە ئاسۆی سەرکەوتنی لە شەڕی 33 ڕۆژەدا نەبینیبوو، بەنهێنی داوای لە قاسم سولەیمانی کرد پشتیوانیی لوبنان بکات. فەرماندەی سوپای قودس کە لە ناوەڕاستی هێرشی ئیسرائیل بۆ پێدانی

ڕاپۆرت و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی گەڕابووەوە بۆ ئێران، جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ لوبنان.

ئێستا دوای ١٨ ساڵ، هەر لەو ڕۆژەی کە ئیسرائیل خەریک بوو هێرشێکی زەمینی بکاتە سەر لوبنان، ئێران هێرشەکەی دەست پێ کرد. ئەمە سێیەم جارە کە ئایەتوڵڵا خامنەیی بڕیار دەدات لە یەک کاتدا لەگەڵ هێرشی زەمینیی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان، ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببێتەوە. ئایەتوڵڵا خامنەیی لە دوایین وتارەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە بارودۆخەکە هاوشێوەی یەکەمین جەنگی ئێران و عێراقە و ئیسرائیل "زۆرترین چەکی" هەیە.

**چارەنووسی "میحوەری بەرخۆدان (موقاوەمە)"؛ سەرانی ئێران و ئیسرائیل بەڵێنی سەرکەوتنیان داوە**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و بە لێدانی بێوێنە و تیرۆرکردنی سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی دوژمنە نزیکەکانی، واتە حەماس و حزبوڵڵا، ئیسرائیل بە بەراورد بە ساڵێک لەمەوبەر متمانەیەکی بەرزی بە خۆی بەدەست هێنابوو. لە دەیەی ڕابردوودا، هەر جارێک کە مەترسیی جەنگی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا بەرز دەبووەوە، بە مانای ڕاگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی هاوپەیمان و چەکدارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەم جارەیان سیناریۆیەکی جیاواز ڕووی داوە؛ گرووپە سەرەکییەکانی "میحوەری بەرخۆدان" لە ئێستاوە خەریکی شەڕێکن بە تێچوویەکی بەرز. ئیسرائیل سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی بزووتنەوەی حەماس و حزبوڵڵای لوبنان، دوو لە دوژمنە نزیکەکانی، ئیسماعیل هەنییە و محەمەد زەیف، سەرکردەکانی باڵی سیاسیی حەماس، هەروەها حەسەن نەسروڵڵا و فوئاد شوکر، سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی حزبوڵڵای لوبنانی کوشتووە.

تەنانەت زۆرێک لە ناوخۆی ئیسرائیل هێرشەکەی حەوتی ئۆکتۆبەری حەماسیان بە "شکستێکی ئەمنی"ی کارەساتبار بۆ ئیسرائیل وەسف کرد. بەڵام دوای نزیکەی ساڵێک و تەنیا لە ماوەی هەشت ڕۆژدا، ئەو زنجیرە ڕووداوانەی کە بە تەقینەوەی پەیجەرەکان دەستی پێ کرد و تا کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا بەردەوام بوو، ئیسرائیل هەوڵی دا ئەم وێنەیە بگەڕێنێتەوە. لە سەرەتای دروستبوونی ئەو شتەی کە پێی دەوترێت "میحوەری بەرخۆدان" یان "هیلالی شیعی"، ئیعتباری ئەم هاوپەیمانییە تا ئەو ڕاددەیە نەخراوبووە بەر تەحەددا. ڕێکخراوی سیاسی و سەربازیی حزبوڵڵا کە تەمەنی ٤٠ ساڵە، لەنێو گرووپەکانی دیکەی "میحوەری بەرخۆدان"دا بە خاوەن بەهێزترین کەرەستە و چەک ناسرابوو.

قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سوپای پاسداران، لە یەکەم و دوا چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە شەڕی ٣٣ ڕۆژەی ساڵی ٢٠٠٦ ڕای گەیاندبوو، ئیسرائیل بۆ ئەوەی خۆی لە هێرشی زەمینی بۆ سەر لوبنان بەدوور بگرێت، بەنیاز بوو هێزەکانی حزبوڵڵا لەکار بخات و ئەمەیش بە بۆردوومانی وردی ئاسمانی و " کوشتنی سەرکردەکانی حزبوڵڵا" و لەناوبردنی توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵا" و، هەروەها لە ڕێگەی "کۆچپێکردنی شیعەکانی لایەنگری حزبوڵڵا "، تواناکانیان بگەیەنێتە خاڵی سفر.

لەو شەڕەدا، عیماد موغنییە و حەسەن نەسروڵڵا، سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی حزبوڵڵا، ڕزگاریان بوو و تەنانەت بەهێزتر لە جاران خۆیان ڕێک خستەوە. بەڵام ئەم جارەیان بە وتەی بەرپرسانی ئیسرائیل، زۆرێک لە ئامانجەکانی ئیسرائیل لە پێکدادان لەگەڵ حزبوڵڵادا بەدی هاتووە: "چەکە پێشکەوتووەکانی ئێران

که لەدەستی حزبوڵڵادا بوو، لەناو بردران و فەرماندەکانیش کوژران" و تەنانەت بە وتەی سەرۆکوەزیرانی لوبنان، گەورەترین قەیرانی ئاوارەبوون، بەتایبەت بۆ دانیشتووانی شیعە کە دەکەوێتە باشووری لوبنان، هاتۆتە ئاراوە. بەڵام دیسانەوە ئیسرائیل بڕیاری داوە لەشکرکێشییەکی زەمینی ئەنجام بدات کە بە وتەی خۆی "سنووردارە".

ئیسرائیل کە ئێستا ورەی بەرزە و متمانەی زۆری بە خۆی هەیە، دەزانێت کە لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی تەواو لەگەڵ ئێراندا، پشتیوانیی ئاشکرای هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی هەیە. لە ئێستادا لە بێدەنگیی درێژخایەنی وڵاتانی ناوچەکەدا، ڕۆژانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر پەیوەستە بە بڕیاری ڕێبەرانی ئێران و ئیسرائیلەوە نەک بە هەوڵە دیپلۆماسییە شکستخواردووەکان. هەروەها لە ئەگەری ڕوودانی جەنگدا، "حکوومەتی کۆماری ئیسلامی" و "ئێران" لێك جیا ناکرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٦٧ کاتێک شەڕی شەش ڕۆژەی ئیسرائیل لەگەڵ ئوردن و سووریا و میسر کۆتایی هات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ڕوخسارێکی جیاوازی بەخۆیەوە بینی. جگە لە لەدەستدانی قودسی ڕۆژهەڵات و کەرتی ڕۆژاوا و بەرزاییەکانی جۆلان، شکستی وڵاتانی عەرەبییش مانایەکی دیکەی هەبوو: سەرەتای کۆتاییهاتنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە دژەکۆلۆنیالیستەکان و ئەو ڕەوتەی کە بە حزبەکانی "بەعس" و "ناسریزم" گەیشتبووە لووتکە. بەڵام پێ دەچێت شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانانی ئێران لە "میحوەری بەرخۆدان"، بۆ ئیسرائیل زۆر درێژتر بووبێتەوە. هێرشە مووشەکییە بەرفراوانەکەی سوپای پاسداران بۆ سەر ئیسرائیل دەتوانێت سەرکەوتنە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل پەردەپۆش بکات و بیخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە. هەرچەندە، زنجیرەی تیرۆرکردنی فەرماندەکانی حزبوڵڵا و حەماس بەهۆی هێرشی سوپای پاسداران وەستێنراوە، بەڵام ئاگری ململانێکان لەژێر خۆڵەمێشدا هەروا بەگەشاوەیی ماوەتەوە.

بێ گومان بۆ ئێران ئەوەی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕووی دا، بەتایبەتی لە لوبنان، زۆر دڵخۆشکەر نەبوو. بەڵام ئیسرائیل هێشتا بە تەواوی ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی لە جەنگەکەدا نەگەیشتووە. ئێستا هەردوو ڕێبەری ئێران و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بەڵێنی سەرکەوتنیان داوە. ئایا باسی جەنگێک دەکەن کە بەڕێوەیە؟

**هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل تا چەند سەرکەوتوو بوو؟**

لە کاتێکدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێرشە مووشەکییەکانی ١-١٠-٢٠٢٤ بۆ سەر خاکی ئیسرائیل ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی پێکاوە، ئیسرائیل دەڵێت زۆربەی مووشەکەکانی خستۆتە خوارەوەوە؛ بەڵام ئێران ناچار دەکات باجی ئەو هێرشە بدات.

هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کە بە وتەی بەرپرسانی سوپای پاسداران ٢٠٠ مووشەکی بالیستیک بووە، بووە هۆی ئەوەی زەنگی ئاگادارکردنەوە لە سەرتاسەری ئیسرائیل لێ بدرێت و ڕەنگی پرتەقاڵیی مووشەکەکان ئاسمانی بەشێک لە وڵاتەکە ڕووناک بکاتەوە. لەنێو ئەو بانگەشە دوولایەنەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، ئەستەمە بتوانین بزانین هێرشەکان چەندە سەرکەوتوو بوون و ئایا ئیسرائیل دەستبەجێ تۆڵەی خۆی دەکاتەوە یان نا.

**چەند مووشەک تەقێنراوە؟**

لە سەرەتادا هەواڵێک بڵاو بووەوە کە ٤٠٠ مووشەک لە ئێرانەوە ئاراستەی ئیسرائیل کراوە. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەرلەبەیانیی ٢-١٠-٢٠٢٤ دووسەد مووشەکیان پشتڕاست کردەوە. هاوکات ئیسرائیل ژمارەی مووشەکەکانی بە 180 مووشەک ڕاگەیاندووە. دوا بە دوای تەقاندنی ئەو مووشەکانە، زەنگی ئاگادارکردنەوە لە سەرتاسەری وڵات لێ درا و زۆربەی مووشەکەکان پێش ئەوەی بگەنە خاکەکەیان، لەلایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل یان هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و بریتانیاوە ڕێگرییان لێ کرا. فەڕەنساش ڕای گەیاندووە کە بەشداریی لە بەرپەرچدانەوەی ئەو مووشەکانەی کە لەلایەن ئێرانەوە هاوێژراوە، کردووە.

### مووشەکەکان بەرەو چ ئامانجێک ئاراستە کران؟

میدیای دەوڵەتی ئێران وێنەی ئەو مووشەکانەی کە ئاراستەی ئیسرائیل کران نیشان دا. سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی ڕای گەیاند کە مووشەکەکان چەند شوێنێکیان کردۆتە ئامانج، لەوانە "سێ بنکەی سەربازی" لە دەوروبەری تەلئەبیب و، بانگەشەی ئەوەیشیان کردووە کە لەسەدا ٩٠ی ئەو مووشەکانە "ئامانجەکانیان پێکاوە". محەممەد باقری، سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕای گەیاندووە، مووشەکەکانی ئێران بنکەی ئاسمانیی نەواتیم، بنکەی ئاسمانیی هاتریم و بارەگاکانی مۆسادیان کردۆتە ئامانج. ئیسرائیل ئەم بانگەشەیە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت تەنیا 20 مووشەک کەوتوونەتە سەرزەوی و ئەوانی دیکە ڕێگرییان لێ کراوە. ئێران لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای پاسداران بڵاوی کردۆتەوە، قسەکانی حوسێن سەلامی فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی سەبارەت بە ژمارەی ئەو مووشەکانەی کە ئامانجەکانیان پێکاوە، سانسۆر کردووە. لەم گرتە ڤیدیۆییەدا، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران، دەڵێت: "جەنابی دکتۆر! بە فەزڵی خودا لە کۆی ٢٠٠ مووشەک کە تەقێندرا....... سەرکەوتوو بوو."

کاربەدەستانی ئیسرائیل پێشتر ڕایان گەیاندبوو کە سیستەمی سەربازیی "قوبەی ئاسنین" لەسەر بنەمای ئەلگۆریتمێکی ئاڵۆز کار دەکات کە مەترسیی مووشەکەکان بە پشتبەستن بە شوێن و خاڵی لێدانی ئامانجەکان پێوانە دەکات. ئەمەیش بەو مانایەیە کە ئەگەر خاڵی بەرزەویکەوتنی مووشەکەکە، جگە لە ناوچە سەربازییەکان یان مەدەنییەکان دەستنیشان بکرێت (و بۆ نموونە ناوچەیەکی بێدانیشتوو یان بیابان بێت)، سیستەمی بەرگری وازی لێ دەهێنێ، چونکە بەئامانجگرتنی، پاساوی ئابووری و ئەمنیی نییە. هەروەها ئێران بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە هێرشەکەی شەوی ڕابردوودا بارەگای مۆساد، دەزگەی هەواڵگریی ئیسرائیلی کردووەتە ئامانج. بەڵام ئیسرائیل ئەمەی ڕەت کردۆتەوە و ڕای گەیاندووە کە بەشێک لە مووشەکەکان لەسەر زەوییەکی چۆڵ بەر زەوی کەوتووە. بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوەتەوە، تەنیا یەک مووشەک بەر زەوی کەوتووە و ئەوەیش بە دووریی 500 مەتر لە بینای ئەم بینایە.

### ئێران چ جۆرە مووشەکێکی تەقاندووە؟

دوێنێ ئێران ڕای گەیاند کە مووشەکی سەرووەدەنگ (Hypersonic)ی "فەتاح"ی بەکار هێناوە بۆ کردنەئامانجی دامەزراوە سەربازییەکان لە ئیسرائیل؛ ئەمەیش سەرکەوتوو بووە. هەروەها ئێران دوو بانگەشەی دژبەیەکی لەم بارەیەوە بڵاو کردۆتەوە؛ لە لایەک ئێران بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ڕێگریکردن

لە مووشەکی فەتاح ئەستەمە و، هەر بۆیەیش لە ئامانجە دیاریکراوەکانی داوە و، لە لایەکی دیکەیشەوە هەندێک میدیای نزیک لە سوپای پاسداران بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ هێرشە مووشەکییەکەی ئێران، سیستەمی دژەمووشەکی ئیسرائیل بەهۆی ئۆپەراسیۆنی ئەلیکترۆنیی ئێرانەوە لەکار کەوتووە. بەڵام ئەم ئیدیعایانە لەلایەن ئیسرائیلەوە جێی مشتومڕ بوون و ئیسرائیلیش دەڵێت زۆربەی ئەو مووشەکانەی کە ئاراستە کراون ڕێگرییان لێ کردووە. هەروەها، بەرپرسانی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە فەتاح مووشەکێکی هایپەرسۆنیکە و مەودای ١٤٠٠ کم و خێراییەکی لە نێوان ١٣-١٥ "ماخ" (Mach-Zahl) دەبێت. بەپێی میدیاکانی ئێران، ناوی ئەم مووشەکە لەلایەن عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی تایبەت هەڵبژێردراوە.

**قوربانییەکان و زیانەکانەکانی هێرشەکە**

ئیسرائیل ڕای گەیاندووە کە لەم هێرشانەدا فەلەستینییەک کوژراوە و سێ کەسی دیکەیش بریندار بوون. بە گوێرەی گرتەیەکی سی سی تی ڤی کە لە سۆشیال میدیا بڵاو کراوەتەوە، پاشماوەی مووشەکێکی بالیستیک کەوتۆتە سەر کەسێک کە لە شاری ئەریکۆ لە کەناری ڕۆژاوا بە پێ دەڕۆیشت و بەو هۆیەوە کەوتۆتە سەر سەری و کوشتوویەتی. لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل ئاماژەیان بەوە کرد، ئەو شەپۆلە شۆکانەی بەهۆی هێرشە مووشەکییەکەی ئێرانەوە دروست بوون، زیانیان بە ماڵەکان لە ناوەندی ئیسرائیل گەیاندووە. بەرپرسانی شارەوانیی شاری هۆد هاشارۆن، کە دەکەوێتە نزیک تەلئەبیب، وتوویانە کە هاوکاریی نزیکەی ١٠٠ ماڵی زیانلێکەوتوو دەکەن. بەڵام ئاماژەیان بەوەیش کردووە، کە هێرشەکە هیچ زیانێکی گەورەی بەدواوە نەبووە.

**بۆیە ئێستا پرسیار ئەوەیە کە، ڕەنگە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر چ ئامانجێک لە ئێران؟**

دوای هێرشە مووشەکییەکەی ١-١٠-٢٠٢٤ ئێران، ئیسرائیل جەختی لەوە کردەوە کە وەڵامی توند دەداتەوە. ئێران هۆکاری هێرشەکەی بۆ سەر ئیسرائیل، بە کاردانەوەی بۆ کوشتنی ئیسماعیل هەنییە، سەرۆکی حەماس و کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حزبوڵڵا لە لوبنان و عەباس نیلفرۆشان، یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای قودس ناو بردووە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی میدیاکانی ئیسرائیل، نزیکەی ١٨٠ مووشەکی ئێرانی چوونەتە ناو ئاسمانی وڵاتەکەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە پێ دەچێت بەشێک لەو مووشەکانەی ئێران ئاراستەی کردوون، پێش ئەوەی بگەنە ئیسرائیل لەلایەن وڵاتانی دیکەوە خراونەتە خوارەوە.

هێرشە مووشەکییەکەی ئێران ئێستا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە وەڵامی ئیسرائیل چی دەبێت. هاوکات تاران جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر ئیسرائیل کاردانەوەی هەبێت، وەڵامێکی "تێکشکێنەرتر" دەداتەوە. بەم شێوەیە ڕەنگە دوو وڵات بچنە ناو سووڕێکی هێرشی ئاسمانی و مووشەکی بۆ سەر خاکی یەکتر.

یەکێک لە بژاردە چاوەڕوانکراوەکانی ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر خاکی ئێران، دەتوانێت ئەو ناوەندانە بێت کە شەوی سێشەممە (١-١٠-٢٠٢٤) مووشەکەکان بەرەو ئیسرائیل لێیەوە هەڵدران. هەروەها ڕەنگە ئیسرائیل بیەوێت ژمارەیەک فەرماندە و هێزی بەشدار لە هێرشەکەدا بکاتە ئامانج. لێکۆڵینەوە لە کاردانەوەی دەسەڵاتداران و میدیاکانی ئیسرائیل دەری دەخات کە، وەڵامدانەوەی ئەو وڵاتە بۆ هێرشەکەی ئەم دواییەی ئێران، توندتر دەبێت لە وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بۆ هێرشێکی هاوشێوەی مانگی نیسانی ڕابردوو.

**سەرچاوەکان:**


- https://www.bbc.com
- https://www.axios.com
- https://parsi.euronews.com
- https://parsi.euronews.com